کتێبێکی تر
بۆ کوردستانی نوێ

له یادی 20 ساڵەی دەرچوونیدا

# کتێبێکی تر
# بۆ کوردستانی نوێ

## رابەری رۆژنامەی رۆژانەی راپەرین

نەوزاد عەلی ئەحمەد

سلێمانی 2012


- **کتێب:** کتێبێکی تر بۆ کوردستانی نوێ
- **نووسەر:** نەوزاد عەلی ئەحمەد
- **نەخشەسازی:** شۆرش ئەحمەد
- **بەرگ:** ئاوارە هیوا
- چاپی یەکەم- 2012
- **تیراژ:** (500) دانە
- **چاپ:** چاپخانەی شڤان
- لەبڵاوکراوەکانی رۆژنامەی کوردستانی نوێ

## ئەم کتێبەم پێشکەش بە؛

خاڵم "**خالید کێخوا حەسەن مێرخوزاری**" کە دووجار لە کاتی شەڕی ناوخۆدا بۆتە فریادڕەسم، خۆم و تەواوی ژمارەکانی کوردستانی نوێی دەرباز کردوون٠

با دێڕەکانی ئەم کتێبەم ببنە گوڵاڵە سوورەی سەرگۆڕەکەی٠

# پێشەکی

ساڵی **2001** کتێبێکم بە ناونیشانی "کوردستانی نوێ- یەکەمین ڕۆژنامەی ڕۆژانەی ڕاپەڕین" نووسی. ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ بە هەزار دانە چاپکرد و هەر زوو بووە جێ ی سەرنج و بۆچوونی خوێنەران و پسپۆرانی بواری ڕۆژنامەگەریی کوردی. دوای کردنەوەی بەشەکانی ڕۆژنامەگەریش لە زانکۆ و پەیمانگاکانی کوردستان، خوێندکاران گەلێك جار وەك سەرچاوە بەکاریان دەهێنا و سودیان لێوەردەگرت و تا بە ئەمڕۆش دەگات بۆتە سەرچاوەیەکی سوودمەند بۆ ئەو باسە زانستی و ئەکادیمیانەی کە سەبارەت بە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ دەنووسرێن. ستافی بەڕێوەبەری ڕۆژنامەکە چەند جارێك روویان لێنام کە چاپی بکەمەوە. نەبوونی کات ئەو فکرەیەی لەباربرد. لە دوو مانگی رابردوودا دوا بڕیارمدا کە کاتێك بدۆزمەوە و بە کتێبەکەدا بچمەوە و تەتەڵەی بکەم و لێی زیاد بکەم و بۆ چاپخانەی بنێرم. بەڵام دوای خوێندنەوەی هەستم کرد تەنیا دەکرێت دەقاودەق بەشی یەکەمی بە کەمکردن و زیادکردنەوە چاپ بکەمەوە و بۆ بەشەکانی تر پێویستە بە تەواوی دەستکاری بکەم و وشە و رستە بژێری بابەتەکان بکەم. دوای بڵاوبوونەوەی کتێبەکە و تا بە



ئەمڕۆش دەگات چەندان باس و وتار و بۆچوونی دیکەم سەبارەت بە ڕۆژنامەکە نووسیوە، ئەوانەشم بە دەستکارییەوە خستەسەری.

دوای ئامادەکردنی کتێبەکە بۆ چاپ، هەستم کرد تەنیا لە بەشی یەکەمدا لە کتیبەکەی پێشووم دەچێت، ئەگەرنا بەشەکانی تر شتیترن. هەر بۆیە بڕیارمدا ناوی لێ بنێم "کتێبێکی تر بۆ کوردستانی نوێ" زۆربەی هەرە زۆری بابەتەکانی دووتوێ ی ئەم کتێبە دەبن بە کلیل و سەرەداو بۆ ئەو کەسانەی کە لێکۆڵینەوە و بەدواداچوون بۆ ڕۆژنامەکە دەکەن و دەنووسن. کتێبەکە لە چەند بەشێك پێکهاتووە و لە هەر بەشێکدا لە بوارێك لە بوارەکانی ڕۆژنامەکە دواوم.

پێش کۆتایی ئەم چەند دێڕە پێویستە سوپاسی هاوڕێیانم لە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ؛ ستران عەبدوڵڵا سەرنووسەری ئێستا، کاوە محەمەد سەرنووسەری پێشوو، محەمەد کەریم سکرتێری نووسین، ڕۆزا دڵشاد مەریوانی ئەندامی دەستەی نووسەران، عومەر حوسێن بەرپرسی ئەرشیڤی ئەلیکترۆنی، مەریوان عەلی ئەندامی دەستەی نووسران و سەنگەر زرار لە بەشی وەرزشدا بکەم کە هەر یەکێکیان لە کاتی پێویستتدا بە زانیاری یارمەتیان داوم.

بۆ تەمەنی **20** ساڵەی دەرچوونی کوردستانی نوێ، ئەم کتێبەم دەکەمە دیاری و هیوادارم ڕۆژنامەکە بەردەوام بێت لەسەر گەیاندنی پەیامی پیشەیی خۆی.

**نەوزاد عەلی ئەحمەد**
هەولێر 2011-11-15

# بەشی یەکەم

## سەرەتا

لە پێناوی ئاوەڵاکردنی پەنجەرەیەک لەسەر مێژووی ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، وا بە چەند سەرەقەڵەمێک ڕۆشنایی دەخەمە سەر ئەو مێژووە. دەرکردنی ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانە وەک پڕۆژەیەکی نەتەوەیی و نیشتمانیی و حزبی هەر لە ڕۆژانی خەباتی شاخەوە گەلێک جار لە نێوان سەرکردایەتی و کادرەکانی ڕاگەیاندنی ناوەندی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بیری لێکراوەتەوە و گفتوگۆی نێوان هەڤاڵانی گەرم کردووە، وەک خۆزگەیەک خوازراوە کە ئەگەر ڕۆژێک لە ڕۆژان بچنەوە شارەکان، یاخود چاپخانەیەکی پێشکەوتوویان دەست بکەوێت و ڕۆژگاری خەبات لەباربێت ئەو پڕۆژەیە بخەنە سەر سکەی جێبەجێکردنەوە و ڕۆژنامەکە دەربکەن. ئەوەبوو هەر لەگەڵ ڕۆژە گەرم و بەجۆشەکانی ڕاپەڕینی 1991 دا ئەوە بیرۆکەیە خرایە سەر



کاغەز تا بە شێوەیەکی عەمەلی ئیشی بۆ بکرێت، بۆ ئەمەش بە گوێرەی ڕێنمایی و بەهۆی ناردنی بروسکەیەکی مام جەلال بڕیاری جێبەجێکردنی درا، لە هەولێر و سلێمانی دەست بە کۆبوونەوە کرا. لە هەولێر دوو دانیشتنی فراوان کرا، یەکێکیان بە سەرپەرشتی کاک کۆسرەت ڕەسووڵ عەلی و کۆبوونەوەی دووەم بەسەرپەرشتی کاک ئەرسەلان بایز، لە هەردوو کۆبوونەوەکەدا من بەشدار بووم. لە هەردوو کۆبوونەوەکەدا کۆمەڵێک ئەدیب و نووسەر و شارەزایانی بواری هونەری ئامادەبوون. لە شاری سلێمانیش بۆ هەمان مەبەست چەند دیدارێک ڕێکخرا.

دوای ئەوەی ستافێک بۆ ڕۆژنامەکە دیاری کرا، ڕۆژی 1992/1/12 ژمارە " سفر" ی خرایە ژێر چاپ و بڵاوکرایەوە و لێ ی نووسراوە " کوردستانی نوێ، یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دەریدەکات" و شاری هەولێر بووە بنکەی سەرەکی ڕۆژنامەکە و چاپخانەی ڕۆشنبیری دەسنیشان کرا بۆ چاپکردنی ڕۆژنامەکە. دەرکردنی ژمارە سفر تاقیکردنەوەیەکی سەخت بوو، زۆربەی هەرە زۆری ستافی ڕۆژنامەکە ڕۆژیان لە چاپخانە کردەوە، دوای 14 ڕۆژ پشوو بۆ دابەشکردنی کاروبارەکان بە کاری ئیداریشەوە،

رۆژی 1992/1/26 ژمارە " 1 " لە رۆژنامەی " کوردستانی نوێ" چاپ و بڵاوکرایەوە و وەک رۆژنامەیەکی رۆژانە دەستی بە دەرکردن کرد.

بۆ زانیاری زیاتری خوێنەران، کوردستانی نوێ یەکەمین رۆژنامەیە کە داوای مۆڵەتی دەرکردنی لە وەزارەتی رۆشنبیری حکومەتی هەرێمی کوردستان کردبێت و وەزارەتیش ژمارە "1" ی بە رۆژنامەکە داوە.

ئێستاش چەند سەرەقەڵەمێک دەنووسمەوە:

لە سەرەتادا تەنیا رۆژانی شەممە پشووی رۆژنامەکە بوو، واتە رۆژانی یەک شەممە، دووشەممە، سێ شەممە، چوارشەممە، پێنج شەممە و هەینی دەردەچوو.

سەرەتا بە 8 لاپەڕەی قەبارە تابلۆید دەردەچوو، بەڵام لە بۆنە تایبەتییەکاندا ژمارەی لاپەڕەکانی زیاد کراوە. پاشان ژمارەی لاپەڕەکانی کراوەتە 12 لاپەڕە و ئێستاش بە 24 لاپەڕە و هاوپێچ لەگەڵ چەند پاشکۆیەکی جیاوازدا دەردەچێت.

لە سەرەتادا لاپەڕەکانی بەم شێوەیە دابەشکرابوون:

لاپەڕە 1، بۆ هەواڵ.

لاپەڕە 2، بۆ کاروباری سیاسی.



لاپەڕە 3، بۆ لێکۆڵینەوە.

لاپەڕە 4 و 5، بۆ ڕێپۆرتاج و کاروباری ناوخۆ.

لاپەڕە 6، بۆ ئەدەب و رۆشنبیری گشتی.

لاپەڕە 7، بۆ وەرزش و ئاگاداری و پاشماوەی بابەتی لاپەڕەکانی پێشوو.

لاپەڕە 8، بۆ وردە بابەتی هەمەڕەنگ.

پێش ئەوەی رۆژنامەکە هەولێری پێ جێ بهێڵن و سلێمانی بکاتە سەنتەری ئۆفیسی سەرەکی خۆی، چەند جارێک لە هەولێر بە 12 لاپەڕە دەرچووە، بەڵام لە ساڵی 1999- ەوە تا ساڵی 2004 بە تەواوی بە 12 لاپەڕە دەرچووە، لاپەڕەکانی بەم شێوەیە دابەشکراون:

لاپەڕە 1، بۆ هەواڵ.

لاپەڕە 2، بۆ وتار و راپۆرتە هەواڵی سیاسی.

لاپەڕە 3، بۆ هەواڵی ناوخۆ.

لاپەڕە 4، بۆ کاروباری ناوخۆ.

لاپەڕە 5، بۆ ڕێپۆرتاج.

لاپەڕەکانی 6، 7 و 8، بۆ وتار و لێکدانەوەی سیاسی.

لاپەڕەکانی 9 و 10، بۆ لێکۆڵینەوە و بابەتی تایبەت بە بوارەکانی پەروەردە و کاروباری ژنان و مافی مرۆڤ و زانست و مێدیا و ئابووری و مێژوو.. هتد.

لاپەڕە 11، بۆ وەرزش و ئاگاداری.

لاپەڕە 12، بۆ وردە بابەتی هەمەڕەنگ.

ئەمە و لە دوای ساڵی 2005 ژمارەی لاپەڕەکانی دەکرێتە 16 لاپەڕە و جارێکی تر دابەشکردنی لاپەڕەکان گۆڕانکاریی تێدا دەکرێت، بەڵام لە کۆتاییەکانی ساڵی 2009 بە تەواوی شێوەی لاپەڕەکانی کوردستانی نوێ دەگۆڕدرێن و دەکرێت بە دوو ڕۆژنامەی جیاوازیی ڕۆژانە بەڵام لە یەک فۆرمی چاپ و هونەرکاریدا، ڕۆژنامەی یەکەم تایبەت دەکرێت بە هەواڵ و کاروباری سیاسی، فۆرمی دووەمی ڕۆژنامەکە تایبەت دەکرێت بە ڕۆشنبیری گشتی و بە گشتی ژمارەی لاپەڕەکانی دەکرێتە 24 لاپەڕە، زۆرجار بە پاشکۆکانییەوە ژمارەی لاپەڕەکانی دەگاتە 32 لاپەڕە. بەڵام لە ناوەڕاستەکانی ساڵی 2011 شێوازی دوو ڕۆژنامەیی بۆ یەک ڕۆژنامە گۆڕدرایەوە و وەک پێشووی لێکرایەوە. ئێستاش 6 ڕۆژ لە هەفتەیەکدا دەردەچێت. تەنیا ڕۆژی شەممە دەرناچێت.



## بەکارهێنانی ڕەنگ

لە ژمارە سفر تا 81 ڕەنگی ڕۆژنامەکە سپی و ڕەش و سوورە.

لە ژمارە 82 تا 94 ڕەنگی سپی و ڕەش و سەوز بەکارهاتووە.

لە ژمارە 95 تا 102 ڕەنگی سپی و ڕەش و سوور بەکارهاتووە.

پاش ماوەیەک زیاتر کار لەسەر ڕەنگی سەوز دەکرێت وەک سمبۆلی ڕەنگیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان ە تا ئێستاش بەردەوامە واتە ڕەنگی زاڵ ڕەنگی سەوزە. بەڵام لە بۆنە تایبەتییەکاندا لاپەڕەکانی 1 و دوالاپەڕە کراوەتە ڕەنگاوڕەنگ و ئەوە 5 ساڵ زیاتریشە کار لەسەر ڕەنگاوڕەنگی ڕۆژنامەکە دەکرێت بە تایبەتیش لاپەڕەکانی 1 و دوا لاپەڕە و دوو لاپەڕە لە ناوەوەدا ڕەنگاوڕەنگن. ئەمەو سەرەڕای دەرکردنی چەند پاشکۆیەکی ڕەنگاوڕەنگ.

## تایپ و فۆنتی ڕۆژنامەکە

لە سەرەتادا بە تایپی ئەلیکترۆنی لیزەری بابەتەکان لە چاپخانەی ڕۆشنبیری سەر بە وەزارەتی ڕۆشبیری تایپ

دەکران، بەڵام پاش لە کارکەوتنی ئامێرە لیزەرییەکان، بۆ ئەوەی رۆژنامەکە نەوەستێت جارێکی تر وەک رۆژانی شاخ بابەتەکان بە تایپی برازەر و ئای بی ئێم تایپ دەکران، تا لە کۆتاییەکانی ساڵی 1993 چەند ئامێرێکی کۆمپیوتەر لە دەرەوە هێنران و د.بەرهەم ئەحمەد ساڵح کۆرسێکی فێربوونی زۆر خێرای بۆ چەند کارمەندێک کردەوە و ئەوەبوو لە ماوەیێکی زۆرکورتدا کۆمپیوتەرەکان کەوتنەکار و بەو شێوەیە رۆژنامەی کوردستانی نوێ بووە یەکەمین رۆژنامەی کوردی لە ناوەوەی کوردستاندا کە بابەتەکانی بە ئامێری کۆمپیوتەر تایپ بکرێن، ئێستاش بەشی تایپ و نەخشەسازی لە کوردستانی نوێ دا زۆر پێشکەوتووە و وەک هەر رۆژنامەیەکی پێشکەوتوو لە جیهاندا بۆ رایی کردنی تایپ و دیزاین سوود لە ئامێری کۆمپیوتەر دەبینێت. هەر لێرەدا پێویستە رۆڵی محەمەد زادە و پاشان عەبدولقادر عەلی مەردان لە بیر نەکرێت کە لە سەرەتا تا ئەوێ رۆژێ کە رۆژنامەکە لە هەولێر شار بەدەرکرا، کاروباری دیزاینی رۆژنامەکەیان رایی دەکرد، هەروەها نامەوێت رۆڵی عوسمان پیرداود، موحسین خەتات، یاسین عاسم، هەڵگورد عەبدولوەهاب، عەدنان گلی و نازم کەرکوکی فەرامۆش بکەم،



کە یاریدەدەر بوون لە کاری دیزاینی رۆژنامەکەدا، لە سلێمانیش نازم کەرکوکی و عەبدولحوسین و هەڵۆ عەبدولکەریم نەیانهێشت لە بواری دیزایندا رۆژنامەکە پەکی بکەوێت.. ئەمە و ئێستا چەندان کەس لە بەشی تایپ و دیزاینی بەشی کۆمپیوتەردا کار دەکەن. بە داوای لێبووردنەوە کە ناکرێت لەکورتە باسێکی لەم شێوەیەدا ناوی یەک بە یەکیان بنووسرێت، کە بەشی تایپ و دیزاین پێویستی بە باسی تایبەت و ئەرشیفکردنی ورد هەیە. بۆ ناوهێنانی ئەو برادەرانەش وەک ستافی سەرەتایی ناویان ئاماژەی پێدراوە.

## گۆشە

رۆژنامەی کوردستانی نوێ هەر لە ژمارە سفرەوە تا بە ئەمرۆش دەگات خاوەنی چەندان گۆشەی تایبەت و گشتی بووە، هەر لە لاپەرە 2 تا دوا لاپەرە چەندان گۆشە دێنە بەرچاو، هەندێک لەو گۆشانە رۆژانە بوون و هەندێکی تریان هەفتەنانە. گۆشەکان بە گوێرەی شوێنی دابەزینەکەی لە لاپەرەکاندا تایبەتمەندی خۆیان پاراستووە، کە بریتین لە بوارەکانی سیاسەت، کاروباری

ناوخۆی هاوڵاتیان، رۆشنبیری گشتی، ژنان و هەمەڕەنگ، لە پاشکۆی ئەدەب و هونەریشدا گۆشە دابەزیوە. تەمەن درێژترین گۆشە لە کوردستانی نوێدا گۆشەی "دواستوون" بوو کە زیاتر لە 10 ساڵ لە رۆژنامەکدا بڵاوبۆتەوە.

## جۆری کاغەزی رۆژنامەکە

سەرەتا کاغەزی سپی 80 گرامی یابانی بەکاردەهات، لە ژمارە 94 ی رۆژی 1992/5/17 بۆ یەکەمینجار کاغەزی 45 گرامی رەنگ بۆر، واتە کاغەزی رۆژنامە بەکارهاتووە، جاربەجار لە بۆنەکاندا کاغەزی سپیش بەکارهێنراوە، بەهۆی ئابلۆقەکانی ئابووری کە لەسەر کوردستان بوون، مەوادەکانی چاپکردنی رۆژنامە بە رێگای قاچاغ دەگەیشتنە کوردستان بە تایبەتیش لە رێگای ئیران و عیراق دا، بۆیە حوکمی بازاڕ، حوکمی لە سەر جۆری کاغەزی رۆژنامەکە کردووە، بەڵام لە ساڵی 2003- ەوە دوای ئەوەی حوکمی سەددام حوسێن رووخا هەست دەکرێت جۆری ئەو کاغەزەی کە رۆژنامەکەی لەسەر چاپ دەکرێت یەک شێوە و جۆرە.



## ئۆفیسی رۆژنامەکە

لە مانگی کانوونی دووەمی ساڵی 1992 تا رۆژی 1996/8/31 ئۆفیسی سەرەکی رۆژنامەکە لە شاری هەولێر بوو، لەو مێژووەوە تا ئەمرۆ ئۆفیسە سەرەکییە لە شاری سلێمانی یە.

## چاپکردن

لە شاری هەولێر بە ئۆفسێتی بەتاڵ و نیو بەتاڵ چاپدەکرا و بەیانیان کاتژمێر 5-6 لە چاپخانە تەواو دەبوو، زۆربەی کات لاپەڕەکانی 8،7،2،1 بێجگە لە رەنگی رەش، رەنگی تریشی پێدەدرا، دوای ماوەیەک لاپەڕەکانی 8،7 بۆ لاپەڕەکانی 5،4 گۆڕدران و کەواتە لاپەڕەکانی 1،2، 4، 5 بوونە دوو رەنگ.

بەڵام لە سلێمانی تا ئەوێ رۆژێ کە چاپخانەی تایبەت بۆ دەزگای ناوەندی راگەیاندن کرا و زیاتر بۆ کاروبارەکانی رۆژنامەی کوردستانی نوێ تەرخان کرا، ئەگەرنا هەردەم کێشەی چاپکردنی هەبووە و لە شاری سلێمانی لەم چاپخانەدا چاپکراوە؛ چاپخانەی سەرکەوتن، چاپخانەی

زانکۆی سلێمانی، چاپخانەی دلێر، بەڵام ئەوە 5 ساڵ زیاترە دەتوانین بڵێین ڕۆژنامەکە کێشەی چاپخانەی نەماوە و لەو بوارەدا چۆتە سەرپێ.

### نرخ

نرخی ڕۆژنامەکە بەم شێوەیە بووە، 500 فلس، پاشان کراوەتە 1 دینار، ئینجا کراوەتە 3 دینار، ئێستاش کە جۆر و بارستایی پارەی عیراقی گۆڕاوە، نرخی کوردستانی نوێ بۆتە 500 دینارە.

### سکرتاریەتی نووسین

لە ژمارە سفری ڕۆژی 1992/1/12 سکرتاریەتی ڕۆژنامەکە بەم شێوەیە لەسەر ڕۆژنامەکەدا نووسراوە؛

سەرنووسەر: ئەرسەلان بایز

سکرتێری نووسین: ئازاد جندیانی

لە ژمارە 116ی ڕۆژی 1992/6/16 ناوی فریاد ڕواندزی وەک بەڕێوەبەری نووسین خراوەتە سەر ڕۆژنامەکە.

لە ژمارە 164ی ڕۆژی 1992/8/13- وە ئازاد جندیانی بۆتە جێگری سەرنووسەر.



دوای ئەوەی پەرلەمانی کوردستان ڕەزامەندی لەسەر یاسای چاپەمەنییەکان دەربڕی، ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ یەکەمین ڕۆژنامە بوو کە داوای مۆڵەتی ڕەسمی لە وەزارەتی ڕۆشنبیری حکومەتی هەرێمی کوردستان کرد، مۆڵەتی ژمارە 1ی پێدرا و د.فوئاد مەعسووم بووە خاوەن ئیمتیاز و ناوی خرایە سەر ڕۆژنامەکە، ئەمەش لە ژمارە 451ی ڕۆژی 1993/8/2 جێبەجێکرا.

لە ژمارە 543 ی ڕۆژی 1993/11/23 فەرەیدوون عەبدولقادر لە جێگای ئەرسەلان بایز بۆتە سەرنووسەری ڕۆژنامەکە و جێگری و بەڕێوەبەری نووسین وەکو خۆیان ماونەتەوە.

ڕۆژی 1994/1/23 ناوی ئازاد جندیانی لەسەر ڕۆژنامەکە نەماوە.

لە ژمارە 596ی ڕۆژی 1994/1/25 ناوی فریاد ڕواندزی لەسەر ڕۆژنامەکە نەماوە. ناوەکان بەم جۆرە ماونەتەوە:

خاوەنی ئیمتیاز: د.فوئاد مەعسووم

سەرنووسەر: فەرەیدوون عەبدولقادر

لە ژمارە 1251ی رۆژی 1996/4/1 گۆڕانکاری لە سکرتاریەتی نووسیندا بەم شێوەیە کراوە:

خاوەن ئیمتیاز: د. فوئاد مەعسووم

سەرنووسەر: فریاد رواندزی

جێگری سەرنووسەر: دڵشاد عەبدوڵڵا

لە ژمارە 1853ی 1999/5/5 گۆڕانکاری بەم شێوەیە کراوە:

خاوەنی ئیمتیاز: د. فوئاد مەعسووم

سەرنووسەر: فریاد رواندزی

جێگرانی سەرنووسەر: دڵشاد عەبدوڵڵا

ستران عەبدوڵڵا

بەڕێوەبەری نووسین: کاوە محەمەد

لە ژمارە 1886 ی رۆژی 1999/6/21 ناوی دڵشاد عەبدوڵڵا لەسەر رۆژنامەکە نەماوە.

لە ژمارە 2188 ی رۆژی 2000/7/3 سەرنووسەری رۆژنامەکە گۆڕاوە و ستافی سکرتارییەتی نووسین بەم شێوەیە نووسراوە:

خاوەن ئیمتیاز: د. فوئاد مەعسووم

سەرنووسەر: مەحمودی مەلا عززەت



جێگری سەرنووسەر: ستران عەبدوڵڵا

بەڕێوەبەری نووسین: کاوە محەمەد

لە ژمارە 2723 ی رۆژی 2002/4/7 ناوی کاوە محەمەد وەک سەرنووسەر چۆتە سەر رۆژنامەکە و جێگری سەرنووسەریش شێرکۆ مەنگوڕی. ماوەیەکیش کاوە محەمەد جێگری سەرنووسەر و شێرکۆ مەنگوڕی بەڕێوەبەری نووسین بووە.

لە ژمارە 4938 ی رۆژی 2009/7/31 ناوی کاوە محەمەد و شێرکۆ مەنگوڕی لەسەر رۆژنامەکەدا نەماوە. لەو ماوەیەی کە کاوە محەمەد سەرنووسەر بووە ناوی؛ کەژاڵ ئەحمەد، توانا ئەحمەد، جەمال عەبدوڵڵا وەک سکرتێری نووسین چۆتە سەر رۆژنامەکە. بەڵام لە ماوەی جیاوازدا.

لە ژمارە 4940 ی رۆژی 2009/8/2 ناوی ستران عەبدوڵڵا وەک سەرنووسەر چۆتە سەر رۆژنامەکە و دوای سێ رۆژیش واتە رۆژی 2009/8/5 سکرتاریەتی نووسین بەم شێوەیە نووسراوە: کاروان عەلی، شیرین. ک، محەمەد کەریم. کە تا ئێستا ئەو ستافە بەردەوامن.

## یەکەمین دەستەی نووسەران

لەبەر ئەوەی ستافی دەستەی نووسەرانی ڕۆژنامەکە چەندانجار گۆڕانکاریی تێد کراوە و زۆر هەوڵمدا بە وردی ناوەکان وەربگرم بەڵام نەکرا، هەر بۆیە، بۆ مێژوو تەنیا ناوی یەکەمین دەستەی نووسەرانی ڕۆژنامەکە دەنووسم، کە بەم شێوەیە بوو:

فریاد ڕواندزی: بەرپرسی لاپەڕە 1.

محەمەد موکری: بەرپرسی لاپەڕە 2

دڵشاد عەبدوڵڵا: بەرپرسی لاپەرە 3.

ممتاز حەیدەری: بەرپرسی لاپەڕەکانی 4، 5

سەعدوڵلا پەرۆش: بەرپرسی لاپەڕە 6

نەژاد عەزیز سورمێ: بەرپرسی لاپەڕە 8، واتە " دوالاپەڕە"

مەولود ئیبراهیم حەسەن :بەرپرسی بەشی منداڵان.



## پاشکۆکانی کوردستانی نوێ

### پاشکۆی ئاگادارییەکان

هەر زوو بیر لەوەکراوەتەوە کە پاشکۆیەک بۆ ئاگاداری دام و دەزگا حکومییەکان و ریکلامی بازرگانی دەربکرێت، دەرکردنی ئەو پاشکۆیە تا ئێستاش بەردەوامە، ئەگەرچی لە زۆربەی لاپەڕەکانی ڕۆژنامەکەدا ریکلامی بازرگانی و ئاگاداری دامودەزگا حکومییەکانیش بڵاودەکرێتەوە.

ماوەیەک لە هەولێر فەیسەڵ محەمەد ڕواندزی بەرپرسی ئاگادارییەکان بوو، لەوەتەی ڕۆژنامەکەش لە سلێمانی یە سەرکەوت سەعید بەرپرسی بەشی ریکلامە.

### پاشکۆی پەریستان

دوای ئەوەی لە ژمارە 6ی ڕۆژی 1992/1/31 دا هەفتانە دوالاپەرەی ڕۆژنامەکە بۆ منداڵان لەژێر ناوی پەریستان تەرخان کرا، تا ژمارە 75ی ڕۆژی 1992/4/24 ئەو لاپەڕەیە بەردەوام بووە، پاشان بۆتە پاشکۆیەکی سەربەخۆ و هەفتانە ڕۆژانی هەینی بە قەبارەی نیو فوڵسکاب دەردەچوو، سەرەتا بە چوار

لاپەڕە دەردەچوو، پاشان شێوەی بڵاوکراوە "ڕۆژنامەیەکی هەفتانە" ی پێدراوە. تەمەنی پەریستان زۆر کورت بوو. مەولود ئیبراهیم حەسەن بەرپرس بوو، هەڵگورد عەبدولوەهاب، ئیدریس لاوە هاوکار بوون.

## پاشکۆی ئەدەب و هونەر

ڕۆژی 1993/1/28 یەکەم ژمارەی پاشکۆی ئەدەب و هونەر بە 4 لاپەڕە، هەفتانە دەرچووە، لە قەبارەی تابلۆیدا بوو، لەناو ڕۆژنامەکە دادەنرا بەڵام بە خۆڕایی بوو، ڕیزبەندی لاپەڕەکانی سەربەخۆ بوو، بەشێک نەبوو لە ڕیزبەندی لاپەڕەکانی ڕۆژنامەکە، ئەم حاڵەتە تا ژمارە 20 ی پاشکۆکە بەردەوام بوو. بۆ ماوەیێک وەستاوە و پاشان دەستی بە دەرچوون کردۆتەوە. جارێکی تر وەستاوەتەوە و پاشان دەستی بەدەرچوون کردۆتەوە. بەگشتی دەکرێت تەمەنی ئەم پاشکۆیە بەسەر 4 قۆناغدا دابەش بکرێت. لە خولی یەکەم و دووەم و سێیەمدا 174ی ژمارەی لێ دەرچووە. وەک خولی چوارەم ڕۆژی 2000/3/30 بە 8 لاپەرەی سەربەخۆ دەرچۆتەوە و ژمارە 175 ی پێدراوە و تا ئێستاش بەردەوامە.



سەرپەرشتیاری ئەم پاشکۆیە لە هەولێر سەعدوڵڵا پەرۆش بووە و دوای ئەوەی ڕۆژنامەکە چۆتە سلێمانی، شیرین. ک بۆتە سەرپەرشتیار، پاشان سیامەند هادی بۆتە سەرپەرشتیاری پاشکۆی ئەدەب و هونەر. ئێستاش مەریوان مەسعود بەرپرسی پاشکۆی ناوبراوە.

## پەیامی خوێندکار

ڕۆژی 1993/3/15 یەکەم ژمارە و دوا ژمارەی پاشکۆی "پەیامی خوێندکار" دەرچووە. لەدوو لاپەڕەی قەبارە تابلۆیدا وەک پاشکۆی ڕۆژنامەکە و بە هاوکاری ڕاگەیاندنی سکرتارییەتی کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان بڵاوکراوەتەوە، هەروەها لە بۆنە خوێندکارییەکاندا چەندان جاری تریش ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ پاشکۆی تایبەتی دەرکردووە.

## وەرزش

کوردستانی نوێ لە دوو خولی مۆندیالدا پاشکۆی وەرزشی ڕۆژانەی بە دوو لاپەڕە لە قەبارەی تابلۆیدا دەرکردووە:

یەکەم:

ژمارە 1 ی ڕۆژنامەی مۆندیال — خولی یەکەم، ڕۆژی 1994/6/7 دەرچووە و دوا ژمارە، ژمارە 25 بووە و ڕۆژی 1994/7/17 دەرچووە.

دووەم:

ژمارە 1ی ڕۆژنامەی مۆندیال- خولی دووەم، ڕۆژی 1998/6/9 دەرچووە و دوا ژمارەی ئەم خولە ژمارە24 بووە و ڕۆژی 1998/7/13 دەرچووە.

## ستادیۆم

سەرەتا وەک پرۆڤەیەک، بۆ دەرکردنی پاشکۆیەکی هەفتانە، ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، (3) ژمارەی تایبەتی پاشکۆی( ستادیۆمی پەروەردە) ی دەرکردووە کەتایبەت بوو بەخولە وەرزشییەکانی نێوان هەڵبژاردەکانی پەروەردەی هەرێم.

ئەو (3) ژمارەیەش، بەمشێوەیە بڵاوکراوەتەوە:

ڕۆژی (2002/3/16) ژمارە یەک.

ڕۆژی (2002/3/30) ژمارە دوو.

ڕۆژی (2002/5/1) ژمارە سێ.

دواتر ڕۆژی (2002/7/21) یەکەم ژمارەی وەک پاشکۆیەکی هەفتانە بڵاوکرایەوە و (29) ژمارەی بەقەبارەی



(A4) لێدەرکرا، دواژمارەی لەڕۆژی (2003/2/18)دا بوو، بەهۆی هاتنە پێشەوەی پرۆسەی ئازادی عیراقەوە وەستێنرا.

پاشان هەر بەهەفتانە درێژە بەدەرکردنی پاشکۆکە درایەوە و ڕۆژی (2005/6/15) ژمارە (30)ی لێدەرکرا، ڕۆژی (2007/5/22)، ژمارە (75)ی لێدەرکراوە.

لە ژمارە (76) دا و لەڕۆژی (2006/6/1)دا کراوە بە ڕۆژانە و تا ئێستاش بەردەوامە. سەرپەرشتیار: ئیسماعیل مەحمود، جێگری سەرپەرشتیار: سەنگەر زرار، بەڵام ئەوە چەند ساڵێکە تەنیا ناوی ئیسماعیل مەحمود لەسەر پاشکۆکە ماوە. بۆ بواری وەرزش و پاشکۆکانی لە هەولێر ناکرێت ڕۆڵی مامۆستایان سەرتیپ دزەیی و سەلاح خانەقینی لەبیر بکرێن.

## پشووی کوردستانی نوێ

گۆڤارێکی هەمەڕەنگی ڕەنگاوڕەنگ بووە و ژمارەی لاپەرەکانی لە 40 لاپەڕە زیاتر بووە و یەکەم ژمارەی لە ڕۆژی 1999/7/10 دەرچووە لە پێشدا سەرنووسەری نەبووە. پاشان کەژاڵ ئەحمەد بووە بە سەرنووسەر. لە خولی دووەمیدا فازیل قەساب بووە بە سەرنووسەر و تا دوایی وەستا.

## ئاوێزە

رۆژانی هەینی بڵاودەبووەوە. لە قەبارەی تابلۆیدا بووە، یەکەمین ژمارەی رۆژی 2006/6/9 دەرچووە، لەیەکەم ژمارەوە تا ژمارە 40 بە چوار لاپەڕە دەردەچوو، لەژمارە 41- ەوە بووە بە 8 لاپەڕە، لە ژمارە 74- دا لە رۆژی 2007/11/16 خولی یەکەمی کۆتایی پێهات و وەستا.

خولی دووەم لە ژمارە 75- ەوە لە رۆژی 2008/4/25 دەستی بەدەروون کردۆتەوە، دوا ژمارەش ژمارە 147- ەو رۆژی 2009/10/9 دەرچووە.

یەکەم ژمارەی ئاوێزە- ش وەک گۆڤار لە رۆژی 2009/11/10 دەرچوو، کە تائێستا 26 ژمارەی لێ دەرچووە.

لە ژمارە 1 تا 14 لەکوردستانی نوێ دا دەرچووە، پاشان ئیمتیازەکەی بەکۆمپانیای ئاڤە میدیا فرۆشراو لەو ژمارەیە بەدواوە ئاڤامیدیا وەک خاوەنی ئیمتیازی گۆڤارەکە ئاوێزەی چاپو بڵاوکردۆتەوە. مەریوان عەلی سەرپەرشتیار بووە. پاشان ستران عەبدوڵڵا بۆتە سەرپەرشتیار و مەریوان عەلی بۆتە سەرنووسەر.



## وێستگەکانی کوردستانی نوێ

یەکەم ژمارە رۆژی 2009/10/16 دەرچووە و زیاتر پاشکۆیەکی گشتی بووە. بە 8 لاپەڕە. ژمارە 27 رۆژی 2010/12/27 دەرچووە و ئەمە دوا ژمارەی پاشکۆی ناوبراوە.

## رۆژانی کوردستانی نوێ

رۆژی 2009/10/23 ژمارەی یەکەمی دەرچووە. ماوەیەک هەفتانە بووە. " رۆژان " و " وێستگەکان" و " ئەوانی تر" هەفتانە دەردەچوون لە جێی پاشکۆی ئاوێزە

## رانیەی نوێ

تایبەت بە کاروچالاکییەکانی حکومەت و حزب لە رانیە،رۆژی 2009/10/27 دەرچووە.

## مەخموری نوێ

هەر ئەو ماوەیە دەرچووە و پەیوەندی بە قەزای مەخمور و دەوروبەرییەوە هەبووە.

## پێنجوینی نوێ

ئەم پاشکۆیەش هەر ئەو کاتە دەرچووە و تایبەت بووە بە کاروچالاکییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە قەزای پێنجویندا.

**سەرنج**: رانیەی نوێ، مەخموری نوێ، پێنجوێنی نوێ: هەر سێیان سێ دۆسێ یەی هەشت لاپەڕەین. هەر جارەی تیمێک چۆتە ناوچەیەک و هەشت لاپەڕەی رۆژنامەکەیان سەبارەت بە ناوچەکە ئامادەکردووە.

## خێزانی کوردستانی نوێ

هەفتانەیە، لە رۆژی 2009/12/8 یەکەمین ژمارەی دەرچووە و گرنگی بە منداڵ و کاروباری خێزان و ناوماڵ دەدات. چوارلاپەڕەیە تا ئێستاش بەردەوامە. سەرپەرشتیار: رۆزا دڵشاد مەریوانی.



## کاکێشان

هەفتانەیە، تایبەتە بە بوارەکانی فەلسەفە و جیهانبینی نوێ بۆ رووداوەکان. یەکەمین ژمارە رۆژی چوارشەممە 2010/8/25، بە 12 لاپەرە دەرچووە، تا ئێستاش بەردەوامە. سەرپەرشتیار: مەحمود شێرزاد.

## یادی قەندیل

تایبەت بە چلەی هونەرمەند حەمە جەزا، رۆژی2010/11/5، دەرچووە.

## کوردانی فەیلی

هەر ئەو ماوەیە پاشکۆیەی تایبەت بە کوردی فەیلی دەرچووە.

## ویکلیکس

تەنیا ئەم ژمارەیەی لێدەرچووە و تایبەتە بەو ماڵپەڕە جیهانیەی کە دۆکیۆمێنتە نهێنیەکان هەڵدەداتەوە بە تایبەتیش هی دەزگا گرنگە دەسەڵاتدارەکانی جیهان. ئەم ژمارەیە رۆژی 2010/12/10 بە 12 لاپەڕە دەرچووە.

**ئەدگار**

ناو بەناوە. تایبەتە بە کەسایەتیە ئەدیب و نووسەر و هونەرمەندان. ژمارە 1 رۆژی 2010/12/16 دەرچووە. ئەم ژمارەیە تایبەتە بە شاعیر و نووسەر کەریم دەشتی. هەشت لاپەڕەیە. دووەمین ژمارە تایبەتە بە رۆماننوس و نووسەر محەمەد موکری رۆژی 2011/4/4 بە 44 لاپەڕە دەرچووە.

**قازی محەمەد**

هەر ئەو ماوەیە پاشکۆیەک سەبارەت بە یادی لە سێدارەدانی قازی محەمەد دەرچووە.

**ئاوەسپی**

تایبەتە بە ناوچەی گەرمیان تەنیا ئەو ژمارەیەی لێدەرچووە. رۆژی 2010/12/27 بە 8 لاپەڕە دەرچووە.



**باشووری سودان**

تایبەت بە دەوڵەتی تازە راگەیەنراوی باشووری سودان. تەنیا ئەو ژمارەیەی لێدەرچووە. رۆژی 2011/1/9 بە 12 لاپەڕە دەرچووە.

**نابۆکۆ**

هەر ئەو ماوەیە پاشکۆیەک سەبارەت بە پرۆژەی نابۆکۆ دەرچووە.

سەرنج: دەکرێت هەندێک لە پاشکۆکانی پێشەوە وەک دۆسێ ی تایبەتیش چاوی لێ بکەین، چونکە تایبەتن بە بابەتێک لە رووداوە گەرمەکانی رۆژ.

**کوردستانی گەنج**

سەرەتا مانگی جارێک بە 12 لاپەڕە دەرچووە، پاشان دوو هەفتەجارێک دەرچووە و بۆتە 8 لاپەڕە. تایبەتە بە گەنجان. ژمارە 1 رۆژی 2011/1/25 دەرچووە و تا ئێستاش بەردەوامە. سەرپەرشتیار: پشتیوان تاهیر.

## ئارام

تایبەتە بە یادی شەهید کردنی "شاسوار جەلال- ئارام" ی سەرکردە. رۆژی 2011/1/31 بە 8 لاپەڕە دەرچووە. هەر ئەم ژمارەیە دەرچووە، بەڵام چەند جارێکی تریش کوردستانی نوێ پاشکۆی تایبەت بە شەهید ئارام- ی دەرکردووە.

## شکۆ

تایبەتە بە یادی شەهید شەوکەوت حاجی موشیر- ی سەرکردە. ئەم پاشکۆیە رۆژی 2011/2/13 دەرچووە و بریتیە لە 8 لاپەڕە.

## دووڕیان

پاشکۆیەکی تایبەتە بە بابەتێکی گەرم. رۆژی 2011/2/18 بە 12 لاپەڕە دەرچووە، هەروەها تا ئێستا سێ جاری دیکەش هەر بە ناوی دووڕیان پاشکۆی دەرکردووە. دووڕیان 1 رۆژی 2011/9/7 بە 4 لاپەڕە دەرچووە. دووڕیان 2 رۆژی 2011/9/20 بە 6 لاپەڕە دەرچووە. بە گشتی ئەم دۆسێ یە تا ئێستا 4 ژمارەی لێدەرچووە.



## میدیا

رۆژی 2011/2/24 بە 4 لاپەڕە دەرچووە. هەر ئەم ژمارەیەی لێدەرچووە.

## رۆژی راپەڕین

تایبەتە بە یادکردنەوەی رۆژی راپەڕینی شارۆچکەی رانیە لە ساڵی 1991 دا، ئەم پاشکۆیە رۆژی 2011/3/5 بە 8 لاپەڕە دەرچووە. هەر ئەم ژمارەیەی لێدەرچووە. هەروەها ساڵانە بە بۆنەی راپەڕینەکانی خەڵکی کوردستان، رۆژنامەی کوردستانی نوێ گرنگی بە یدکردنەوەکان داوە و پاشکۆی تایبەتی بە ئازادکردنی شارەکان دەرکردووە.

## نوێکردنەوەی متمانە

وەک دۆسێ بووە و بریتی یە لە دەقی قسەکانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان د. بەرهەم ئەحمەد ساڵح لە پەرلەمانی کوردستان، کە دوای قسەکانی، پەرلەمان متمانەی پێدایەوە. ئەم پاشکۆیە رۆژی 2011/3/13 بە 20 لاپەڕە دەرچووە.

## میژگەرد

ئەم میژگەردە لە ژێر ئەم ناونیشانەدا بەڕێوەچووە؛ کوردستان قۆناغی هەستیاری پەڕینەوە، ڕۆژی 2011/3/15 بە 8 لاپەڕە دەرچووە.

## 16 ی ئازار

تایبەتە بە یادکردنەوەی کارەساتی کیمیابارانکردنی شارۆچکەی هەڵەبجە. ڕۆژی 2011/3/16 بە 4 لاپەڕە دەرچووە. شایانی باسە ساڵانە کوردستانی نوێ یادی ئەو کارەساتەی کردۆتەوە، ئینجا چ بە تەرخانکردنی لاپەڕەی تایبەت، یاخود بە دەرکردنی پاشکۆی تایبەت.

## کوێستانی

تایبەتە بە یادکردنەوەی حەسەن کویستانی- سەرکردە. ڕۆژی 2011/5/7 بە 4 لاپەڕە دەرچووە.

## دۆسێی پەرلەمان

تایبەتە بە بوارێک لە بوارەکانی پەرلەمانی کوردستان، هەر ئەم ژمارەیەی لێدەرچووە ئەویش ڕۆژی 2011/8/23 بە 4 لاپەڕە.



## کەشتی نوح

تایبەتە بە بوارەکانی زانست و زانیاری نوێ، لەبەرئەوەی ژمارە یەکەمم نەدۆزییەوە بۆیە ئاماژە بە دووەم ژمارەی دەدەم کە ڕۆژی 2011/10/18 دەرچووە، ئێستاش بەردەوامە .4 لاپەڕەیە. سەرپەرشتیاران: هێرۆ جەزا، تارا شێخ عوسمان.

## سەرنج

پێویستە ئاماژە بەوە بدەم، ئەو پاشکۆیانەی کە لێرەدا ناویان هاتووە، ئەوە تەواوی ئەو پاشکۆیانە نین کە کوردستانی نوێ چاپ و بڵاویکردونەتەوە، بەداخەوە زۆر هەوڵمدا وردتر لەو بابەتە بکۆڵمەوە بەڵام دەرفەتم نەبوو، ئەگەرنا دەزانم کە ڕۆژنامەکە چەندان پاشکۆی تری دەرکردووە، وەک پاشکۆکانی؛ بەرەو کۆنگرە، پلینۆم.... هتد.

بۆ نموونە لە کاتی پرۆسەکانی بانگاشەی دوا هەڵبژاردندا ئەم پاشکۆیانەی دەرکردووە: بەهاری هەڵبژاردن بۆ سلێمانی 3 ژمارە. نەبەردیی هەڵبژاردن بۆ

کەرکوک 3 ژمارە. داستانی هەڵبژاردن بۆ هەولێر 3 ژمارە. هاژەی ئەڵوەند بۆ خانەقین و دەوروبەری 1 ژمارە. پاشکۆی نەخشەی هەڵبژاردن و چەندان کاریی تریش.

## زنجیرەی کتێبە چاپکراوەکانی کوردستانی نوێ

ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ هەر لەگەڵ ساڵی یەکەمی دەرچوونیدا دەستی بە چاپکردن و دەرکردنی کتێب و نامیلکە کرد. ئەوەندەی لەبیرم مابێت یەکەمین کتێب کە چاپی کردبێت، ڕاپۆرتی سیاسی بوو، کە مام جەلال لە کۆنگرەی گشتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا ساڵی 1992 پێشکەش بە ئەندامانی کۆنگرەی کرد. دووەم کتێب، نامیلکەیەک بوو لە نووسینی مام جەلال کە بانگەوازێک بوو بۆ حزب و دەستە و ڕێکخراو و گروپە چەپەکان بۆ یەکگرتنەوەیان لەگەڵ یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا، تا ئێستا پرۆسەی چاپکردنی کتێب بەردەوامە، بەڵام هەوڵیان نەداوە ئیندێکسێک بۆ کتێبە چاپکراوەکانیان ئامادە بکەن. ئەمساڵ ساڵی کتێبە چاپکراوەکانی کوردستانی نوێ بووە، کە نزیکەی 20 کتێبی چاپکردووە.



### کوردستانی نوێ " بە بادینی"

دوو هەفتە جارێک دەرچووە. یەکەمین ژمارەی ڕۆژی 2011/1/12 بە 12 لاپەڕە دەرچووە و ڕۆژی 2011/10/15 ژمارە 19 ی لێ دەرچووە و تا ئێستا ژمارەی تری بە دواوەدا نەهاتووە.

### کوردستانی نوێ لە ڕوسیا و لە بەریتانیا

هەروەها بۆ ماوەیەک لە هەر یەکێک لە ڕوسیا بە زمانی ڕووسی و لە بەریتانیا بە زمانی کوردی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دوو ڕۆژنامەی بە ناوی کوردستانی نوێ دەرکردووە. زیاتر مانگنامە بوون.

## نووسینگەکانی کوردستانی نوێ

بۆ ئەوەی ڕۆژنامەکە، ڕۆژنامەی هەواڵ بێت و بێ بەش نەبێت لە هەواڵی شار و شارۆچکە و گوندەکانی کوردستان، ستافی ڕۆژنامەکە هەر زوو بیری لە دامەزراندن و کردنەوەی چەندان نووسینگە لە شار و شارۆچکەکانی کوردستان کردەوە بەم شێوەیە:

## نووسینگەی سلێمانی

ئەم نووسینگەیە کۆڵەگەیەکی پتەو و چالاکی ڕۆژنامەکە بووە و لەگەڵ دەرچوونی ژمارە سەرەتاییەکانیدا ستافی نووسینگەی سلێمانیش دەست بەکاربوون، محەمەد نوری تۆفیق بەرپرسی نووسینگەی ناوبراو بووە، مستەفا ساڵح کەریم جێگری بەرپرسی نووسینگەکە بووە. بەڵام دوای ئەوەی ئۆفیسی سەرەکی ڕۆژنامەکە بۆ سلێمانی گوێزرایەوە، ئەو نووسینگەیە نەما و بە پێچەوانەوە ئەمجارە لە هەولێر نووسینگەی کردەوە، بەڵام دوای ئاسایی بوونەوەی پەیوەندییەکانی نێوان یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان.

## نووسینگەی کەرکوك

لەگەڵ ژمارە سەرەتاییەکانی کوردستانی نوێ دا، لە سنووری ناوچە ئازاد کراوەکانی شاری کەرکوکدا ئەم نووسینگەیە دامەزراوە و ماوەیەک محەمەد موکری سەرپەرشتی کاروبارەکانی دەکرد. تەمەنی ئەم نووسینگەیە



زۆر درێژ نەبوو. ساڵی 1999 دەزگای ناوەندی ڕاگەیاندن لە شاری دەربەندیخان نووسینگەیەکی ڕاگەیاندنی بۆ سنووری کەرکوک و گەرمیان کردەوە و عەدالەت عەبدوڵڵا بەرپرسی بوو.

## نووسینگەی دهۆك

لە ساڵی دووەمی دەرچوونی کوردستانی نوێ دا بڕیاردرا کە لە شاری دهۆک نووسینگەیەک بۆ ڕۆژنامەکە بکرێتەوە و عیدۆ بابەشێخ بووە بەرپرسی نووسینگەکە. ئەو نووسینگەیە لەگەڵ یەکەم جەولەی شەڕی ناوخۆدا لە لایەن هێزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستاندا دەستی بەسەردا گیرا. لە دوای ڕاپەڕینەوە ئەمە یەکەم ئۆفیسی ڕۆژنامەیەک بوو کە بە هێزی چەکدار داگیر بکرێت.

## نووسینگەی ڕاپەڕین

ئەم نووسینگەیە لە ساڵی چوارەمی ڕۆژنامەکەدا لە شارۆچکەی ڕانیدا کرایەوە و ناوی لێنرا نووسینگەی ڕاپەڕین و ئەسعەد

حەمە عەلی کرا بە بەرپرسی نووسینگەکە. تەمەنی ئەم نووسینگەیە ئەوەندە درێژ نەبوو، چونکە شەڕی ناوخۆ دەستی پێکرد.

### ئەمجارە نووسینگەی هەولێر

دوای بەرپێوەچوونی پرۆسەی ئاشتی نێوان یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستانی عیراق، تێکەڵاوبوونەوەی هەردوو دەزگا ئیدارییەکانیان، دەزگای ناوەندی راگەیاندنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بڕیاریدا کە لە شاری هەولێر لقێک بۆ دەزگاکەی بکاتەوە و لەوێ نووسینگەی کوردستانی نوێ ش هەیە. بەرپرسی نووسینگەکە سمکۆ عەبدولکەریم ە.

### نووسینگەی سۆران

دوای دەرچوونی کوردستانی نوێ، ناوچەی سۆران و باڵەکایەتی خاڵێکی دیاری گرنگیدانی رۆژنامەکە بوون، بۆ ماوەیەکی کورت نووسینگەی لەوێش کردەوە، بەڵام



هەڵگیرساندنی شەڕی ناوخۆ هەر زوو کاروبارەکانی ئەو نووسینگەیەی پەکخست. بەڵام ساڵی 2009 جارێکی تر نووسینگەی لە دەڤەری سۆران کردەوە و نزار خەیلانی کرا بە بەرپرسی نووسینگەکە.

### جارێکی تر نووسینگەی کەرکوك

دوای پرۆسەی ئازادی عیراق لە ساڵی 2003 دا، یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان قورسایی ئیشکردنی خۆی خستە ناو جەرگەی کەرکوک و ناوچە داگیرکراوەکانی تری کوردستانی خواروو. دەزگای راگەیاندن ئامادەبوونی بەردەوامی لە کەرکوکدا دەست پێکرد. لەوێ ستافێکی دەستنیشانکرد. بەڵام وەک نووسینگەی کوردستانی نوێ رۆژی 2011/4/1 کرایەوە و دانا عەسکەر کرا بە بەرپرسی نووسینگەکە.

### ستافی پەیامنێران

دوای پرۆسەی ئازادی عیراق لە ساڵی 2003 دا و باشتر و فراوانتر هەڵکشانی ئامێرەکانی گەیاندن بە تایبەتیش بڵاوبوونەوەی تەلەفۆنی مۆبایل

و بەرەوپێشەوەچوونی هێڵەکانی ئەنتەرنێت، ئێستا لە کوردستان و دەرەوەدا کۆمەڵێک پەیامنێری چالاک بەردەوام هەواڵ و نووسین بۆ کوردستانی نوێ دەنێرن.

## نووسینگەی سلێمانی و هەردوو ژمارەی 1374 و 1375

ژمارە 1373 دوا ژمارەی رۆژنامەکەیە کە لە هەولێر و لە چاپخانەی رۆشنبیری چاپ کرابێت، ئەو ژمارەیە رۆژی 1996/8/30 دەرچووە، ئیتر لێرەوە کاروانی کوردستانی نوێ بەرەو شاری سلێمانی رێگای گرتەبەر. لە پێناوی نەکوژانەوەی رەوتی مێژوویی رۆژنامەی کوردستانی نوێ، رۆژی 1996/9/1 ستافی نووسینگەی سلێمانی رۆژنامەکە کەوتنەخۆ و توانیان لە رۆژانی 2-1996/9/3 دوو ژمارەی تر لە رۆژنامەکە دەربکەن، کە ئەوانیش ژمارە 1374 و 1375، کە هەر یەکێک لەم ژمارانە 4 لاپەڕەیە و تەنیا رەنگی سپی و رەش بەکارهاتووە. ئەوەندەی زانیاریم هەبێت رۆژی 9/4 هەوڵیان دابوو کە ژمارە 1376- یش چاپ بکەن، بەڵام نەبوونی مەوادی چاپ و بەهۆی پەککەوتنی



چاپخانە نەتوانراوە ژمارەکە چاپ بکرێت و بخرێتە بازاڕەوە. ئەگەرنا وابزانم ئەو ژمارەیە دیزاینیش کرابوو. ئەم دوو ژمارەیە لەژێر سەرپەرشتیاری حەمەنوری تۆفیق و مستەفا ساڵح کەریم دەرچوونە.

## لە 1996/9/4 تا1997/1/3

دوای هەڵکشانی هێزەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بۆ سەر سنوورەکان و ئاڵۆزتربوونی بارودۆخەکە، دەزگای ناوەندی راگەیاندنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان وەک زۆربەی دەزگا و ئۆرگان و مەکتەبەکانی تر پێویستی بە خۆرێکخستنەوە هەبوو. دوای ماوەیەکی زۆر کورت لە گوندی زەڵێ ی سەرسنوور دەزگای راگەیاندن تەشکیل کرایەوە و هەر زوو ئێستگەی رادیۆیەکە دەستی بە پەخش کردەوە و لە رۆژی 1996/10/2 سەرنووسەری رۆژنامەکە فریاد رواندزی و جێگری سەرنووسەر دڵشاد عەبدوڵڵا پێیان باش کە دەست بە دەرکردنەوەی کوردستانی نوێ بکرێتەوە، چونکە ستافێکی باشی رۆژنامەکە پەیوەندییان کردبوو، لەوانە: " ستران عەبدوڵڵا، شێرکۆ

مەنگوڕی، کاوە محەمەد، کەژاڵ ئەحمەد، نەوزاد عەلی ئەحمەد، هەڵۆ عەبدولکەریم" هەروەها دەتوانرا سوود لە قەڵەم و وزەی چەند کادرێک وەربگیرێت کە لە رادیۆ کاریان دەکرد. ئەوە بوو سەرنووسەری رۆژنامە فریاد راوندزی بڕیاری دا کە سەردانی بەڕێز مام جەلال بکات، بەرنامەی کار و ئامادەباشی ستافەکەی پێ رابگەیەنێت. لە دیدارەکەدا مام جەلال پێ ی راگەیاندبوو: " پەلەمەکەن، ئینشائەڵڵا لە سلێمانی رۆژنامەکە دەردەکەینەوە"

دوای ئەوەی رووداوەکان بەپەلە رەوتیان کرد و لە ماوەیەکی زۆر کورتدا هێزەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان سەرکەوتن لە دوای سەرکەوتنیان بەرامبەر بە هێزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستانی عیراق تۆمار کرد. ژمارە 1376 ی رۆژنامەی کوردستانی نوێ رۆژی 1997/1/4 لە شاری سلێمانی چاپ کرا و بە کوردستاندا بڵاوکرایەوە.

کەواتە رۆژنامەی کوردستانی نوێ لە ماوەی تەمەنیدا تەنیا 4 مانگ دەرنەچووە، ئەویش لە رۆژی 1996/9/4 تا رۆژی 1997/1/3



## یەکەم هەنگاوی دوای خۆرێکخستنەوە

بە هۆی نەبوونی مەوادی چاپ و چاپخانەی باش لە شاری سلێمانی، ستافی رۆژنامەکە پێیان باش نەبوو، کە لە یەکەم هەنگاوی ئەم قۆناغەدا هەفتانە 6 ژمارە لە رۆژنامەکە دەربچێت، یەکەم هەنگاوی رۆژنامەکە بەم شێوەیە دەستی پێکردووە:

لە ژمارە 1376 ی رۆژی 1997/1/4 تا ژمارە 1416 لە هەفتەیەکدا تەنیا دوو ژمارەی لێدەرچووە و ئەوانیش لە رۆژانی دووشەممە و پێنج شەممە بووە.

لە ژمارە 1417 ی رۆژی 1997/6/1 تا ژمارە 1477 بۆتە سێ رۆژ لە هەفتەیەکدا کە رۆژانی یەک شەممە و سێ شەممە و پێنج شەممە دەرچووە.

لە ژمارە 1478 ی رۆژی 1997/10/20 تا ژمارە 1950 لە هەفتەیەکدا پێنج رۆژ دەرچووە، رۆژەکانیش بریتی بوون لە: یەک شەممە، دووشەممە، سێ شەممە، چوارشەممە، پێنج شەممە.

لە ژمارە 1951 ی رۆژی 1999/9/18 وەک رۆژانی هەولێر بۆتەوە شەش رۆژ لە هەفتەیەکدا و تەنیا رۆژی شەممە دەرنەچووە، کە ئێستاش هەر بەو شێوەیە ماوەتەوە.

## دوا ئەلفی ئەم بەشە

ئەگەرچی رۆژنامەکە بە قۆناغی زۆر سەختدا تێپەڕیوە، هەم لە باری تەکنیکدا، هەم لە نووسین و لێکدانەوە پیشەییەکانیدا، وەک شەڕی ناوخۆ، داگیرکردنی بارەگاکەی لە هەولێر و پەرتەوازەبوونی ئەو ستافەی کە لە ماوەی زیاتر لە چوار ساڵدا پەروەردەی کردبوون. ناجێگیری نێو ماڵی خودی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان کە رۆژنامەکە دەردەکات.... هتد، بەڵام ستافی نووسین و رۆژنامەنووسانی رۆژنامەکە، هەردەم ویستویانە کاری پیشەیی خۆیان لەبەرچاو بگرن، سەرەڕای بەردەوام بوونی پرۆسەکانی ستەم و ستەمکاری.

گلەیی دەکرێت و گلەییەکانیش هەم راستن و هەم دەکرێت گفتوگۆی گەرمیان بەدەمەوە بێت. شەڕ و ستەم بەرۆکت بگرێت، وەک ئەخلاق و پرانسیپێکی حزبی ناکرێت



تۆش وەڵامت نەبێت. یاخود تاوانت بۆ درووست بکەن، ناکرێت لە دادگا بەرگری لە خۆت نەکەیت... بەڵێ رۆژنامەی کوردستانی نوێ لە کوردستانێک دەردەچێت کە بۆنی دیموکراتی و هەمەڕەنگی حزبی و ئازادی بیروڕای گرتووە و ناکرێت لێرەوەش بوەستین!

ئێستا؛ رۆژنامە حزبییەکان وەک دوێنێ رەوتی خۆیان گرتووە و رێدەکەن، لە نێو ئەو رۆژنامانەشدا کوردستانی نوێ یە، کە ناکرێت لە مێژووی دوور و نزیکی بیست ساڵەی دەسەڵاتی کوردیدا فەرامۆش بکرێت، هەر کاتێک ستەم ماڵئاوایی کردووە، کوردستانی نوێ، لە ناوەڕۆک و فۆڕمدا دەستپێشخەریی لە کاریی پیشەیی خۆی دەکات و دیسان دەبێتەوە بە سەرتۆپی داهێنان و خەلقکردن لە بواری رۆژنامەگەریی کوردی. دوێنێ و ئەمڕۆ و ئێستای کوردستاندا نوێ، چەندان ئەزموونی جیاوازی هەیە کە دەکرێت باس و لێکۆڵینەوەی وردی بۆ بنووسرێت.

# بەشی دووەم

## هونەرەکانی ڕۆژنامەگەری و کەرستەی تر

## سەرەتای رەوتەکە!

ئەمرۆ 20 ساڵ دەگوزەرێت بەسەر زەمەنی ڕاپەڕینی 1991 دا ئەو مێژووە گەیشتۆتە ئاستێک پێویستە خوێندنەوە و لێکدانەوەی وردی بۆ بکرێت و بە پرسیاری جدی پرۆسەکە دەوڵەمەند بکرێت. ساڵانی ڕاپەڕین، ساڵانی دەستکەوت و خوردبوونەوە بوون لە بەرهەمی عەقڵ و پێکهاتەی ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی خەڵکی کوردستان. ئەو پانتاییە دەخوازێ پرسیاری وردی لێ بکرێت و بە شێوەیەکی وردبینانەی بارگراوی کراو بە ئامانجی گەش لێکدانەوەی بۆ بکرێت، بەڵام بەداخەوە ئێمە نەتەوەیەکی گۆش کراوین بە سۆز و خەیاڵی نامەنتیقی و ئەوەندەی هانا بۆ شتە لاوەکییەکان دەبەین نیو بە قەد ئەمە زەمینەیەکی ئەکادیمی و زانستی ساز ناکەین.



لە نێو عەفەویەتی ڕاپەڕین و حەماسەتی شۆڕشگێڕانەدا بڕیاردرا کە ڕۆژنامەیەکی سیاسی ڕۆژانە دەربکرێت و ببێتە ڕچەشکێنێت بۆ هەنگاوەکانی دوای ئەو بڕیارە بوێرە. ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ وەک بە بڕیارێکی سەرەڕۆیانەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە دایک بوو. سەرەڕۆ بەو واتایەی کە بۆ یەکەمیجار بوو لە کوردستان ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانە دەربچێت بە تایبەتیش کە ئەو زەمەنە کوردستان دوو ئابلۆقەی زۆر سەختی ئابووری لەسەر بوو، کە مەوادی چاپ و چاپخانەش لە چوارچێوەی ئەو دوو ئابلۆقەیەدا یاساغ بوون، ئەمە و بێجگە لە نەبوونی ڕۆژنامەنووسی شارەزا، ئەوانەش کە هەبوون ژمارەیان ئەوەندە کەم بوو تا قەڵەمەکانی ئەوانیش ئەدەب و پەخشانی لێدەچۆڕا.

کوردستانی نوێ ڕەوتی کرد و پەیامی ڕۆژنامەگەریی خۆی بەمرۆ گەیاند، لەشکرێک لە ڕۆژنامەنووس و ئەدیب ئەگەر مێژووی ژیانیان بنووسنەوە، ئەوە ناتوانن پەیوەندی خۆیان لەگەڵ ڕۆژنامەکەدا فەرامۆش بکەن، کوردستانی نوێ ڕەوتی کرد و بووە ڕۆژنامەی هەواڵ و ژانرەکانی تری دنیای ڕۆژنامەنووسی. کوردستانی نوێ ڕەوتی کرد و مۆدێلێکی تری بە مێژووی درێژترین ڕۆژنامەی ڕۆژانەی کوردی دا و

دەکرێت لە چەندان رووەوە لەو بابەتە بکۆڵدرێتەوە. کوردستانی نوێ رەوتی کرد و بووە سەرچاوەیەکی دەوڵەمەند بۆ ئەو رۆژنامە و هەفتەنامە و گۆڤارانەی کە دوای کوردستانی نوێ لە دایک بوون. کوردستانی نوێ رەوتی کرد و بووە سەرەتایەک بۆ کاری رەخنەگری و چاوپۆشی نەکردن لە هەڵە و کەموکورییەکان. دوای کوردستانی نوێ ئینجا چەند هەفتەنامەیەک بە شێوەیەکی تر تەقلیدی ئەو کارەیان کردەوە. کوردستانی نوێ رەوتی کرد و وەک رۆژنامەیەکی سیاسی چەشەیەکی تری بە رۆژنامەی حزبی لە کوردستاندا.

کوردستانی نوێ رەوت دەکات و کەس جورئەتی ئەوە ناکات، کە بڵێت ئایا ئەو رۆژنامەیە بۆتە قوتابخانەیەک لە مێژووی رۆژنامەگەریی کوردی؟! دیارە قسەکردن لە بابەتێکی لەو جۆر و شێوە و ناودێرەدا پێویستی بە کاری ئەکادیمی هەیە، بە تایبەتیش هونەری بەراوردکاری رۆژنامەگەریی دەبێتە دەروازەیەک بۆ کردنەوەی چەند گرێیەک و پاشان لە دەرئەنجامدا باشتر مەبەستەکە دەردەکەوێت.



بۆ خوردکردنەوەی ئەو بابەتە باشترە لێکۆڵەر وەڵامی ئەم پرسیارانە بداتەوە؛ بۆ کوردستانی نوێ؟ بڕیاری دەرکردنی کوردستانی نوێ لە چ پێگەیەکەوە سەرچاوەی گرتووە؟ بۆ رۆژنامەیەکی سیاسییە؟ ئایا کوردستانی نوێ رۆژنامەی هەواڵە؟ لە رووی هونەری رۆژنامەگەرییەوە چ جیاوازییەکی لەگەڵ ئەو رۆژنامە و هەفتەنامە کوردییانە هەبووە کە پێش کوردستانی نوێ دەرچوونە؟ بە کام زمان مامەڵەی لەگەڵ هەواڵ، وتار و ژانرەکانی تری رۆژنامەنووسیدا کردووە؟ کێ ی پێگەیاندووە؟ ئەوانەی کاریان تێدا کردووە و کاری تێدا دەکەن رۆژنامەنووسن یاخود ئەدیب و نووسەرن؟ شێوازی ئەدەب تا چەند بە رۆژنامەکەوە دیارە؟ ئایا تاچەند لەگەڵ خەڵک کەوتۆتە دوان و لە گیر و گرفتەکانیان دوور نەکەوتۆتەوە؟ چۆن توانیویەتی سوود لە رەوتی خۆشڕۆی تەکنۆلۆجیا و ئامێرەکانی راگەیاندن وەربگرێت و تا چەند لە کارە هونەرییەکانیدا رەنگی داوەتەوە؟ بێجگە لە سیاسەت چۆن سەیری بوارەکانی تری ژیانی کردووە؟ لەگەڵ چەندان پرسیاری تردا.

## بۆ ڕۆژنامەیەکی سیاسییە؟

بۆ وەڵامدانەوەی ڕۆژنامە چییە و بە چ دەوترێت ڕۆژنامە! لەو ڕووەوە چەندان پێناسە و دێڕ ڕێکخراون. هەندێک دەڵێن ڕۆژنامە واتە ڕۆژانە وەکو چاپکراوێک دەربچێت و هەڵگری ناوێکی دیاریکراو بێت و بەسەر خەڵکدا دابەش بکرێت واتە خەڵک بیبینێت. بە گشتی ڕۆژنامەی ڕۆژانە ئەو ڕۆژنامەیەیە کە ڕۆژانە دەردەچێت، ئینجا کاتی دەرچوونەکەی یان بەیانیانە، یان نیوەڕۆ، یاخود سەرلەئێوارانە. هەر سەبارەت بە پێناسەکردنی ڕۆژنامە یۆنسکۆ نووسیویەتی؛ ڕۆژنامەی ڕۆژانە بریتیە لەو ڕۆژنامەیەی کە هەر هیچ نەبێت پێویستە لە هەفتەیەکدا چوار ڕۆژ دەربچێت. ئەمانە چەند دێڕێک بوون لە پێناسەکردنی ڕۆژنامە.

لەسەردەمی عوسمانییەکاندا ئەوەی ڕۆژنامەی دەرکردووە پێویست بووە، کە ڕەچاوی ئەم خاڵانە بکات؛ ناوی ڕۆژنامەکە، شوێنی دەرچوونی، کاتەکانی دەرچوونی، خاوەنەکەی، ناوی بەڕێوەبەری بەرپرس، لەو ڕووەوە دەکرێت سەیری ڕۆژنامەی " کوردستان- 1898" بکرێت، واتە یەکەمین ڕۆژنامەی کوردی. ئەو بڕیار و



یاسایەی عوسمانییەکان تا ئێستاش لە زۆربەی هەرە زۆری دنیا ڕەچاو دەکرێت، ئەگەرچی پێش عوسمانییەکانیش ئەو جۆرە یاسایە هەبووە بەڵام عوسمانییەکان باشتر پەرەیان پێدا. ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ هەر لە ژمارە سفرەوە پەیامی خۆی ڕاگەیاندووە کە ڕۆژنامەیەکی سیاسی بووە و شوێن و کاتی دەرچوونی دیارە. ئەمە و سەرەڕای ناوی خاوەن و سەرنووسەری ڕۆژنامەکە بەیان کراوە. وەک بەڵگەیەک سەبارەت بە ئەرک و پەیامی ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ وا دوو پەرەگراف لە یەکەمین سەروتاری ڕۆژنامەکە وەردەگرین؛ " کوردستانی نوێ دژی دکتاتۆریەت و ئاشتی خوازە، ئاڵا هەڵگری چەسپاندنی دیموکراتیەت و پاراستنی مافی مرۆڤە.. ئاڵا هەڵگری ڕزگاری گەلان و گەیشتنیانە بە مافی چارەنووس.. ڕێباز و بەرنامەی کاری ئەم ڕۆژنامەیە وەک ڕەنگدانەوەیەکی باری ئەمڕۆی کوردستان و جیهان پێ لەسەر زیاتر لە باوەش گرتنی ئازادی و ئیرادەی گەل دادەگرێت" ئەمە یەکەم سەروتاری ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ بوو کە لە ژمارە سفر لە ڕۆژی 1992/1/12 بڵاوکراوەتەوە.

باروودۆخی کوردستانی راپەڕین و دوای راپەڕین پێویست بوو زۆر بە وردی وەڵام بدرێتەوە. بیرکردنەوە بۆ خوێندنەوەی ئەودیوی پیلانەکان و رەنگرێژکردنی نەخشەی گونجاو بۆ واقیعێکی حەساس چەندی بڵێی کارێکی گران بوو، ئەرکێکی وردی دەویست، هەر بۆیە پێویست بوو رۆژنامەی کوردستانی نوێ وەک مینبەرێکی فراوانی کوردەواری بە زیرەکانە مامەڵە لەگەڵ ئەو ئاقارەدا بکات، ئەوێ رۆژێ زۆربەی ئاقارەکان ئاقاری سیاسەت و سیاسەتەکەش گرێدراو بوون بە ژوورە داخراوەکانی حزب و ژیانی حزبایەتی لە کوردستاندا، کوردستانی نوێ ش بووە بەشێک لە ژیانی سیاسی لە کوردستان و هەر لە ساڵی یەکەمەوە باشی هێنا و چاکی پێکا بە تایبەتیش لە لاپەڕەکانی یەک و دوو و بەشی کاروباری ناوخۆ بە ئاشکرا گوزارشتی لە " سیاسی " بوونی خۆی دەکرد. کە ئەو مۆدێلە بۆ رۆژنامەیەکی هەشت لاپەڕەیی تابلۆید هەنگاوێکی باش و گونجاو بوو. ئەو چوار لاپەڕەیە فەزایەکی ئەوەندە فراوان نەبوو بەڵام هەنگاوێکی واقیعیانە بوو، ئەمەو پێویستە ئاماژەش بەوە بدرێت، ئەوێ رۆژێ کە کوردستانی نوێ ی تیایە لە



دایک بوو زانیاریمان زۆر کەم بوو سەبارەت بە تەکنیکی نووسینی وتاری سیاسی، قەڵەمی نووسەری سیاسی کورد کورتی دەهێناو ئەوەندەی وتارەکەی ئاوێزان دەکرد بە ئەدەب و ژانری پەخشان نووسین، نیو بە قەد ئەمە رووی لە لێکدانەوە و پێشهات و ئەگەرەکان نەدەکرد.

رای گشتی و بە گەڕخستنی ئەو ماشێنە زەبر وەشێنە ببووە کاری رۆژانەیی کوردستانی نوێ بە تایبەتیش کە ئەوێ رۆژێ مەترسییەکان بە جۆرێک بوون، کوردەواری و خەڵکی کوردستان گوێیان بۆ تەقینەوە و هەڕەشە و هێرشەکانی دوژمن شل کردبوو. کوردستانی نوێ وەک رۆژنامەیەکی سیاسی کە هەڵگری پەیامی نەتەوەیی و کوردستانی بوو لە رەوشە چارەنووسسازەکاندا توانی گەورەترین رای گشتی خەڵکی کوردستان کۆبکاتەوە و بیکاتە یەک دەنگ بەرامبەر بە کشاندنەوەی دامودەزگا ئیدارییەکانی حکومەتی بەغدا، بۆ هەڵبژاردن، پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان و بۆ جاڕی فیدرالیەت. کوردستانی نوێ توانی ئەدەبیاتی مافی مرۆڤ و ئاشتی و ئاوەدانی و گرێدانی خەباتی شاخ و شار و بەرگری کردن لە دەنگی ناڕەزایی خەڵک بەرامبەر بە کێشەکانیان

تەوزیف بکات و ئەمانە بوونە دەروویەک لەو دەروویانەی کە رۆژنامەکە شانازیان پێوە دەکات. باسکردن و ئاماژەدان بە کێشەی هاوڵاتیان بەشێکە لە سیاسەتی پەیڕەوکراوی رۆژنامەکە هەر لە ژمارە سفرەوە تا بە رۆژی ئەمڕۆ دەگات و لەو رووەوە هەر زوو رۆژنامەکە رووبەڕووی دادگا کرایەوە و بوو بە یەکەمین رۆژنامەی کوردی دوای راپەڕین کە لە سکاڵای لێکراوە و لە دادگاکردنەکەشدا ئامادە بووەوە و بەرگری لە نووسینەکانیشی کردووە.

بۆ ئەوەی باشتر لە رای گشتی و پەیوەندی بە سیاستەوە بگەین ئاماژە بە یەکێک لە پێناسەکان دەکەم و نووسراوە؛ " رای گشتی دیاردەی هەڵقوڵاوی نێو خاسیەتەکانی کۆمەڵگای سیاسی یە" کوردەواریش دوای راپەڕین کەوتە قۆناغێکی ترەوە و دەکرێت بڵێین قۆناغی رۆژنامەی هاندان و جۆشدانی جەماوەر بەرەو خامۆش بوونەوە هەنگاوی هەڵگرتوو و دەرکردنی رۆژنامەیەکی سیاسی وەک رۆژنامەی کوردستانی نوێ، جۆر شوناسێکە لە رەوتی پەڕینەوە و گواستنەوەی کوردەواری.



## زمان

کە راپەڕین دێت واتایەکی تر لە دایک دەبێت. ئەوسا کوردستان؛ ماڵێکی پەرش و بڵاو، کۆڵانێکی ناشیرین بە دروشمەکانی پێش راپەڕین، جیهانێکی تەنراو و خنکێنراو بە ئەدەبیاتەکانی حزبی بەعسی سۆسیالیستی عەرەبی، شاخێک ماندوو بە چەک و خەباتی درێژخایەنی چەکداری کە لە رۆژهەڵاتدا هیچ نەتەوەیەک شان لە شانی نادات، دەرگایەک کە دەمێک بوو رەنگە جوان و ئاڵوواڵاکانی ونکرابوو. ئاوێک پرۆسەی ئەنفال پیسی کردبوو، ئاسمانێک بۆ بەزەیی دەگەڕا. ئەوسا کوردستان تەواوی جوانییەکانی لە دەست دابوو. بەڵام راپەڕین و عەفەوییەتی شۆڕشگێڕانە رستەیەکی دیکەی شۆڕشگێڕی لێکەوتەوە و خەلقی مەعریفەیەکی تری کرد کە پێش هەموو کەرەسەکان زمانی کوردی بووە ئامرازێک بۆ جۆرە دەربڕینێکی تر کە زۆر جیاواز بوو لە دەربەڕینەکانی رۆژانی دەسەڵاتدارێتی بەعس. بەڵێ ئەوێ رۆژێ کوردەواری پێویستی بە زمانێکی تری دەربرین و لێکحاڵیبوون و بوردەیی و ئەدەبیاتێکی تر بوو. وەک قەدەری هەموو شۆڕشێکی چەکداری ئەو پرۆسەیە

حزب و ژینگەیەکی بارگاوی بە کاریی حزبایەتی
سەرکردایەتی دەکرد، بۆ ئەمەش حزب پێویستی بە ماشێنی
راگەیاندن و رۆژنامەگەریی هەبوو، لەو رووەوەش یەکێتیی
نیشتمانیی کوردستان وەستای ئەو جۆرە کار و
دەستپێشخەرییانە بووە.

یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان وەک چۆن رابەرایەتی
خۆسازدان و بەرپێوەچوونی پرۆسەی راپەرینی 1991 کرد
بە هەمان شێوەش هەر زوو هاتە مەیدان بۆ خەلقکردنی
جەوێکی لەباری شارییانە بۆ کوردەواری، خوێندەوەیەکی
تری بۆ واقیعە تازەکە کرد و پێناسەیەکی نوێی پێ
بەخشی.

بۆ زمانی رۆژنامەنووسی، واتە پێویستە رۆژنامەنووس بە
کامە شێوازە زمان بدوێ و بەکام شێوەدارشتن بابەتەکانی
دابرێژێت، پانتایی و رووبەری لاپەڕەکان حوکم لەسەر کورتی
و درێژی و چڕکردنەوەی شێوازی نووسین دەکەن، بۆ ئەو
شێوەزمانەی کە رووداو و فکرەکانی خۆی پێ دادەڕژێت.
چەند کەسێک بەم شێوەیە زمانی رۆژنامەنووسی پێناسە
دەکەن؛ پێویستە زمانی رۆژنامە زمانێکی سادە بێت تا
زۆربەی خەڵک و چین و توێژەکانی کۆمەڵگا بتوانن



رۆژنامەکە بخوێننەوە و تێبگەن و بە خێرایی لە پەیامی
هەواڵ و نووسینەکان بگەن. دەتوانین ئەو جۆرە پێناسەیە
بەوە لێکبدەینەوە، کە رۆژنامە گواستنەوەی واقیعە بە
زمانێکی سادە. سادە واتای رستە و دەستەواژەی ناڕێک و
نا کامڵ ناگەیەنێت، واتە سادە بێت و هەڵگری
دەستورەکانی زمان بێت و وەک دەقێکی ئەدەبی گەمە بە
وشە و دەستەواژە نەکرێت. سادەیی لە زمانی رۆژنامەدا
خاسیەتێکە رۆژنامەی پێ دەناسرێتەوە. بەڵام پێویستە
دەرک بەوە بکرێت کە چنینی زمانی هەر سێ جۆرەکەی
رۆژنامە " خوێندراو، بیستراو، بینراو" جیاوازن لە چۆنیەتی
مامەڵە کردن لەسەر سادەکردنەوەی زماندا.

لە بواری نووسینی رۆژنامەنووسیدا پێویستە بە کەمترین
وشە و دەستەواژە، کورترین رستە بەرهەم بهێنرێت، تا
ببێتە باشترین و خێراترین کەرەسە بۆ گەیاندنی بە
خوێنەران، دەکرێت لێرەدا ئاماژە بە ژمارە و رێژەی
خوێنەران بدەین و ئەو میکانیزم و کەرەسانە چین کە
خوێنەر لە خێراترین کاتدا دەتوانێت رووداوێکی پێبگات، لەو
رووەوە زمانی رۆژنامەنووسی هۆکارێکە لە هۆکارەکانی دیکە
تا لە خێراترین کاتدا لە رووداو و هۆکاری روودانەکەی بگات.

ئەمەش تێزی بژاردەیی بۆ خوێنەرانی ڕۆژنامە ڕەتدەکاتەوە.

یەکێک لەو ئەرکانەی کە ئەمڕۆ ڕاگەیاندن ڕووبەڕوی دەبێتەوە گەڕانە بە دوای کاریگەریی زمان لەسەر بیرکردنەوەی مرۆڤ و تێگەیشتنی بۆ داخوازییەکان لەسەر ئەم بنەمایە لە کۆنەوە تا بە ئەمڕۆ دەگات کۆمەڵێک پرسیار ڕووبەڕوی جیهانی ڕۆژنامەنووسی بۆتەوە، ئایا ڕۆژنامە توانیویەتی فکر و ڕووداو و هەست و بابەتی تر لە واقیعدا بە شێوە زمانێکی کاریگەر بۆ خوێنەران بگوازێتەوە؟

ئەم پرسیارەی پێشەوە هەر لە سەرەتاوە بووە خەمێکی گەورەی ستافی سکرتاریەت و نووسینی ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، بەڵام وەنەبێت هەر لە سەرەتاوە کار بە زمانی پرۆفیشناڵی ڕۆژنامەنووسی کرابێت. لە سەرەتادا لە ڕووی زمانەوە بابەتەکان بە گران خۆی دەدا بەدەستەوە، دیارە ئەوسا زیاتر ئەدەبیاتی شاخ و ڕۆژانی شۆڕش بە هەند وەردەگیرا، نەدەکرا وردەکاریی بۆ هەواڵ و وتارە سیاسییەکان لە باری زمانی ڕۆژنامەنووسیدا بکرێت، ئەوەی زیاتر کاری بۆ دەکرا ناوەڕۆک و کاریگەریی بابەتەکان بوون لەسەر رایگشتی خەڵک، دەتوانم بڵێم هوشیارکردنەوە و هاندان دوو پنتی دیاری ئەوێ ڕۆژێی پرانیسیپەکانی کاریی



ڕۆژنامەنووسی بوون، بەڵام گەڕان و پشکنین و ساغکردنەوەی کۆمەڵێک وشە و دەستەواژە، میکانیزمێک بوون بەردەوام ستافی ڕۆژنامەکە کاریان بۆ دەکرێت، بە تایبەتیش ئەو وشە و زاراوانەی کە ڕۆژنامەنووسی ئاشکرای کوردی ئاشنای نەبوو یاخود ڕێگا نەدەدرا بەکاری بهێنێت. کوردستانی نوێ سەرەتا نەیتوانی خۆی لە قاڵبی ئەو زمانە بە دوور بگریت کە " ڕێبازی نوێ" و چاپکراوە کوردییەکانی تری یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بەکاریاندەهێنرا. ئەو شێوەداڕشتنە تەمەنی کورت بوو، وەک بەشێک لە ژیانی کوردەواری وردە وردە زمانی داڕشتنی کوردستانی نوێ بووە سەبکێکی تایبەت لە جیهانی ڕۆژنامەگەریی کوردی و ئەو ڕۆژنامە و گۆڤار و بڵاوکراوانەی کە لە دوای کورستانی نوێ دەرچوون ڕاستەوخۆ سوودیان لە شێوەداڕشتنەکانی کوردستانی نوێ بینی و تا بە ئەمڕۆش دەگات گەلێک ڕۆژنامەی خوێنراو تەقلیدی کوردستانی نوێ دەکاتەوە.

زمان خوێنی ڕۆژنامەیە. بۆ ئەوەی ڕووداوەکان خێرا و بێ لێکدانەوە و گرێ ی گۆڵ بە خوێنەران بگەن پێویستە کار لەسەر سادەکردنەوەی زمانی ڕۆژنامە بکرێت، واتە پێویستە

رۆژنامە و رۆژنامەنووس خۆی بەدوور بگرێت لە رازاندنەوەی زمان لە نووسینەکانیدا.

## هەواڵ

یەکێک لەو کۆڵەگە پتەوانەی کە رۆژنامەی پێ دەناسرێتەوە هەواڵە. هەر لەسەر ئەو بنەمایە رۆژنامە بە هەواڵ ناوزەد دەکرێت. وەک نەریتێکیش وا کەوتۆتەوە کە هەواڵ زۆرترین رووبەری رۆژنامە بۆ خۆی دەبات. لەو پێودانگەوە واباوە کە رۆژنامەی پڕ خوێنەر و بە هەرمێن ئەو رۆژنامەیەیە کە رووداوی گەرم و گوڕ بڵاودەکاتەوە بە شێوەیەک بە خوێنەرانی دەگەیەنێت کە سەرنجڕاکێشەر بێت.

سەرچاوەکانی هەواڵ لە رۆژی ئەمڕۆدا تا دێ زۆردەبن، بە تایبەتی وا هۆکارەکانی ئەلیکترۆنیات بە تەواوی جیهان دادەپۆشن. ئەو هۆکارەش لە بواری رۆژنامەگەریدا بە ئامێرەکانی گواستنەوە خۆی ناساندووە. کوردستانیش کۆششی باشی کردووە بۆ سوود وەرگرتن لە هۆکارە پێشکەوتووەکانی گەیاندن. ئەگەرچی رۆژنامەی کوردستانی نوێ لە رۆژگارێکدا لە دایک بوو کە



کوردستانی عیراق خنکێنرابوو بە چەندان پرۆسەی ئابلۆقەدان و ئەوسا بە گوێرەی پێویست نەیدەتوانی سوود لە دوا هۆکاری پێشکەوتووی وەرگرتنی رووداوەکان وەربگرێت!

پێش ئەوەی لە ئاست و پێگەی هەواڵ لە رۆژنامەی کوردستانی نوێ بدوێم، دەمەوێت بەرپەرچی ئەو رستە نازانستییە بدەمەوە کە گوایە رۆژنامەی حزبی جۆرێکی جیاوازە لە رۆژنامە و رۆژنامەی هەواڵیش جۆرێکی ترە لە رۆژنامە، ئەم لێکدانەوەیە هەر زوو کورتی هێنا، چونکە ناکرێت رۆژنامەی حزبی بە رۆژنامەی هەواڵ ناوزەد نەکرێت، بەڵام دەکرێت لە باری بڵاوکردنەوەی هەواڵدا وەک خاسیەتێک لە خاسیەتەکانی رۆژنامەی حزبی لێکبدرێتەوە. بۆ نموونە ناکرێت رۆژنامەیەکی گەورە و خاوەن پێگەیەکی دیاری وەک رۆژنامەی کوردستانی نوێ بە رۆژنامەی هەواڵ پۆلێن نەکرێت!

لە سەرەتادا رۆژنامەنووس و کارمەندەکانی رۆژنامەی کوردستانی نوێ بە کۆششی خودی و بە هاندانی بەرپرسە حزبییەکان و دەوروبەر خۆیان پێگەیاند و

ئێستا گەیشتوونەتە ئاستێک وەک رووبارێکی خاوەن سەرچاوەی دەوڵەمەندی لێهاتووە و تا دێت و لق و پۆپی پڕ بەرهەمی لێدەکەوێتەوە.

لە دەستپێکدا سەرچاوەکانی هەواڵی رۆژنامەی کوردستانی نوێ تەنیا بریتی بوون لە ئاژانسە گەورەکانی هەواڵ لە جیهان و جیهازی بێتەلی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و چەند رۆژنامەیەکی بیانی کە لە رێگای نوێنەر و بەرپرسە حزبییەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بە هۆی ئامێری فاکس یاخود بە هۆی جیهازە بێتەلەکانی حزب بە بیرۆی رۆژنامەکە دەگەیەنران. هەروەها تۆڕێکی زیرەکیشی لە پەیامنێر و نووسینگەکان هەبوو کە بەردەوام بە نامە یاخود لە رێگای جیهازی بێتەلی حزبەوە هەواڵ و بابەتیان بۆ رۆژنامەکە دەنارد، نابێت ئەوەشم لەبیر بچێت کە زۆرجار سوود لە تەلەفۆنە سەتەلایتەکەی مام جەلال-یش دەبینرا بۆ وەرگرتنی هەواڵ، کە هەر لە رۆژانی راپەڕیندا مام جەلال وەک یەکەم سەرکردەی بەرەی کورد لە کوردستانی باشوور توانی ئەو تەلەفۆنە بێنێتە کوردستان.



دوای چەندساڵێک لەبەرێکردنی تەمەنی رۆژنامەکە ئینجا توانرا سوود لە پرۆسە بەربڵاوەکەی سیستەمی گلوبالیزم وەربگیرێت بە تایبەتیش بە بەکارهێنانی ئامێری ئینتەرنێت و دانانی سەتەلایت.

کوردستانی نوێ هەر لە سەرەتاوە تا بە رۆژی ئەمڕۆش دەگات زۆرترین پانتایی بۆ هەواڵ تەرخانکردووە. لە سەرەتادا لە لاپەرە یەکدا زیاتر هەواڵە گەرمەکانی جیهان لەگەڵ هەواڵە پلە یەکەمە ناوخۆییەکان بڵاودەکرانەوە، لاپەرە دووش بۆ بڵاوکردنەوەی راپۆرتە هەواڵ و لێکدانەوەی رووداوەکان تەرخانکرابوو. بە هەمان شێوە لاپەڕەکانی تریش بۆ ژانرێک لە ژانرەکانی تری هەواڵ تەرخانکراو بوون. جا ئەگەر هەواڵ بریتی بێت لە گەرمترین رووداوی رۆژ ئەوە رۆژنامەی کوردستانی نوێ خاوەنی دەستپێشخەریی بەردەوام بووە، ئەوەی تا بە ئەمڕۆش دەگات کە نەمری بە رۆژنامەکە داوە، بۆتە سەرچاوەیەک بۆ گواستنەوە و وەرگرتنی هەواڵ بۆ رۆژنامە و تەلەفزیۆن و ئێستگەکانی رادیۆ و پێگە ئەلیکترۆنیەکان لە ناوەوە و دەرەوەی کوردستاندا.

کۆڵەگەیەکی تر کە ستوون و گۆشەی رۆژنامەی لەسەر دەوەستێت و پێناسی سەرکەوتووی پێدەبەخشێت، شێوازی

داڕشتنی هەواڵە، ئەمەش وابەستە کراوە بە وەڵامدانەوەی چەند پرسیارێک و شارەزابوون لە بنەماکانی تەکنیکی داڕشتنی هەواڵ.

ستافی رۆژنامەی کوردستانی نوێ هەر زوو دەرکیان بەو هونەرە کردووە، رۆژنامەکە لەو بوارەدا زۆرترین قورسایی خۆی لە بەشی هەواڵدا خستبووە گەڕ، بۆ داڕشتنی هەواڵ سەرەتا بە هەواڵساز دەستی پێدەکرد، تا بە سەرنووسەر دەگەیشت بە چەندان فلتەری تردا تێدەپەڕی، ئەو فلتەرانە سانسۆر نەبوون، بەڵکو زیاتر لە باری هونەری رۆژنامەنووسیدا لێکدانەوەیان بۆ داڕشتنی هەواڵەکە دەکرد، کە رەنگە بەرژەوەندییە حزبی و کوردستانی و ناوچەیی و جیهانییەکانیش بۆ بڵاوکردنەوەی هەواڵەکان لەبەرچاو گیرابێت، ئەمە بە واتای سانسۆر نایەت بەڵکو هێڵی کاردنی رۆژنامەکە بووە. بۆ رایکردنی بەشی هەواڵ بێجگە لە سکرتاریەتی نووسین و بەرپرسی بەشەکە، کۆمەڵێک کەس کاری تێدا دەکەن. بە هەواڵ و شێوە داڕشتنی هەواڵەکان رۆژنامەی کوردستانی نوێ بەشدارییەکی کارای لە ژیانی نوێی کوردەواریدا کردووە و خزمەتەکانی لەو بوارەدا دیار و پڕ بەرهەمن.



هەر لە پەراوێزی ئەم ناونیشانەدا دەمەوێت ئاماژە بەوە بدەم، کە ئایا رۆژنامەیەکی فراوان و بە تەمەنی وەک کوردستانی نوێ بۆتە سەنتەرێکی هەواڵ لە کوردستاندا. ئەگەر ئەو بڕیارە ئەوەندە گەورە و باڵا بێت بۆ دەرکردنی رۆژنامەیەکی رۆژانە، ئەوە وردترین کاریش ئەوەیە کە تا چەند کەرەسە خاوەکان زوو خۆیان دەدەنە دەست بۆ تەواوکردنی زنجیرەکانی ئەو بڕیارە، بەڵام لە کوردستانی رۆژانی راپەڕیندا بە پێچەوانەوە هەموو شتەکان بە ئاسایی وەردەگیران چونکە تەواوی کوردەواری وابەستە کرابوو بە کێرڤی بەرزی شۆڕشگێڕیی، دەرکردن و بڵاوکرانەوەی رۆژنامەیەکی رۆژانەی وەک کوردستانی نوێش هەر دیسان لەو سەرچاوەیە سەرچاوەی گرتبوو، ئەوەی زیاتر ستافی رۆژنامەکەی ماندوو دەکرد، وردبوونەوە و گەڕان بوو بۆ هونەرە رۆژنامەگەرییەکان تا خۆیان دەربازبکەن لە لاسایی کردنەوەی دوێنێ! بۆ نموونە لە رۆژانەکەدا پشکنین و گەڕان و بەدواداچوون بۆ رووداوەکانی رۆژ دەکرا، ئینجا وەک هونەرێکی رۆژنامەنووسی کاری لەسەر دەکرا. رۆژنامەی کوردستانی نوێ هەر لە سەرەتاوە وەک

کەناڵێکی فراوان و گەورە بۆ وەرگرتن و بڵاوکردنەوە و گەیاندنی هەواڵ ناسێنرا و دەناسرێت. بەڵام تا ئێستاش نەبۆتە سەنتەرێکی ناسراو و بەناوبانگ بۆ بڵاوکردنەوە و فرۆشتنی رووداو و هەواڵەکانی رۆژ. ئەمە و رۆژنامەکە بۆتە سەرچاوە و کانگا بۆ دەزگاکانی راگەیاندن لە کوردستاندا کە زۆر نابەرپرسیارانە هەواڵەکانی کوردستانی نوێ وەردەگرن و وەک موڵکی خۆیان بڵاویدەکەنەوە. لە ئاستی دەرەوەشدا تا ئێستا تەنیا چەند جارێک رۆژنامە و دەزگاکانی هەواڵ لە جیهاندا ئاماژەیان بە هەواڵەکانی کوردستانی نوێ داوە.

## ریپۆرتاج

رۆژنامەنووسی سەرکەوتوو ئەو کەسەیە کە ریپۆرتاج دەکات. ئەمە هەم پرسیارە، هەم وەڵام و رامانە لە ریپۆرتاج، لە هەردوو بارەکەدا ریپۆرتاج وەک هونەرێکی گران لە نێو ژانرەکانی تری هونەری رۆژنامەنووسیدا لێکدراوەتەوە. ریپۆرتاج گێڕانەوەی هەقیقەتە بە شێوەیەکی هونەری سەرنجڕاکێشەر، فایلێکی گەرم دەکرێتەوە بە مەبەستی وروژاندنی زۆرترین ژمارەی



خوێنەر و پاشان گەڕان بە دوای چارەسەردا. لە رۆژنامەی کوردستانی نوێ- شدا هەر زوو لە هەشت لاپەڕەکەی سەرەتادا لاپەڕەیێکی بۆ ریپۆرتاج و چاوپێکەوتن تەرخانکرا، تا بە ئەمڕۆش دەگات ئەو هونەرە لە کوردستانی نوێ دا بەردەوام پەرەی پێ دەدرێت و جێ پەنجەی رۆژنامەنووسانی رۆژنامەکە بەسەر پێشخستنی ئەو هونەرە لە مێژووی رۆژنامەگەریی کوردیدا بە بایەخەوە باسی لێوەدەکرێت. ئەمە وەنەبێت بەدەربێت لە خەوش و کەموکوڕی! بەڵام ناکرێت بۆ مێژووی ئەم بیست ساڵەی دوایی رۆژنامەگەریی کوردی باس لە هونەری ریپۆرتاج بکرێت و رۆژنامەی کوردستانی نوێ فەرامۆش بکریت.

رۆژنامەی کوردستانی نوێ، هەر لەگەڵ یەکەمین پێکهاتەی ستافەکەیدا هەوڵیدا خەڵکانێک هەبن کە لە هونەری ریپۆرتاج بزانن و زانیارییان سەبارەت بە ئامادەکردن و نووسینی ریپۆرتاج هەبێت. هەر زوو توانی دەرگا لەسەر چەندان کێشەی هەستیار بکاتەوە، ئەمەش وایکرد وەک یەکەمین رۆژنامەی سەردەمی راپەڕین بچێتە بەردەمی دادگا، هەر لەو کاتەوە

دەسەڵاتداران لێی کەوتنە تەقە..! یەکێک لەو هونەرە رۆژنامەنووسیانەی کە کوردستانی نوێ هەقە شانازی پێوە بکات، ئەو سەدان ریپۆرتاژەیە کە بڵاویکردۆتەوە. ئەو رۆژنامەنووسانەی کە لە کوردستانی نوێ دا کاریان لە بەشی ریپۆرتاج دا دەکرد و دەکەن زۆربەیان وریا و وردبین بوون لە کاتی کارکردن لەسەر بابەتەکانی ریپۆرتاج دا. بەڵام ئەمڕۆ لەگەڵ بەرفراوانتر بوونی باری رۆژنامەگەریی کوردی، بەهۆی نەبوونی رۆژنامەنووسی ئازا و چالاک و گوێ قوڵاغ و بیرتیژ و وریا لە رۆژنامەکەدا کۆمەڵێک فایل و بابەت و رووداوی گەرم لە دەست دەدات....!

## گۆشە

لە بواری رۆژنامەنووسیدا گۆشە بە دوو جۆر هاتۆتە ناساندن یەکێکیان تایبەتە بە بوارێک لە بوارەکانی ژیان کە هەموو نووسەران و رۆژنامەنووسان دەتوانن تێیدا بنووسن، هەروەها گەلێک جار تایبەتمەندی بەو جۆرە گۆشانەش دەدرێت، بۆ نموونە گۆشە بۆ وەرزش، ئابووری، ئەدەب، هونەر، سیاسەت،.... هتد. ئەمە لە



حاڵێکدا ئەگەر رۆژنامەی تایبەتمەندیش هەبوو، دەکرێت ئەو جۆرە گۆشانە لەو رۆژنامە و پاشکۆ تایبەتمەندانەشدا بکرێنەوە. ئەگەر فراوانتر پێناسەی ئەو جۆرە گۆشانە بکەین دەکرێت بە گۆشەی موڵکی گشتی ناوزەد بکرێن. جۆرێکی تریش لە گۆشە. کە بە ستوونی رۆژنامەنووسی ناوی هاتووە و لە ناو کورد دا بە گۆشەی شەخسی ناودێر کراوە. ئەو هونەرە هونەرێکی تازەی رۆژنامەگەرییە، ئەمڕۆ لە ئەورووپا و وڵاتە پێشکەوتووەکاندا بۆتە نەریتێکی باو، نووسەر و رۆژنامەنووسە ناسراو و بەناوبانگەکان ئەو جۆرە گۆشانە دەنووسن. ئەگەر وەک سەرەتا باس لە گۆشەی رۆژنامەنووسی بکەین پێویستە ئاماژە بە سەروتار بدەین، کە سەرەتایە بۆ ستوونی رۆژنامەنووسی. جۆری دووەمی گۆشە، ستوونی شەخسین و رۆژانە یاخود هەفتانە دەنووسرێن. لە شوێنێکی تایبەت و دیاری رۆژنامە دادەنرێن و تا لە رووی دیزاین و پیتی چاپیشدا تایبەتمەندی خۆیان هەیە. بابەتی ئەو جۆرە گۆشانە رووداوێکی رۆژە و بە شێوازێکی سادە دەنووسرێت و زیاتر کار لەسەر پرسیار و سەرسووڕماندا دەکات.

لە رۆژنامەی کوردستانی نوێ دا هەر لە ژمارە سفرەوە گرنگی بە هەردوو جۆرەکەی گۆشە دراوە و لەگەڵ باڵاکردنی تەمەنی رۆژنامەکەش هونەری گۆشە و نووسینی گۆشەکان و ئەو کەسانەی کە گۆشەکانیان نووسیوە، پەرەی پێدراوە. لە کوردستانی نوێ دا تەمەنی رۆژنامەنووس و نووسەران مەرجێک نەبووە کە گۆشە وەربگرن، بەڵکو ئاستی رۆشنبیری و تێگەیشتن و درکردنی نووسەرەکان بۆ مەسەلەکانی رۆژ مەرجی نووسین بوون، ئەمە و وەنەبێت ستافی نووسینی رۆژنامەکە بانگهێشتی نووسەرە دیارەکانی نێو کایەی نووسین و رۆشنبیری کوردیان نەکردبێت کە گۆشەی بۆ بنووسن. ئەمە بۆ گۆشە شەخسییەکان، گۆشە گشتییەکانیش زیاتر ستافی رۆژنامەکە نووسیویانە. کوردستانی نوێ لە بواری نووسین و کردنەوەی گۆشەشدا خاوەنی خاسیەت و تایبەتمەندی خۆیەتی هەر بۆیە ئەوەندەی بەدواداچوونم بۆ کردووە تا ئێستا چەندان رۆژنامە و هەفتەنامە و مانگنامە لاسایی گۆشەکانی رۆژنامەی کوردستانی نوێ یان کردووە و لەژێر کاریگەریی فکرە و ناو و شێوازی گۆشەکانی کوردستانی نوێ دا، گۆشەیان کردۆتەوە!



## دیزاین و تەکنیك

هەر تەنیا هونەری رۆژنامەنووسی بەس نیە بۆ بە پێوەوەستانی رۆژنامە، بەڵکو هونەری رۆژنامەنووسی و هونەری رۆژنامەگەریی دوانەی سەرکەوتنی رۆژنامەن. یەکێک لەو پرسیارە قورسانەی کە گەلێکجار دووبارە و دەبارە دەبێتەوە، روانینمانە بۆ فۆرمی رۆژنامە، واتە دیوی دەرەوەی چییە؟ سەبارەت بەو هونەرە یەکێک لە بۆچوونەکان پێ ی وایە؛ هونەرمەندی بواری رۆژنامەگەریی زاراوە رووتە ئاڵۆزەکان بۆ زاراوەی واقیعی پڕ بە پێستی ژیان دەگۆڕێت، ئەو هونەرەش بە هونەرێکی باڵا دراوەتە قەڵەم کە هەڵگری دیوێکی تری واتای وشەیە، ئێمە ئەو رۆژنامەیە بێ رۆح دەبینین، کە هونەرکارییەکی جوان و رێک و پێکی تیایە رەچاو نەکرابێت، لەو پرۆسەیەدا زۆربەی قوتابخانە و رێبازە هونەرییەکان تاقیکراوەتەوە و بە هەند وەرگیراون. بۆ هونەری رۆژنامەگەریی کە دیزاین کۆڵەگەیەکی پتەوی ئەو هونەرەیە، گەیاندن و تەوزیفکردنی بابەت رۆڵی سەرەکی دەبینێت، واتە تێگەیشتن، پەیامی چەمکە سەرەکییەکەیە. دیزاین ئێستاتیکا بە چەمکی

بابەتەکان دەدات و ناکرێت بۆ بە هەڕمێکردنی رۆژنامە گەمە رۆحیەکانی دیزاین فەرامۆش بکرێت. لە مانشێت تا دوا بابەت پێویستی بە کاری وردی هونەری دیزاین هەیە و هارۆنیەت جوانی و چەمک و واتای تر بە فەزای رۆژنامە دەدات. هەر بۆیە زۆرجار فۆرمی رۆژنامە بە تابلۆیەکی شێوەکاری دەچوێنرێت. ئەمەو وەنەبێت پێشکەوتنە خێراکانی تەکنۆلۆژیای ئەلیکترۆنی بووبن بە رێگر بۆ هونەرکاری لە کاری دیزاینی رۆژنامەدا.

کوردستانی نوێ هەر لە سەرەتاوە هەوڵیداوە بە جوانترین شێوە خۆی بنوێنێ و چاو و زاکیرەی خوێنەران هەڵوەستەی بۆ بکەن. ئەو فۆڕمەش بە وردی کاری بۆ کراوە و هەر زوو توانی خۆی دەرباز بکات لە دیزاینی لاسایی کراوە و کلیشەی ئامادەکراو. هونەرکارانی رۆژنامەکە بە هاوکاری ستافی نووسین هەر زوو چوارچێوەکانی لاسایی کردنەوەیان بڕی.

لەگەڵ دەرچوونی کوردستانی نوێ دا سەبکێک لە جیهانی رۆژنامەگەریی کوردیدا لە دایک بوو کە دەتوانین ناوی بنێین جێگیرکردنی سەبکی تابلۆید لە رۆژنامەگەریی کوردیدا و هەر لەسەر ئەو پێودانگەش بە وردی کار لەسەر ماکێت و



گۆشەکانی ماکێتدا کراوە. فۆڕم و سەبکی کوردستانی نوێ بووە جێ نیگای ئەو هەوڵە رۆژنامەگەرییانەی کە دوای کوردستانی نوێ لە دایک بوون.

هەر پەیوەند بەو باسەی پێشەوە، ئەگەر باس لە پێشڤەچوونی تەکنۆلۆژیای رۆژنامەگەریی بکەین، پێویستە بە دوێنێی رۆژنامەگەرییەوە گرێی بدەین و نویشکێک لەو رۆژگارە وەربگرین. وەک دەرکەوتووە کە رۆژنامەی " چین بان" ی چینی ی یەکەمین رۆژنامەیە و رۆژێکیشدا سێ جار دەرچووە و هەر جارێک بە رەنگێک دەرچووە. سەرلەبەیانیان رەنگی زەرد بووە، نیوەرۆیان رەنگی سپی بووە و ئێوارانیش رەنگی سوور بووە. بەڵام لە سەدەی سیانزدە و چواردەدا لە ئەوروپا چەند رۆژنامەیەک بە دەستنووس بڵاوکراونەتەوە، یەکێک لەو رۆژنامانەش رۆژنامەی " Bougeoisie " بووە، کە لە پاریس دەرچووە. بەڵام دوای پەیدابوون و داهێنانی ئامێری چاپکردن و چاپخانە واز لە رۆژنامەی دەستنووسی هێنرا. وەک دەزانرێت ساڵی 1440 " گۆتنبێرگ ی ئەڵمانی ئامێری چاپخانەی داهێناو و هەر ئەو کاتەش پیتی کانزایی بەکارهێنا، ئەم داهێنانەش بووە شۆڕشێکی ناسراو لە جیهانی چاپ و

چاپخانە و ڕۆژنامەگەریدا، ئەو چاپخانەیە ساڵی 1448 بە زمانی ئەڵمانی تەوراتی لێ چاپکرا. ئەو داهێنانە زۆر بە خێرایی لە جیهاندا بڵاوبۆوە بە تایبەتیش لە وڵاتانی ئەوروپادا. ئەمانە هەر هەموویان بە ئاشکرا بڵاوبوونەوە، بەڵام لە وڵاتی فەڕەنسا لە سەدەی هەژدەی زایندا بە هۆی سیاسەتی دەسەڵاتدارانی ئەوساوە و سەرکوتکردنی ڕۆژنامەنووسان، چەند ڕۆژنامەیەک بە نهێنی دەردەچوون. بۆیە ڕۆژنامە جارێکی تر بە دەستنووس بڵاوکرایەوە. هەندێک سەرچاوە وای بۆ دەچن کە دوو هۆکار بوونەتە هۆی بەرەوپێشچوونی ڕۆژنامەگەریی لە ئەوروپا و وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا:

1- داهێنانی ئامێری چاپی بازرگانی، کە بۆ یەکەم جار لە ساڵی 1814 دا داهێنراوە، بۆ یەکەم جار ڕۆژنامەی " تایم" ئەو جۆرە چاپخانەیەی بەکارهێناوە.

2- هێڵی ئاسنین و ئامێری بێ تەل، سەرهەڵدانی ئەو هۆکارەش خاڵێکی ترە بۆ پێشکەوتنی ڕۆژنامە و گۆڤارەکان.

کوردستانی نوێ ش لە ڕۆژگارێکدا لە دایک بوو کە کوردستان بە چەندان ئابلۆقە دەورەدرابوو، کۆششێکی زۆر



سەرفکرا تا بەمرۆ گەیشت. سەرەتا بۆ تایپکردنی بابەتەکان تەنزیدی ئەلیکترۆنی بەکاردەهێنرا، پاشان وەک هەر ڕۆژنامەیەکی تر لە ڕۆژهەڵات و چەند وڵاتێکی تردا دیزاینکاریی شارەزا بە دەست لاپەڕەکانیان دیزاین دەکرد. بەڵام بەهۆی ئابلۆقەی ئابووری و سیاسی لەسەر کوردستاندا کە ماددە خاوەکانی ئامێری تەنزیدە ئەلیکترۆنیەکە تەواو بوو نەتوانرا وەدەست بخرێن، ئیتر دوای ئەمە پەنا بۆ تایپکردنی دەستی بردرا و بابەتەکان بە تایپی دەستی وەک ڕۆژانی شاخ و پێشمەرگایەتی تایپ دەکران و پاشان وەک پرۆسەکەی پێشوو بە دەست دیزاین دەکراو ئینجا دوای فیلمگرتن و مۆنتاج و بە پلێتکردن لە ڕێگای چاپخانەی ئۆفسێتەوە چاپ دەکرا. بەڵام وەنەبێت هەوڵەکان لە شوێنێک وەستابن دوای ماوەیەک بە تایبەتیش لە ساڵی 1993 توانرا چەند کۆمپیوتەرێک بۆ تایپکردنی بابەتەکان بۆ ڕۆژنامەکە دابین بکرێت، بەمە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ بووە یەکەمین ڕۆژنامە لە کوردستاندا کە ئامێری کۆمیوتەری بۆ تایپکردنی بابەتەکان بەکارهێنابێت. بەڵام تا ساڵی 1998 دیزاین هەر بەدەست دەکرا، تا کۆمەڵێک کۆمپیوتەری پێشکەوتووتر دابینکرا و ستافی هونەرکاریی

باشتر ئامادەکرا، ئەوەبوو لە کۆتاییەکانی ساڵی 1998 وەک هەنگاوێکی سەرەتایی بۆ رایکردنی دیزاین کار بە کۆمپیوتەر کرا، بەڵام پرۆسەکانی بە فیلمکردن و مۆنتاج و بە پلێتکردن و پاشان چاپکردن بە هەمان رێگا کۆنەکە رایی دەکران. ئاوابوونی سەدەی بیست و هاتنی سەدەی بیست و یەک هەنگاوێکی گەورەی نا لەبواری تایپ و دیزاین و چاپخانەدا کە وەک هەر رۆژنامەیەکی پێشکەوتوو لە جیهاندا سوودی لە پێشکەوتنە تەکنۆلۆژییەکان وەرگرت و لەو بوارەشدا لە کوردستاندا هەنگاوی جەریئانەی نا بە تایبەتیش کە لە ساڵی 2004 بووە خاوەنی چاپخانەی خۆی و دەتوانم بڵێم کێشەی تەکنیکی نەما، یاخود باشترە بڵێم بەراورد بە ساڵانی سەرەتای دەرچوونی رۆژنامەکە کێشە تەکنیکیەکان زۆر کەمتر بوونەتەوە.

## ئەرشیف

ئەرشیف یاخود ئارکیف بەشێکی گرنگ و زیندووی رۆژنامەیە، بە تایبەتیش تا ئەو رۆژانەی کە هێڵی ئینتەرنێت لە کوردستاندا بوونی نەبوو. ئەوێ رۆژێ کە کوردستانی نوێ لە دایک بوو تا ساڵی 2005 بوونی ئەرشیف وەک



پێکهاتەیەکی پێویست چاوی لێدەکرا. ئەرشیڤەکەی کوردستانی نوێ هەر تەنیا بەشی ئەرشیڤکردنی ژمارەکانی کوردستانی نوێ و رۆژنامە و بڵاوکراوەی تر نەبوو، بەڵام لە چەند بەشێک پێکهاتبوو، وەک بەشەکانی وێنە و وردە زانیاری سەبارەت بە وڵاتانی جیهان و ناوخۆ. ئەرشیڤی کوردستانی نوێ لەسەر سیستەمی گشت و تایبەت دابەشکرابوو، ئەرشیڤی گشتی بریتی بوو لە بڕاوە " قصاصات" ێکی زۆری بابەتەکانی کتێب و رۆژنامە و گۆڤار و بڵاوکراوە و فەرهەنگ و ئینسیکلۆپێدیا. بەڵام ئەرشیڤی تایبەت لە بەشەکانی رۆژنامەدا رۆژنامەنووسان خۆیان لە لای خۆیان وێنە و زانیاری پێویستیان کۆدەکردەوە تا لە کاتی پێویستدا سوودیان لێ ببینن. زۆرجار ئەرشیڤە گشتیەکە سوودی لە ئەرشیڤی تایبەتی بەشە جیاجیاکانی رۆژنامەکە دەبینی. هەروەها پێویستە ئاماژەش بە دەفتەری یاداشتی ئەو رۆژنامەنووسانە بدرێت کە رۆژانە دەیاننووسی و بۆ باشتر کۆکردنەوەی زانیارییەکان گەلێجار پشت بەو دەفتەری یاداشتانەش دەبەسترا. ئەرشیڤی گشتی بە جۆرێک پۆلێن دەکرێت تا بە خێرایی سوود لە زانیارییەکان وەربگیرێت، ئەو ئەرشیڤە لە بەشەکانی وەرزش، ئابووری،

وێنە، وڵاتان، حزبەکان..... هتد پێکدێت. ئەرشیڤەکەی کوردستانی نوێ بە جۆرێک دەوڵەمەند کرابوو کە گەلێک جار رۆژنامە و هەواڵنامەی حزب و لایەنەکانی دیکەش سوودیان لێ دەبینی. لە باری وێنە و زانیاریدا ئەوەی کوردستانی نوێ ی دەوڵەمەند کردبوو، ئەوە ئەرشیڤەکە دەوڵەمەندەکەی بوو. تا رۆژی 1996/8/31 کە بیرۆی رۆژنامەکە داگیرکرا، ئەرشیڤی رۆژنامەکە لە هەموو کوردستاندا باشترین ئەرشیڤی رۆژنامەی خوێندراو بوو. دوای ئەوەی کە بیرۆی رۆژنامەکە کەوتە سلێمانی، لەوێش بە هەمان حەماسەت و زانستییەتی هەولێر کار بۆ دامەزراندن و ئاوەدانکردنەوەی ئەرشیڤ درا. بەڵام ئەمڕۆ بۆ وێنە و زانیاری، سوود لە تۆڕی ئینتەرنێت وەردەگیرێت، بە تایبەتیش کە ماوەیەکە وێنە لە دەزگای رۆیتەرز دەکڕێت.

## بازاڕ

بۆ دەرکردنی رۆژنامەیەکی رۆژانەی سیاسی لە رۆژانی گەرم و گوڕی راپەڕیندا، پێویست بوو کە گوێ لە بۆچوون و سەدای ئەو دەنگانەش بگیرێت کە لە شەقامی کوردەواریدا ئاڵودەی پرسیار و وەڵام بوون، بە تایبەتی لیبرالییەتی لاوان



و دەنگی ئاڵۆز و عەفەوییەتی تێک قژقژانەکە، کە گەلێک سات ماراسۆنەکە کاردانەوەی سەیری لێدەکەوتەوە. مەبەستمە بڵێم ئەوێ رۆژێ کە نیشتمانێکت هەبوو لە قەزاو قەدەر، چۆن دەتوانیت بازاڕێک چێ بکەیت بە ناوی بازاڕی فرۆشتنی رۆژنامە. نەخشە بۆ قازانج و زیان دابنێیت! بریاری دەرکردن و بڵاوکردنەوەی کوردستانی نوێ هەر لە سەرەتادا وەکو بڕیارێکی بوێرانە لە لایەن شەقامی کوردییەوە وەرگیرا و گەرمترین بازاڕی چاپەمەنی کوردی بۆ خۆی دەستەبەرکرد، رۆشناییەکی رەونەقداری بە رۆژنامەگەریی کوردی بەخشی. تیراژی رۆژنامەکە رۆژ بەرۆژ بەرەو هەڵکشان دەچوو، ساڵ هەبووە تیراژی بۆتە 10000 دانە، سەرەڕای ئەمەش لەلایەن دەستگێڕەکانەوە بابەتە سەرنجڕاکێشەرەکانی کۆپی دەکرا و دەفرۆشرا. ئەگەرچی ئەمڕۆ بازاڕی چاپەمەنی کوردی پڕ بووە لە رۆژنامە و گۆڤار و هەفتەنامە و مانگنامە و بڵاوکراوە، بەڵام تا ئێستاش کوردستانی نوێ بازاڕی خۆی لە دەست نەداوە و خوێنەری خۆی هەیە. لە کاتی گەرمبوونی رووداوەکانیشدا بە هەمان حەماسەتی ساڵانی بەرایی دەبێتەوە بە هەرمێنترین رۆژنامە لە کوردستاندا.

# بەشی سێیەم

## پاشکۆ
## لە مێژووی کوردستانی نوێ دا

## دەستپێك

پاشکۆ لە رۆژنامەی خوێندراودا بریتیە لە چەند لاپەڕەیەکی زیادکراو بۆ رۆژنامە کە تایبەتە بە بوارێک لە بوارەکانی ژیان و هەڵگری کۆمەڵێک خاسیەت و تایبەتمەندییە. بە داخەوە نە سەرچاوەی پێویستم لەژێر دەستدا بوو نە کاتی ئەوەم هەبوو سەفەرێکی ورد بە مێژووی رۆژنامەگەریی کوردیدا بکەم تا بزانم بۆ یەکەمینجار کام رۆژنامە یان گۆڤاری کوردی پاشکۆی تایبەتی ئاخنیوەتە دووتوێ ی بەرگ و لاپەڕەکانی و لەسەر چ بنەما و خاسیەتێک کارەکانی رایی کردووە! ئەوەندەی بە خێرایی و رەگوزەرانە دێتەوە بیرم لە سەرەتای هەفتاکانی سەدەی رابردوودا هەفتەنامەی هاوکاری چەند جارێک پاشکۆی هاوپێچ کردووە بە ژمارەکانیدا. هەروەها لە هەشتاکانی سەدەی رابردوودا گۆڤاری کاروان- یش چەند پاشکۆیەکی



دەردەکرد. لە رۆژنامەگەریی نهێنی و ئاشکرای کوردیدا گرنگی بە دەرکردنی پاشکۆ بۆ گۆڤار و هەفتەنامە و بڵاوکراوەکان دراوە، لەو رووەوە پێویستە " پاشکۆ " ی کوردی رۆژنامەی " العراق " ی عەرەبیزمان فەرامۆش نەکرێت بە تایبەتیش خولی یەکەمینی پاشکۆکە. کە هەڵگری خاسیەتی پاشکۆیەکی رۆشنبیری کوردی رۆژنامەیەکی عەرەبیزمان بووە و هەر بەو شێوە و ناساندنەش چۆتە نێو مێژووی رۆژنامەگەریی کوردییەوە. دیارە وەکو وتم دەرفەتی ئەوەم نەبوو خاڵی دەسپێکی پاشکۆ لە رۆژنامەگەریی کوردیدا دەستنیشان بکەم هەر بۆیە تەنیا ئاماژەم بە چەند رۆژنامە و گۆڤارێک دا.

### پاشکۆ لە خەباتی نهێنی دا

لە خەباتی نهێنی رۆژنامەگەریی کوردیدا؛ لە ساڵی 1982- ەوە تا 1990 بە تایبەتی لە شۆڕشی نوێ دا 1975 تا 1991 یەکێتیی نیشتمانیی کوردی مۆدێلێکی تری داهێناوە کە لەگەڵ چەند بڵاوکراوە و گۆڤار و شێوەرۆژنامەیەکیدا پاشکۆی تایبەتی دەرکردووە و بۆتە مۆدێلێک لە مۆدێلەکانی رۆژنامەگەریی نهێنی کوردی و

لەو رووەوە دەکرێت سەیری الاتحاد و راپەڕین و الشرارة و ڕێبازی نوێ و گۆڤاری کۆمەڵە بکرێن. لەو ماوەیەدا یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان زۆر گرنگی بە دەرکردنی پاشکۆی تایبەت بۆ چالاکییەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان داوە کە پاشکۆکان لە باری فۆڕمدا لە هەمان فۆڕمی الاتحاد و راپەڕین و الشرارة و ڕێبازی نوێ و کۆمەڵە دان. هەروەها گۆڤاری گرنگ ـ ی یەکێتیی نووسەرانی کوردستان ـ لقی کەرکوک چەندان پاشکۆی دەرکردووە. ئەمەو لە گەرمەی رۆژانی راپەڕینی 1991 مەڵبەندی سێ ی رێکخستنی هەولێر رۆژنامەیەکی قەبارە تابلۆیدی بە ناوی " راپەڕین " دەردەکرد و لە زۆربەی ژمارەکاندا پاشکۆیەکی تێدابوو، بە تایبەتیش لە کاتی مانگرتنەکەی مانگی کانوونی یەکەمی ساڵی 1991 پاشکۆیەکی بە ناوی مانگرتن دەردەکرد. لە مەڵبەندی رێکخستنی دهۆک ـ ی یەکێتیی نیشتمانی کوردستان ـ یشدا گرنگیان بە دەرکردنی پاشکۆ بۆ بڵاوکراوەکانیان دراوە. یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە دەرەوەی کوردستانیشدا چەندان پاشکۆی هاوپێچی بڵاوکراوەکانی کردووە.



## کوردستانی نوێ، رۆژنامەی پاشکۆکان

ئەوەی لەم نووسینەدا گەرەکمە ئاماژەی پێ بدەم مۆدێلی پاشکۆیە لە رۆژنامەیەکی بەرفراوانی وەک رۆژنامەی کوردستانی نوێ دا. تازە تەمەنی کوردستانی نوێ شەش مانگی هەراشبوونی بڕی بوو رووبەڕووی گەورەترین ئەرکی حزبی و رۆژنامەگەریی بووە، کە ئەوێ رۆژێ وەک تاکە رۆژنامەی کوردی چاوی دۆست و دوژمنیشی لەسەر بووە. کوردستانی نوێ یەکەمین ژمارەی لە رۆژی 1992/1/12 دەرچوو، لە مانگی نیسانی 1992 شدا لە کوردستانی باشووردا بانگاشەکان بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان دەستیان پێکرد و زۆربەی هەرە زۆری چاپکراوی بانگاشەکان رووبەڕووی ستافی رۆژنامەی کوردستانی نوێ بووە و بە هاوکاری کەناڵە لۆکالییەکانی تەلەفزیۆنی گەلی کوردستان ماشێنی بانگاشەیان گڕ داو ئەو کاتە تیراژی رۆژنامەکە بەردەوام لە هەڵکشان دابوو، رۆژ هەبووە تیراژەکەی دەکرا بە 10000 تا 12000 دانەش هەڵدەکشا و لە پاڵ رۆژنامەکەشدا بەردەوام وەک پاشکۆی رۆژنامەکە بەرنامە و دروشم و وێنە و ناوی کاندیدکراوانی لیستی سەوز

چاپ دەکران و بڵاودەکرانەوە. ئەگەرچی پێش ئەو ئەزموونەش هەفتانە پاشکۆی پەریستان ـی دەردەکرد، بەڵام کاری بانگاشەکردنەکە رۆژانە بوو نەک هەفتانە. دەکرێت لاپەڕە زیادکراوەکانی کاتی هەڵمەتی بانگاشەکردنەکە بە دەسپێکی ئەزموونی دەرکردنی پاشکۆی رۆژانە لە رۆژنامەکەدا بدرێنە قەڵەم، ئەگەرچی لەسەر ئەو لاپەڕە زیادکراوانە نەدەنووسرا پاشکۆ بەڵام بەشێکن لە مێژووی رۆژنامەکە. لەبەرئەوەی ئەوێ رۆژێ کوردستانی نوێ گوزارشتی لە دەزگای ناوەندی راگەیاندنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دەکرد و وەک دەمڕاستێک خۆی نمایش کردبوو، بۆیە هەر شتێکی زیادکراوی چاپ کردبێت بە پێویستی نەزانیوە ناوی لێ بنێت پاشکۆ یاخود لە بڵاوکراوەکانی رۆژنامەی کوردستانی نوێ دا!

## پەریستان یەکەمینە و
## خاوەنی یەکەمین پاشکۆی رۆژانەشە بۆ وەرزش!

ئەگەر بە هەقیقی مێژووی یەکەمین پاشکۆ تۆمار بکەین کە رۆژنامەی کوردستانی نوێ دەریکردووە ئەوە پێویستە ئاماژە بە رۆژی 1992/4/24 بدرێت کە یەکەمین ژمارەی



پاشکۆی " پەریستان" ی هەفتانە چاپ و بڵاوکردەوە، پەریستان سەرەتا لە دوالاپەڕەی رۆژنامەک بڵاودەکرایەوە، پاشان لە مێژووی ناوبراودا بووە پاشکۆی رۆژنامەکە. کوردستانی نوێ رۆژی 1993/1/28 یەکەم ژمارەی پاشکۆی ئەدەب و هونەر ـیشی بە شێوەی هەفتانە بڵاوکردەوە، هەروەها رۆژی 1993/3/15 یەک ژمارەی تاقانەی لە پاشکۆیەکی تر بە ناوی " پەیامی خوێندکار " بڵاوکردەوە و تا بە ئەمرۆش دەگات چەندین جاری تر پاشکۆی تری تایبەت بە خوێندکاران دەرکردووە. رۆژی 1994/6/17 تا رۆژی 1994/7/17 دەستی بە دەرکردنی پاشکۆی " مۆندیال " کرد بەمە رۆژنامەی کوردستانی نوێ بووە خاوەنی یەکەمین رۆژنامەی کوردی کە پاشکۆی تایبەت بە وەرزشی دەرکردبێت و هەروەها بووە یەکەمین رۆژنامەی کوردی کە پاشکۆی رۆژانە دەربکات، هەروەها بۆ مۆندیالی ساڵی 1998ـ یش پاشکۆی تری بۆ مۆندیال دەرکردووە و ئەمجارە یەکەمین ژمارە لە رۆژی 1998/6/9 دەرچووە و دوا ژمارەش رۆژی 1998/7/13. بۆ مۆندیالی ساڵی 2002ـ یش بە هەمان شێوە رۆژنامەی کوردستانی نوێ پاشکۆی تایبەتی دەرکردووە کە یەکەمین ژمارە رۆژی

2002/5/26 دەرچووە و دوا ژمارەش رۆژی 2002/7/2. ئەمە و رۆژی 1995/7/14 یەکەمین ژمارەی هەفتەنامەیەکی وەرزشی بە ناوی " وەرزش " وەک بەرهەمی هەردوو یانەی وەرزشی چوارباخ ی سلێمانی و یانەی وەرزشی هێرش دەرچووە، بەڵام پێویستە وەک هەقیقەتێکی مێژوویی ئاماژە بەوە بدەم کە سەرەتا تەواوی کاروبارەکانی ئەم پاشکۆیە لە لایەن ستافی رۆژنامەی کوردستانی نوێ رایی دەکرا، بۆ نموونە من لە چاپخانە سەرپەرشتی دەرچوونی ژمارە سفری ئەو رۆژنامەیەم کردووە و وەک یەکەمین ئەزموونی رۆژنامەی هەمەرەنگ لە چاپخانەی پەروەردەی هەولێر هەوڵماندا کە بە پرۆسیسی جیاکردنەوەی رەنگەکان چاپی بکەین، ئەگەرچی هەوڵەکەمان 100% سەرکەوتوو نەبوو، بەڵام بەکارکردن لەسەر چوار رەنگە بنەرەتیەکە کارێکمان کرد کە خوێنەر وا هەست دەکات کە رۆژنامەیەکی هەمەرەنگە! هەر لە بواری وەرزشدا بە بۆنەی خولە وەرزشیەکانی هەڵبژاردەی پەروەردە لە سنووری پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان لە ساڵی 2002 پاشکۆیەکی دەرکردووە بە ناوی پاشکۆی " ستادیۆمی پەروەردە " و تەنیا سێ ژمارەی لێ دەرچووە و یەکەمین ژمارە رۆژی



2002/3/16 دەرچووە و ژمارە 3 کە دوا ژمارەیە رۆژی 2002/3/30 دەرچووە. هەروەها رۆژی 2002/7/21 دەستی بە دەرکردنی پاشکۆیەکی هەفتانە بە ناوی " ستادیۆم " کردووە و پاشان بۆتە پاشکۆیەکی رۆژانە و تا ئێستاش بەردەوامە.

ساڵی 1998 بە بۆنەی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی پاشکۆیەکی بە ناوی " هەڵبژاردن " دەرکرد و تایبەت بوو بە پرۆسەکە و بانگاشەی بۆ لیستی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دەکرد. رۆژی 1999/7/10- یش دەستی بە دەرکردنی پاشکۆیەکی هەمەرەنگ کرد بە ناوی پشووی کوردستانی نوێ، کە لە قەبارەی گۆڤاردا بوو. هەر لە بواری بەرهەمی هەمەرەنگدا پاشکۆیەکی تری دەرکردووە بە ناوی " ئاوێزە " پاشان ئەم پاشکۆیە قەبارەکەی لە تابلۆیدەوە گۆڕاوە و کراوەتە قەبارە گۆڤار و یەکەمین ژمارەی رۆژی 2009/11/1 دەرچووە و دوای چەند ژمارەیەک، وەستاوە و دەستی بە دەرچوون کردۆتەوە بەڵام وەک کاریی پشکی " سهم" بە هاوبەشی لەگەڵ کۆمپانییەکی بەرهەمێنانی میدیایی، بەڵام دوای دەرکردنی چەند ژمارەیێک ئەویش وەستا. هەروەها لە چەندان بۆنەی حزبیشدا پاشکۆی بۆ رۆژنامەکە دەرکردووە بۆ نموونە پاشکۆی "

کۆنگرە "، " پیلنۆم " ، " بەرەو کۆنگرە ". ... هتد. دوا کاریش بۆ دەرکردنی پاشکۆ لە رۆژنامەکەدا پاشکۆی " کەشتی نوح " ە. ئەمە و سەرەڕای دەرکردنی دەیان پاشکۆی تایبەت بە رووداوەکانی کوردستان و ناوچەکە و جیهان، وەک؛ پاشکۆ بۆ یادی ئازادکردنی شارەکانی کوردستان، ئاوەدانی شارۆچەکان لەو رووەوە پاشکۆی تایبەت بە شاری مەخمور، رانیە، پێنجوین دەرکردووە و هەروەها پاشکۆی دەرکردووە بە ناوی؛ یادی قەندیل، ئاوەسپی، ئەدگار، .... هتد. بۆ رووداوەکانی جیهانیش دەکرێت وەک نموونە ئاماژە بە پاشکۆکانی، محەمەد جابر، ویکیلیکس، باشووری سودان بدرێت. هەروەها ناکرێت ناوی پاشکۆکانی؛ خێزان، رۆژانە، وێستگەکان لە بیربکرێن.

## زۆرترین پاشکۆ..!

وەک بەدواداچوونم بۆ کردووە رۆژنامەی کوردستانی نوێ لە مێژووی خۆیدا بەراورد بە رۆژنامە کوردییەکانی تر زۆرترین پاشکۆی بڵاوکردۆتەوە. دیارە ناتوانرێت لە نووسینێکی لەم شێوەیەدا ئاماژە بە ناوی تەواوی پاشکۆکان بدرێت و لە ئیندێکسێکدا پۆلێن بکرێن. ئەوەی پەیامی ئەم نووسینەی منی لەسەر دامەزراوە، تەنیا



بەیانکردن و ئاماژەدانە بە بەرهەمێک لە بەرهەمە فەرامۆشکراوەکانی رۆژنامەی کوردستانی نوێ کە دەرکردنی پاشکۆیە. بە گوێرەی خاسیەتەکانی دەرکردنی پاشکۆ لە رۆژنامەی کوردستانی نوێ دا، دابەشی سێ جۆرە پاشکۆ دەکرێن؛

1- پاشکۆی بەردەوام و سەربەخۆ، وەک؛ ئەدەب و هونەر، ستادیۆم، ئاوێزە، کاکێشان.... هتد

2- پاشکۆی گرێدراو؛ مەبەستم ئەو پاشکۆیانە بابەتەکانیان بابەتی پاشکۆی سەربەخۆن، بەڵام رۆژنامەکە لە نێو لاپەڕەکانیدا جڵەوگیری کردوون، وەک؛ دۆسێ یەکان، وێستگەکان... هتد.

3- پاشکۆی بۆنەکان؛ مۆندیال، دەرکردنی پاشکۆ لە بۆنە حزبی و نەتەوەیی و کوردستانییەکان، یاخود لە پشتگیریی کردن لە کار و چالاکی و بەرهەمەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان.

## خەوشەکان..!

وەک هەوڵێک بۆ دەستنیشانکردنی کەموکوڕی و خەوشی پاشکۆکانی کوردستانی نوێ، وا لەم خاڵانەدا ریزبەندیان دەکەم؛

1- زمان لە ئاستی پێویستدا نیە. زمانی ئەدەب هێزی خۆی لە دەست نەداوە و تەسلیم بە زمانی رۆژنامەنووسی نەبووە.

2- پەیامی بەرەو رێنووسی یەکگرتووی کوردی ونە و ئیجتهادی شەخسی بەسەر رێنووسەکاندا زاڵە.

3- زاراوەی داتاشراو بۆتە مۆدێل و بەکاردەهێنرێت.

4- هەڵەی چاپ هەیە، بەڵام بە شێوەیەک نیە کە پەیامی نووسینەکان بشێوێنێت.

5- بەنائاگایی کار بۆ زاڵکردنی زمانی لۆکاڵ و شار و ناوچە دەکرێت. بۆ نموونە لە سالانی پەنجاکانی سەدەی رابردووەوە تا ناوەڕاستی نەوەکانی ئەم سەدەیە نووسەرانی کورد بە رێژەیەکی زۆر کەم پیتە قالبی " ئە " یان لە جیاتی " دە " بەکاردەهێنا، بەڵام لە کوردستانی نوێ و ناوچەکانی دەسەڵاتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان خەریکە پیتە قالبی " ئە " خۆی فەرز دەکات، بۆ ئەمەش لە رێگای نووسینی چەند نووسەرێک و سەرکردەیەکی یەکێتیی خەریکە کوردستانی نوێ و پاشکۆکانی تێکەڵاو بەو پیتە قالبە ناوبراوە دەکرێن. ئەمە و لە کاتێکدا لە ساڵی 1973، لە ژمارە 1 ی گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد، نووسەری ناسراوی کورد تۆفیق وەهبی ئەم کێشەیەی یەکلایی کردۆتەوە و پیتە قالبی " دە " بە راست دادەنێت، نەک " ئە ".

6- وێنە، یەکێکە لە کێشە ئایدز ئاساکانی رۆژنامەگەریی کوردی، بە پاشکۆکانی کوردستانی نوێ- شەوە، بەرامبەر بە دابەزینی وێنە، قەرزارباری رۆژنامەکانی جیهانن و زۆرترین وێنە کە دایدەبەزێنن لە ماڵپەڕ و رۆژنامەکانی جیهان بە بێ پرس وەریدەگرن، ئەگەرچی ئەوەندەی بزانم رۆژنامەکە گرێبەستی لەگەڵ ئاژانسی رۆیتەرزیشدا هەیە.

7- لەباری دیزایندا شوناسی پاشکۆکان هەڵگری خاسیەتی تایبەت بە خۆیان نین و میزاج رۆڵی سەرەکی بینیووە. بەڵام ناکرێت هەوڵەکان لە پاشکۆی کاکێشان و چەند پاشکۆیەکی تر لە بیر بکرێن، هەروەها تا ئاستێکیش پاشکۆکانی ئەدەب و هونەر، ستادیۆم جێیەکیان لە زاکیرەی خوێنەران دا کردۆتەوە.

8- گەمەکردن بە قەبارە و جۆری فۆنتەکان، یەکێکە لە کەموکورییەکانی رۆژنامەگەریی کوردی و لەو رووەوە پێویستە تەواوی رۆژنامەکان وەک کارێکی ستانداردی یەک جۆر و قەبارەی فۆنت بۆ دەقی نووسینەکان بەکاربهێنن و

بۆ مانشێت و کارە هونەرییەکانی تر ئەوە دیزاینکار بڕیاری خۆی دەدات. گەمەکردن بە فۆنت خەوشێکی ترە لە خەوشی پاشکۆکانی کوردستانی نوێ.

9-چەمکی دەرکردنی پاشکۆ لە لای ڕۆژنامەنووسیی کورد مەغزی ونە و وەک زانست و هونەر وەرنەگیراوە. واتە پێوستە بزانرێت بۆچی کاتی خۆی لە کوردستانی نوێ دا " ئەدەب و هونەر " بووە پاشکۆی ڕۆژنامەکە! یاخود ئایا بۆچی کوردستانی نوێ، پاشکۆ بۆ خوارووی سودان دەردەکات؟!

10-باشتر دەبوو، ئەگەر کاغەزی پاشکۆ بەردەوامەکان ڕەنگێکی تریان هەبێت، واتە لەسەر کاغەزێک چاپ بکرێن، کە ڕەنگیان لە ڕەنگی کاغەزی ڕۆژنامەکە جیاوازتربێت.

## کۆتایی و پێشنیار

پێویستە ئاماژە بەوە بدەم کە گرنگیدانی ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ بە دەرکردنی پاشکۆی کاتی و بەردەوامەکان، واتە گرنگیدانە بە ڕەگەزێکی تر لە ڕەگەزەکانی تری ڕۆژنامەگەریی جیهانی ئەویش بوونی



پاشکۆیە لە ڕۆژنامەدا، ئەمڕۆ ئەو ڕەگەزە لە ڕۆژنامە گەورە و بەرفراوانەکانی جیهان گرنگی لە رادەبەری پێ دەدرێت و زۆربەیان ململانێ یانە بۆ دەرکردنی زۆرترین پاشکۆ لەگەڵ ڕۆژنامەکانیاندا. هیوادارم پسپۆر و نووسەرانی بواری ڕۆژنامەنووسی کوردی، بوونی پاشکۆ لە ڕۆژنامە کوردییەکان فەرامۆش نەکەن و وەک ڕەگەزێک لە ڕەگەزەکانی فراوانکردنی پێگەی خوێنەر بۆ ڕۆژنامەکان لێکۆڵینەوە و بەدواچوون و خوێندنەوەی بۆ بکەن. ئەگەرچی کوردستانی بۆ زۆربەی بوارە حەیاتییەکان پاشکۆی دەرکردووە و دەردەکات، بەڵام پێویستە لە کاتی دەرکردنی پاشکۆدا بە وردی ڕەچاوی کوردەواری بکات، بۆ نموونە نازانم بۆچی تا ئێستا پاشکۆی ئەدەب و هونەر فراوانتر نەکراوە و ژمارەی لاپەڕەکانی زیاد نەکراوە؟ یاخود ئایا مەعقوڵە کوردستانی نوێ پاشکۆی تایبەتی بۆ منداڵان نەبێت؟ یان بۆچی بیر لە دەرکردنی پاشکۆی ئابووری و بازاڕ نەکرێتەوە؟ ئەی بۆچی هەفتانە پاشکۆیەکی نەبێت بۆ کار و چالاکی و بەرهەمەکانی کوردی دەرەوەی کوردستان؟ جارێکی تریش نووسیومە، ئەی بۆچی پاشکۆیەک دەرناکات بۆ وێنە، واتە بە بڵاوکردنەوەی وێنە گوزارشت لە ڕووداوەکانی ڕۆژ بکرێت؟!

# بەشی چوارەم

## کوردستانی نوێ
## چی بە ڕۆژنامەگەریی کوردی بەخشیوە؟

## لەسەر خاکی کوردستاندا

رۆژی 1992/1/12 ژمارە " سفر" ی رۆژنامەی کوردستانی نوێ چاپ و بڵاوکراوەیەوە. ناکرێت ئەو مێژووە وەک تاکرەهەندی لێدوان و خوێندنەوەی بۆ بکرێت و بۆ نموونە بنووسرێت ئاووهەوایەک هاتە ئاراوە بۆ دەرکردنی رۆژنامەیەکی رۆژنامە؟! بۆ ئەوێ رۆژێ دەرکردنی رۆژنامە بە واتای رۆژنامەی هەواڵ و بەدواداچوونی کار و پیشەی رۆژنامەگەریی کارێکی ئاسان و پرۆسەیەکی بەردەست نەبوو. ئەگەرچی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە مێژووی سیاسی و پێشمەرگایەتی و رۆشنبیریی و رۆژنامەگەریی خۆیدا خاوەنی سەدان نەبرد و بەرهەمی داهێنارانە و کاری دەستپێشخەرییانە و موغامەرە و موجازەفەیە، بەڵام بۆ دەرکردنی رۆژنامەیەکی رۆژنامە دوای پرس و رایەکی زۆر و وەدەستخستنی وەڵامی دەیان پرسیار ئینجا بڕیاریدا کە



گەڵاڵەنامەکانی سەر کاغەز بۆ کاریی پراکتیکی بگوازێتەوە. ئەوەندەی من ئاگادارم و بەدواداچوونم بۆ کردووە، ستافی سەرپەرشتی دەرکردنی رۆژنامەکە هەر لەسەرەتاوە لە بواری رۆژنامەگەریدا زیاتر کاریان لەسەر رەگەزی هەواڵ کردووە. چونکە وەک دەزانرێت ئەو رەگەزە رەگەزی سەرەکی رۆژنامەیە.

کوردستانی نوێ هەر زوو بڕیاریدا، کە رۆژنامەی هەواڵ بێت و خۆی دەرباز بکات لە داڕشتن و شێوەچنینی ئەدەب و درێژدادڕی کە تا ئەوێ رۆژێ مێژووی رۆژنامەگەریی کوردی بە دەستییەوە دەیناڵاند. ئەوەی زیاتر رۆشنایی بە سەرکەوتنی رۆژنامەکە بەخشی، ئۆفیسی رۆژنامەکە لە سەنتەری هەواڵە گەرمە کوردستانییەکان نزیک بوو، کە ئەوێ رۆژێ کوردستانی باشوور هەم بۆ دنیای دەرەوەی دوور، هەم بۆ وڵاتانی دراوسێ، هەم بۆ هێزە کوردستانییەکان لە پارچەکانی تری کوردستان دا، هەم بۆ کوردی دەرەوەی کوردستان بووە جێ نیگایەک و زۆربەیان روانینیان خستبووە سەر رووداوەکانی رووبەری ژێر دەسەڵاتی بەرەی کوردستانی. ئەوساش بێجگە لە ئێستگە رادیۆییەکان و کەناڵەکانی تەلەفزیۆنی گەلی کوردستان ی

یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان تازە حزب و لایەنەکانی تر دەستیان بە دەرکردنی چەند هەفتەنامەیەک کردبوو، لەگەڵ بوونی یەک دوو ئێستگەی رادیۆیی. ئەوی رۆژێ بە پلەی یەکەم کەناڵەکانی راگەیاندنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بە " بیستراو، خوێندراو، بینراو" ەوە ببوونە سەرچاوەی بڵاوکردنەوە و پەخشی رووداوەکانی رۆژ بۆ خەڵکی کوردستان، بە تایبەتیش ئەوسا وەک شتێکی تازە بابەت گۆڕانکارییەکانی سەرگۆڕەپانی کوردستان ئەوەندە خێرا بوون پێویستیان بە بەدواداچوونی ورد و خێرا هەبوو.

ئەوەی زیاتر کوردستانی نوێ ی بەختەوەر کردبوو، یەکەمین رۆژنامەی کوردی بوو کە لەسەر خاکی کوردستان دەرچووبێت. راستە پێش کوردستانی نوێ دوو هەوڵی کورت خایەن و تەمەن چەند هەفتەیی بۆ دەرکردنی رۆژنامەی کوردی رۆژانە درابوو، کە ئەوانیش " خەبات" و " برایەتی" بوون. بەڵام هیچ یەکێک لەو دوو هەفتەنامەیە لە کوردستان دەرنەدەچوون، بەڵکو ئۆفیسی سەرەکی و ستافی سەرەکی هەردوو هەفتەنامەکە بەغدای پایتەخت بوو.

کەواتە؛ دەرچوونی رۆژنامەی کوردستانی نوێ لەسەر خاکی کوردستان بە هەوڵ و بەرهەمێکی تازە بابەت دێتە



حیساب کردن بۆ مێژووی رۆژنامەگەریی کوردی و دەکرێت وەک پێگەی جوگرافی خوێندنەوە و لێکدانەوەی تری بۆ بکرێت بە تایبەتیش بۆ ئەوێ رۆژی کە سەرچاوەکانی وەدەستخستنی هەواڵ کارێکی ئاسان نەبوون.

## فەزایەك بۆ بیروڕای تر

ئەگەرچی رۆژنامەی کوردستانی نوێ رۆژنامەی رەسمی واتە ئۆرگانی یکێتیی نیشتمانیی کوردستان نیە، بەڵام هەردەم وەک رۆژنامەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان ناسێنراوە، کە بە داخەوە تا بە ئەمڕۆش دەگات خەڵکێکی زۆر دەرکیان بە جیاوازییەکانی هەردوو زاراوەی " ئۆرگان" و " فلان حزب فڵان رۆژنامە دەردەکات" نەکردووە. ئەمەش جۆرێک لە ناکۆکی زانستی لێکەوتۆتەوە و تا ئێستا کارێک بەرهەم نەهاتووە بۆ جیاکردنەوەی ئەو دوو زاراوەیە.

کوردستانی نوێ، بۆ دەربازبوون لە نێوان ئۆرگانیەت و نائۆرگانیەت بووندا لاپەڕەکانی واڵاکردووە و وەک نووسیویەتی تەنیا " سەروتار" گوزارشت لە سیاسەتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دەکات. کەواتە یەکێتیی

نیشتمانیی کوردستان تەنیا خۆی بەرامبەر بە "سەروتار" بەبەرپرسیار دەزانێت. ئەوەی کوردستانی نوێ کاری لەسەر کردووە. والاترکردنی خاوەنداریێتی حزب بووە بۆ رۆژنامە و دەکرێت لەو رووەوە ئەو بەرهەمە بە مۆدێلێکی تازەی رۆژنامەگەریی کوردی بدرێتە قەڵەم. چونکە ئەو دەستپێشخەرییە پاش چەند ساڵێک بووە نەریتێک بۆ رۆژنامەگەریی کوردی و چەندان رۆژنامەی تر لاسایی ئەو مۆدێلەی کوردستانی نوێیان کردووە.

ئاوێتەکردنی خاوەنداریێتی حزب بۆ رۆژنامە و والاکردنی لاپەڕەکانی لەژێر ناوی بیروڕای تر هاوکێشەیەکی ئاڵۆزە و ئەگەر بە شێوەیەکی تەندروست کاری لەسەر نەکرێت ئەوە رەنگە ئەنجامێکی نێگەتیڤی لێ بەرهەم بهێنرێت، لەو بوارەدا کوردستانی نوێ خۆی لەبەردەم هەنگاوێکی ترسناک دانا و روبەڕووی دەیەها گلەیی و گازاندەی بنکەی حزبی بووەوە، بەڵام لە ئەنجامدا بە باش بۆ کوردەواری کەوتەوە و ئەو هەنگاوە بووە رێگاخۆشکەر بۆ دەرکردنی چەندان هەفتەنامە و مانگنامە لە ژێر ناوی بێلایەن و سەربەخۆ و ئازاد دا.



ئەو دەرفەتەی کە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە ژێر ناوی بیروڕای تر بە کوردستانی نوێ ی رەوا بینی، نموونەی لە دوو توێ ی مێژووی خاوەنداریێتی حزبی بۆ رۆژنامە کەمە بە تایبەتیش لە جیهانی رۆژنامەی حزبی و رۆژنامەیەک کە حزب دەری بکات. گەلێکجار وا کەوتۆتەوە و کە تا بە رۆژنامەی حزبە لیبرالەکانیش دەگات رێگایان نەداوە کە لاپەڕەی رۆژنامەکانیان بەرامبەر بە بیروڕای ترو دەنگی تر و بۆچوونی جیاوازتر لە حزبەکانیان بکەنەوە. هەروەها ئەو جۆرە نموونانە لە رۆژنامە حزبییەکانی ولاتانی بلۆکی سۆسیالیستی و ولاتانی رۆژهەلاتی ناوەڕاست نایەتە بەرچاو و زۆر زۆر کەمە.

بوونی فەزایەک بۆ دەنگی جیاواز و دژە بۆچوونی حزبی لە رۆژنامەی کوردستانی نوێ دا، بەخشینی مۆدێلێکی تازەیە و کوردستانی نوێ بە مێژووی رۆژنامەگەریی کوردی بەخشیووە. بۆ سەلماندنی ئەو بۆچوونەش دەکرێت ژمارەکانی ئەو رۆژنامەیە دەوربکرێتەوە و بە شێوەیەکی ئەکادیمی لێی بکۆڵدرێتەوە.

## کولتورێکی نەتەوەییە!

پرسی رۆژنامە وەک کولتورێکی نەتەوەیی، بۆتە کەلێنێکی خەوشدار بۆ رۆژنامەگەریی کوردی و ئەو پرسە تا ئێستاش خوربوونەوەی زانستی بۆ نەکراوە. مەبەستمە بڵێم ئایا ئێمەش وەک وڵات و نەتەوەکانی جیهان خاوەنی رۆژنامەیەکین کە بووبێتە کولتورێکی نەتەوەیی و رۆژانە خوێنەران وەک رێزێک بۆ ناو و تەمەن و راستگۆیی و هونەرکاریی رۆژنامەگەریی ئەو رۆژنامەیە بکرن و بەدواداچوون بۆ لاپەڕەکانی بکەن؟

دابەشکردنی کوردستان بە سەر چەندان وڵات و تێکەڵاوبوونی کورد لەگەڵ چەند نەتەوەیەکی تر وەک چۆن کاریگەریی خراپیان لەسەر زۆربەی هەرەزۆری بوارەکانی ژیانمان جێهێشتووە، بە هەمان شێوەش ئەو کاریگەرییە بەسەر ژیانی رۆژنامەگەریمانەوە دیارە و بەڵکو سەختریش بووە. یەکێک لەو کاریگەرییە خراپانە نەبوونی رۆژنامەیەکی تەمەن درێژ و خاوەن کەسایەتی کوردییە لە دوو توێ ی مێژووی رۆژنامەگەریی کوردیدا. وەک دەزانرێت بوونی رۆژنامە کەرەسە و واقیع و ژینگەی



خۆی پێویستە و تا ساڵی 1991- یش ئەو دەرفەتە بۆ کورد و خەڵکی کوردستان نەڕەخسا.

ئەگەرچی رۆژنامەگەریی کوردی لە ماوەی 19 ساڵەی ئازادی کوردستاندا نەبۆتە خاوەنی ئابووری سەربەخۆ و وەک رۆژنامەی وڵاتە پێشکەوتووەکان لەسەر ریکلام و پرۆژە و بە شێوەی پشک کەسێتی خۆی پێ بگەیەنێت و بپارێزێت، بەڵام دەتوانرێت ئاماژە بە پێگەینی فکرەی ریکلام و بازاڕ لە ژیانی ئەمڕۆی رۆژنامەگەریی کوردی بدرێت.

لە وڵاتێکی وەک سویددا رۆژانە چەندان رۆژنامە دەردەچن، بەڵام ئەم سێ رۆژنامەیە" داگیسنیهێتەر، ئافتۆنبلادێت، ئێکسپرێسن" پڕ فرۆشترین رۆژنامەی وڵاتەکەن. ئەوەی بیستوومە و پرسیارم لە چەند سویدییەک کردووە سەبارەت بە کێرڤی بەرزی خوێنەری ئەو سێ رۆژنامەیە کۆمەڵێک وەڵامی هەمەجۆرم دەست کەوتووە، لە زۆربەی وەڵامەکاندا وشەی خۆشویستن و راستگۆیی و بابەتی ورد و سەرنجڕاکێشەرم لێوەرگرتن، بەڵام یەکێک لەو وەڵامانەی کە زۆر سەرنجی راکێشام قسەی پیرەژنێکی تەمەن 65 ساڵی بوو و گووتی: ئەو

سێ ڕۆژنامەیە بوونەتە بەشێک لە کولتوری نەتەوەییمان و ناکرێت دەستبەرداریان ببین.

لەگەڵ ئەو وەڵامەدا نیگام بەرەو ئاسیا داکشا و لە وڵاتی ئیران لەنگەری گرت و چاوم خستە سەر تەمەنی هەردوو ڕۆژنامەی بەناوبانگ و دیاری " کەیهان" و " ئیتلاعات" ی ئیرانی کە سەرەڕای گۆڕینی سیستەمی ژیانی سیاسی و دەسەڵات بەڵام ئەو دوو ڕۆژنامەیە لەسەر کار و پیشەی خۆیان هەر بەردەوام بوونە. ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت لە هیچ دەور و ڕۆژگارێکدا ئەو پێنج ڕۆژنامە ناوبراوەی پێشەوە ڕووبەڕووی تەنگژەی ئابووریی نەبووبنەوە. هەر کاتێک ئەو کێشەیان هەبووبێت دەوڵەت کۆمەکی پێکردوون تا نەکەون.

ئەوەی تۆزێک شارەزای بازاڕی ڕۆژنامەگەریی کوردی بووبێت دەزانێت کە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ بۆتە بەشێک لە ژیانی خوێنەری ڕۆژنامەنووسی کوردی، زۆربەی هەرەزۆری خوێنەری کورد ئارەزوو دەکات بزانێت کە ئەمڕۆ کوردستانی نوێ چی بڵاوکردۆتەوە و گرنگی بە بڵاوکردنەوەی چ بابەت و وێنەیەک داوە. لەو ڕووەوە دەکرێت بڵێین؛ ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ بۆتە بەشێک



لە کولتوریی نەتەوەیی لە لای خەڵکی کوردستان. سەرەڕای بوونی چەندان ڕۆژنامە و هەفتەنامە و گۆڤار بەڵام خوێنەری کورد وەک سەرچاوەیەکی هەواڵ ئارەزوو دەکات بزانێت کوردستانی نوێ چی بڵاوکردۆتەوە و ڕۆژنامەکە بۆتە کولتورێکی ڕۆژانە لە لای خوێنەران و بەمەش لە ڕێگای کوردستانی نوێ وە، مێژووی ڕۆژنامەگەریی کوردی زاراوەیەکی تری پێ بەخشراوە کە شایان بە ئاماژەپێدانە.

## خوێنی خوێنەران

پەیوەندییەکی دیالێکتیکی لە نێوان خوێنەر و ڕۆژنامەدایە، هیچ یەکێک لەم دوو جەمسەرە بە بێ ئەویتر هەڵناکات و وەک گەردیلەی خوێنین بە دوای یەکتردا دەگەڕێن تا یەکتر دەدۆزنەوە و شێوەیەکی تر بە ژیانی هەردوولایان دەدرێت.

تا ئەو ڕۆژەی ڕاپەڕین چرۆی ئازادی نەبەخشی پەیوەندی نێوان ڕۆژنامە و خوێنەری کورد گۆشەگیر کرابوو و ڕۆژنامە عەودالی خوێنەر بوو، ئەوەی کە ڕۆژنامەی کوردی دەناسی تەنیا توێژی ڕۆشنبیران بوون.

رۆژنامەی کوردی لەگەڵ لە دایک بوونی رۆژنامەی کوردستانی نوێ دا چەشەیەکی تری بە جۆرێکی تر لە خوێنەران دا و بووە رۆژنامەی زۆربەی هەرەزۆری چین و توێژە خوێندەوارەکانی کوردەواری.

رۆژنامەی کوردستانی نوێ بە شێوەیەکی بەرچاو گرنگی بە سەبق و راستگۆیی و رەوشتی رۆژنامەگەریی داوە، ئەمە و وەنەبێت میکانیزمی دابەشکردنی رۆژنامەکەی فەرامۆش کردبێت، بەڵکو هەردەم بە پلانێکی وردی بەرنامە بۆداڕێژراو رۆژانە رۆژنامەکە گەیشتۆتە زۆربەی هەرەزۆری شار و شارۆچکەکانی کوردستان.

پەیوەندی خوێنەر و رۆژنامە یەکێکە لەو سەروەرییانەی کە رۆژنامەی کوردستانی نوێ هەر لە دەسپێکی دەرچوونیدا رایەڵی بۆ کێشا و پاشان بووە نەریتێک بە تایبەتیش پەڕینەوەی رۆژنامەکە لە لای خوێنەری دیوەخانەکان و توێژی رۆشنبیران. سەرەتاکان ئەوەندە بە لەززەت بوون ئەستە لەبیر بکرێن، ئێستاش دیمەنی شار و شارۆچکەکانی کوردستانم لەبەرچاوە کە لەگەڵ گەیشتنی رۆژنامەکە و لە رێگای دەستگێڕەکان



وەک دەمارێکی خوێنین بە بازاڕدا بڵاودەکرایەوە و زۆربەی دوکاندار و رۆشنبیر و مامۆستا و فەرمانبەر و ... هتد ئاوێتەی لاپەڕەکانی کوردستانی نوێ دەبوون و دەستیان بە خوێندنەوەی دەکرد. لەو ساوە رۆژنامەی کوردستانی نوێ بووە رەگی دامەزرێنەری پەیوەندی نێوان خوێنەر و رۆژنامە.

بە داخەوە ئەمەش یەکێکە لەو بابەتانەی بواری رۆژنامەگەریی کوردی گرنگی پێنەداوە. بە تایبەتیش میکانیزمی نێوان خوێنەر و رۆژنامە و ئایا رۆژنامە چۆن دەتوانێت ببێتە رۆژنامەی تەواوی چین و توێژەکانی کۆمەڵ.

ئاوێتەبوونی خوێنەر و رۆژنامە مۆدێلێکی تری بواری رۆژنامەگەرییە و ئەو مۆدێلەش وەک مۆدێلەکانی تر رۆژنامەی کوردستانی نوێ بە مێژووی رۆژنامەگەریی کوردی بەخشیووە و هەقە لە بیر نەکرێت..!

## شاخ و شار..!

هەر لەگەڵ دەرچوونی ژمارە سەرەتاییەکانی رۆژنامەی کوردستانی نوێ دا خوێنەران دەرکیان بە زمانێکی تری

داڕشتن و نووسین کرد کە جیاواز بوو لە ئەدەبیاتەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە شاخ دا. وەک چۆن خەباتی چەکداری خاوەنی کەرەسە و شێواز و میتۆدی تایبەتە بە هەمان شێوە خەباتی جەماوەری نێو شارەکانیش هەڵگری کۆمەڵێک تایبەتمەندە کە زۆر جیاوازە لە شێوازەکانی شاخ.

گۆڕینی دەست و بردی ئەو دوو جۆرە کەرەسەیەش لە ئان و ساتی چەند مانگێکدا پێویستی بە خۆسازدان و ئامادەکردن هەبوو. لەو رووەوە ستافی شاخەی شاخی کوردستانی نوێ لاپەڕە و بەشەکانی رۆژنامەکەی بۆ چەندان نووسەر و رۆژنامەنووسی خاوەن ئەزموون و تێکۆشەر والا کرد و لێپرسراوێتی پێدان، ئەگەرچی ستافی شاخەی شاخی کوردستانی نوێ بێ ئاگا نەبوون لە شێوە زمانی خەباتی نێو شارەکاندا، بەڵام هەردەم لە پرس و را وەرگرتن بوون لەگەڵ ستافی شاخەی شاری رۆژنامەکەدا. لە ئەنجامدا هەردوو شێوە زمانەکە بە جۆرێک موتوربەی یەکتر کران کە بووە شێوە زمانی شاخشاری رۆژنامەکە. بە تایبەتیش لە باری بەکارهێنانی زاراوە و کۆمەڵێک وشەدا. ئەمە و بێجگە لە دەربازکردنی



رۆژنامەکە لە شێوە زمانی هاندان و رێکخستنی حزبی کە ئەو شێوازە بەشێک بوو لە ئەدەبیاتی شاخ هەم بۆ هوشیارکردنەوەی کوردەواری هەم بۆ ناسینی تاوانەکانی داگیرکەرانی کوردستان. ئەو ئەدەبیاتەش بەشێکە لە مێژووی ئەدەبیاتی بەرگری گەلان.

ئەو ئەدەبیات و زمانەی کە کوردستانی نوێ کاری لەسەر کرد و کاری پێ کرد بووە شوناسێک بۆ ئەو رۆژنامە و گۆڤارانەی کە دوای کوردستانی نوێ لە دایک بوون، کە زۆرێک لەو رۆژنامە و گۆڤارانە نەیانتوانیوە خۆیان لە کۆپیکردنەوەی کوردستانی نوێ بپارێزن.

گواستنەوەی زمان و شێوازی رۆژنامە لە ژیانی چەکداری و شۆڕشگێڕییەوە بۆ ژیانی خەباتی جەماوەری و مەدەنی کارێکە پێویستی بە پلان و گۆڕینی عەقڵەکان هەیە. ئەوەی لە سەرەتاشدا رووبەڕووی رۆژنامەی کوردستانی نوێ بووەوە چۆنیەتی رازیکردنی بنکەی جەماوەری یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بە تایبەتی و خەڵک بە گشتی بوو، چونکە ئەوسا هێشتا خەڵک بارگاوی بوون بە ئاکار و کردەوەی شۆڕشگێڕانە، بەڵام لە ماوەیەکی زۆر کەمدا کوردستانی نوێ توانی بناغەیەک

بۆ گواستنەوەی ئەو ئەدەبیاتە دابنێت کە هەڵگری بۆن و بەرامەی شار بێت.

بۆ جێگیر کردنی ئەدەبیاتی شار و خۆ دەربازکردنی لە ئەدەبیاتی شاخ دەکرێت بڵێین رۆژنامەی کوردستانی نوێ هەر سەرەتاوە هەنگاوی ژیرانەی ناوە و ئەو خاسیەتەش بەرهەمێکی تری رۆژنامەکەیە کە بە مێژووی رۆژنامەگەریی کوردی بەخشیووە. بە جارێکی تر خوێندنەوەی کوردستانی نوێ و بەراوردکردنی بە بڵاوکراوە و گۆڤارەکانی شاخ ئەو راستیەمان باشتر بۆ روونتر دەبێتەوە.

### سەنتەری رۆژنامەنووسان..!

لە سەرەتادا ئەو ستافەی کە ئیدارەی رۆژنامەی کوردستانی نوێ ی دەکرد زۆربەی هەرە زۆریان ئەدیب و نووسەر بوون و تەنیا چەند کەسێکیان وردە زانیارییان سەبارەت بە بەرهەم و کاری رۆژنامەگەری هەبوو، بەڵام لەو کەسانە نەبوون کە بێ ئاگا بن لە ژیانی رۆژنامەگەریی کوردی و وڵاتانی دەورروبەردا. زیاتر لە سەدا نەوەدی یەکەمین ستافی رۆژنامەکە بریتی بوون



لەو ئەدیب و نووسەرانەی کە جێ پەنجەیان دیاربوو لەسەر رەوتی داهێنان و پێشکەوتنی ئەدەبی کوردی دا.

ئەوێ رۆژێ کە رۆژنامەی کوردستانی نوێ لە دایک بوو تەنیا یەک زانکۆ لە کوردستان هەبوو، لەو زانکۆیەشدا بەشی راگەیاندن و رۆژنامەگەریی نەبوو. ئەوێ رۆژێ تەنیا دوو، سێ کتێب بە زمانی کوردی سەبارەت بە هونەری رۆژنامەگەریی هەبوو، ئەگەرنا لەو رووەوە کتێبخانەیەکی زۆر بەلەنگازمان هەبوو. سەرچاوەکانی هونەری رۆژنامەگەریی بۆ ستافی بەرایی کوردستانی نوێ چەند کتێبێک بوون بە زمانی عەرەبی و فارسی. ئەوەی کە رۆژنامەکە لە ژێر سێبەریدا باڵای کرد تەنیا و تەنیا سەلیقە و دڵسۆزی و ئەزموونێکی سنوورداری چەند کەسێک بوو کە لە بواری رۆژنامەگەریی شار یان شاخدا، یاخود لە هەردووکیاندا کاریان کردبوو.

لە پێناوی باشتر تێگەیشتن بە کاری رۆژنامەنووسی و پێگەیاندنی رۆژنامەنووس و ئاوەدانکردنەوەی رۆژنامەکە بە خوێنی گەنج و قەڵەمی تازە بابەت. سکرتاریەتی رۆژنامەکە چەندان دەورەیان کردەوە، ئەگەرچی موحازەرەی دەورەکان ئەوەندە قوڵ و زانستی نەبوون،

بەڵام هەوڵێک بوون بۆ جێگیرکردنی فکرەی ڕۆژنامە و کاری ڕۆژنامەنووسی لە لایەن دەیان گەنج بە هەردوو ڕەگەزەکەوە. لەو ڕووەوە دەورەکان جۆر و ئاستی جیاوازیان هەبوو. بەڵام پێویستە ئەو دەورانە فەرامۆش نەکرێن کە لە دوای ساڵی 1998 ئیدارەی ڕۆژنامەکە سازی کردوون کە تیایە کۆمەڵێک گەنج بەشدار بوون کە ئەمڕۆ لە کوردستاندا ئیدارەی چەندان گۆڤار و ڕۆژنامە دەکەن.

ئەمڕۆ لە کوردستاندا دەیان ڕۆژنامە و گۆڤار دەردەچن ستافی هەرە زۆری ئەو ڕۆژنامە و گۆڤارانە یان پێشتر لە کوردستانی نوێ کاریان کردووە، یاخود پەروەردەی سەنتەرێکی ڕۆژنامەنوسین کە کە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ یە بۆ پەروەردەکردن و پێگەیاندنی ڕۆژنامەنووس و کاروباری ڕۆژنامەنووسی، یاخود ئەوانە ئاوێکی سازگاریان لە ڕووباری دوور و درێژی کوردستانی نوێ خواردۆتەوە.

لە بار و بواری پێگەیاندنی ڕۆژنامەنووس و بڵاوکردنەوەی مەعریفەی کاری ڕۆژنامەگەریدا هەقە مێژووی ڕۆژنامەگەریی کوردی ئەو سەروەرییەش بە کوردستانی نوێ ڕەوا ببینێت و ڕۆژنامەنووس و



لێکۆڵەرانی بواری ڕۆژنامەنووسیش ئەو ئەزموونەی ڕۆژنامەکە دیزە بە دەرخۆنە نەکەن!

## سەرچاوەیەکی باوەڕپێکراو

ڕەگەزێکی زیندووی هەواڵ بریتیە لە سەرچاوەی ئەو هەواڵەی کە ڕووداوەکەی لێوەرگیراوە. ئاماژەدان بە سەرچاوەی هەواڵەکان، ڕاستگۆیی و مسداقیەت لە لای وەرگر جێدەهێڵێت. لە کاری ڕۆژنامەنووسیدا شتێک نیە بە ناوی داپۆشینی سەرچاوەی هەواڵ و لە کاتی ڕوودانی کاری لەمجۆرە گومانێک لەلای وەرگر چێ دەبێت و وەک هەواڵێکی باوەڕپێکراو شوێنی خۆی لە زاکیرەی وەرگردا ناکاتەوە و جۆرێک لە بۆشایی لە نێوان ڕۆژنامە و وەرگر درووست دەبێت.

ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ هەر لە ژمارەوە سفرەوە ناوبردن و ئاماژەدان بە سەرچاوەکانی هەواڵی کردۆتە پێوەر بۆ بڵاوکردنەوەی هەواڵ و بەدواداچوونی کاری ڕۆژنامەگەریی، لەو ڕووەوە خوێنەر و ڕۆژنامەنووس و لێکۆڵەران بۆ ڕاستی و درووستی ئەم بۆچوونە دەتوانن سەیری ژمارەکانی کوردستانی نوێ بکەن.

ئەوێ ڕۆژێ کە ڕۆژنامەکە لە دایک بوو سەرچاوەکانی وەرگرتنی هەواڵ ئەوەندە خێرا و پێشکەوتوو نەبوون بە بەراورد بە ڕۆژی ئەمڕۆ. سەرچاوەکانی هەواڵ هەر وەک ڕۆژانی پێشمەرگایەتی بریتی بوون لە ئێستگە ڕادیۆییە جیهانییەکان، هێڵەکانی لاسلکی بە تایبەتیش بەشی جیهازی لاسلکی هەردوو مەکتەبی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە دیمەشق و تاران. تۆڕی فراوانی پەیامنێرانی ڕۆژنامەکە، کە ئەمەیان جیاوازتر بوو لە ڕۆژانی پێشمەرگایەتی.

لە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ دا، وەک هەر ڕۆژنامەیەکی دیار و خاوەن شەخسیەتی کاری ڕۆژنامەگەریی بەشی هەواڵ کۆڵەگەی سەرەکی ڕۆژنامەکەیە، ستافی سکرتاریەتی ڕۆژنامەکە زۆرترین هێز و وزەی خۆیان بۆ ئەم بەشە تەرخان کردووە، بە تایبەتیش دوای بڵاوبوونەوەی هێڵەکانی ئینتەرنێت لە کوردستاندا کە لە ماوەی یەک چرکەدا هەزاران هەواڵ سەبق لە دەست دەدەن و مردار دەبنەوە.

دوێنێ و ئەمڕۆ ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ بۆ کەناڵەکانی تری میدیا لە کوردستاندا سەرچاوەیەکی



باوەڕپێکراوە و ڕۆژانە دەیان کەناڵی ڕاگەیاندن بە " خوێندراو، بینراو، بیستراو" وەک سەرچاوەیەکی هەواڵ بەکاریدەهێنن، کە بە داخەوە زۆربەی هەرە زۆریان وەک ئەخلاقێکی ڕۆژنامەنووسی ئاماژە بە سەرچاوەی وەرگرتنی هەواڵەکانیان نادەن کە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ یە!

گرنگیدان بە سەرچاوەی هەواڵ و دانەپۆشین و نەشاردنەوەی سەرچاوەکانی هەواڵ یەکێکە لەو پێوەرانەی کە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ کاری لەسەر کردووە و هەقە لە مێژووی ڕۆژنامەگەریی کوردیدا بە ئەمانەتەوە ئاماژە بەو ئەمانەتە ڕۆژنامەگەرییە بدرێت.

# بەشی پێنجەم

## دەریار و پێشنیار

## 15 تیری نووك شكاو..!

رۆژنامەی كوردستانی نوێ بە تەمەنترین رۆژنامەی رۆژانەی كوردییەو 20 ساڵە بەردەوام دەردەچێت، 20 ساڵ تەمەنێكەو پێویستی بە لێدوانو لێكۆڵینەوەو لێوردبوونەوەو لێڕامان هەیە، لە پێناوی باشتركردنو بەرەو پێشەوە بردنو گەشەكردنیدا وا ئەم چەند سەرنجە دەنووسم.

1- كوردستانی نوێ رۆژنامەیەكە رێكخراوێكی سیاسی دەسەڵاتدار واتە حاكم دەریدەكات، ئاساییە لە كاتی بڵاوكردنەوەی هەواڵ و بابەتدا پەیوەندی و بەرژەوەندییەكان رەچاو بكرێن، بەڵام زۆر جار خوێنەر چەواشە دەكرێت و ناتوانێت بە خوێندنەوەی هەواڵەكان یاخود وتارە سیاسییەكانی نزیك لە دەسەڵات، هێڵی سیاسەتی رۆژی یەكێتیی نیشتمانیی كوردستان بزانێت، بە كورتی جۆرێك لە تێكەڵ و ئاڵۆزی هەیە، راستە كوردستانی نوێ ئۆرگان نییە،



بەڵام لە باری مامەڵە كردن لەگەڵ رووداوەكاندا لە رۆژنامەی ( الاتحاد) زمانحاڵترە.

2- لە هەواڵدا جیاوازی لە نێوان هاوڵاتی و تاكی دەسەڵاتدار دەكرێت، ئایا خەڵكی حزبی هاوڵاتی نیە؟ یاخود وەزیر و .. هتد هاوڵاتی نین؟ ئەگەر هەموویان هاوڵاتین ئەی بۆ لە لاپەڕە سێدا گۆشەیەكی تا ئاستێك بەردەوام هەیە لە ژێر ناوی (هەواڵی هاوڵاتیان) هەروەها زۆر جار لە نێو هەواڵەكاندا رستەو وشەو زاراوەی ناجورو هەڵە بەكاردەهێنرێن.

هەروەها لە كاتی دانانی ناونیشان بۆ هەواڵەكان خۆی لە رۆتینی فەرمانی (كردن) كەمێك بە دوور بگرێت، رۆژ هەبووە لە شەش ناونیشانی لاپەڕە یەكدا بۆ سێ ناونیشان مامەڵە لەگەڵ فەرمانی ( كردن) كراوە تەنیا كاتی فەرمانەكان گۆڕاون.

3- ناونیشان پەیوەندی نێوان خوێنەرو رۆژنامە بە هێز دەكات، واتە كێرڤی فرۆشتنی رۆژنامە بە هەرمێن دەكات، كوردستانی نوێ زیاتر مامەڵە لەگەڵ ناونیشانی ساردا دەكات نەك ناونیشانی گەرم، مانشێتی سەرەكیش لە رۆژنامەكەدا ئامرازێكی مردووە بۆ نموونە ساڵ هەبووە تەنیا

چەند جارێک مانشێت داندراوە، تۆ بڵێیت لە ماوەی یەک ساڵدا رووداوێکی سەرنج راکێشەر لە کوردستان و عیراق و ناوچەکە و جیهاندا رووی نەدابێت تا بکرێتە مانشێتی سەرەکی؟ وەک دەزانرێت کوردستان و عیراق کانگایەکە لە کانگا گەرمەکانی رووداوی گەرمی جیهان.

4- وەک نووسراوە تەنیا سەروتار گوزارشت لە بیروڕای یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دەکات واتە تەنیا ئەو وتارە سیاسیانەی لە لاپەڕە یەکدا لە ژێر وشەی ( سەروتار) دا بڵاو دەکرێنەوە، بەڵام وتارەکانی تری لاپەڕە یەک کە بە ئیمزای لێپرسراوی دەزگای ناوەندی راگەیاندن و سەرنووسەر بڵاو دەکرێنەوە گوزارشت لە ڕای شەخسی دەکەن، جارێ پێش خوردکردنەوەی ئەو فێڵە، نازانم لە چ کتێبێکی سیاسی یاخود تایبەت بە هونەری رۆژنامەنووسی سیاسی ئەم زانستە نووسراوە؟ لە رۆژنامەدا دەکرێت فێڵی شەرعی لە یاسا بکرێت ، بەڵام ناکرێت فێڵی سیاسی لە خوێنەران بکرێت، نازانم ئەگەر وتارەکانیان لە لای راستی رۆژنامەکە واتە لە ژێر زاراوەی سەروتاردا دابەزێنن چ زیانی بۆ پەزەکان دەبێت؟ ئەوەندەی رۆژنامەی حزبی رۆژانە پێویستی بە سەروتار هەیە نیو بە قەد ئەوە رۆژنامەیتر



پێویستی پێ نیە، لە سوید هەموو رۆژنامە گەورەکان رۆژانە وتاری سەرەکییان هەیە.

5- کوردستانی نوێ تا ئێستاش سەرکەوتووترین رۆژنامەی کوردییە لە بواری دارشتنی هەواڵ و بەردەوامیش هەست دەکرێت خۆی دەپارێزێت لە شێوە پەخشان و هۆنینەوە و پیاهەڵدان و ئیستیفزاز، بۆ ئەم وەسفەش تەنیا لە لاپەڕەکانی یەک و دوو و سێ زیرەکانە کار لەسەر پرانسیپی دارشتنی هەواڵ کراوە، بەڵام لەلاپەڕەکانی تر و بە تایبەتی لە پاشکۆکاندا کەم ئەزموونی هەواڵنووسەکانی پێوە دیارە، تا ئێستا چەندان جار بینوومە رووداوێکی هونەری یاخود ئەدەبی وەک پەخشانێکی هونەری دارێژراوە.

6- کوردستانی نوێ لۆگۆی تایبەت بە خۆی نییە، دەکرێت ناوی رۆژنامەکە کە لە لاپەڕە یەکدا بە گەورەیی نووسراوە بکرێتە لۆگۆی رۆژنامەکە، بەڵام باشترە چیتر بە میزاجی شەخسی شێوە ناوی رۆژنامەکە نەگۆڕدرێت و دەستکاری نەکرێت، هەروەها سەرنجێکم سەبارەت بە رەنگی کەسک هەیە کە وەک رەنگی رێکخراوەیی یەکێتیی رۆژنامەکەشی گرتۆتەوە، هەر تەنیا بۆ ئاگاداری، هەموو حزبە سۆسیال دیموکراتەکانی جیهان رەنگی سوور رەنگی

سەرەکی رەسمی حزبەکانیانە، تەنیا یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان رەنگی کەسک بەکاردەهێنێت.

7- لە رۆژنامەی حزبیدا پێویستە بۆ دابەزاندنی هەواڵ و وتار و لێکۆڵینەوەو بابەتیتر میزاجی شەخسی زاڵ نەبێت یاخود کەم بکرێتەوە، ئاستی رووداو بۆ هەواڵ، لێکدانەوەی نوێ بۆ لێکۆڵینەوە، دەقی داهێنەرانە؛ چەند پێوانەکین لە رۆژنامەدا رەچاو دەکرێن، بەڵام بە داخەوە لە کوردستانی نوێدا تا ئێستا چەندان جار ئەو پێوانانە پشت گوێ خراون عەقڵی شارچیو قەزاچیو ناحیەچیو گوندچیو گەرەکچی بە سەر ستافی کارای رۆژنامەکە زاڵە، ئەمەش تا ئێستا زیانی زۆری لە یەکێتیی و پێگەی رۆژنامە داوە.

8- ئایا کوردستانی نوێ بۆ نەیتوانیوە سوود لە پایە و شوێنەکەی مام جەلال وەک سەرکۆمار ببینێت و چەندان رووداوی سەبق بە دەست بێنێت، تەنیا هەواڵە تەشریفاتییەکان بڵاو دەکاتەوە؟ ئەوەی من بزانم رۆژنامەکانی بەغدا رۆژانە دەیان سەبقی هەواڵ بڵاودەکەنەوە و بازاڕیان پێ خۆش دەکەن، دیارە مەبەستم لە رۆژنامەکانی بەغدا رۆژنامە حزبییەکانیشە.



9- کوردستانی نوێ و حکومەتی هەرێمی کوردستان ئێستا لە قۆناغی زەواج دان، نەک لە سەرەتاکانی یەکتر ناسین و ئاشق و ماشوقەی یەکتر، دەکرێت لەم قۆناغەش هەر یەکتریان خۆش بووێت بەڵام ژیانی خێزانداری بێ کێشە و رەخنە و گلەیی نابێت، بە ڕای من پێویستە بۆ باشتر کردنی کاروبارەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان ناوە ناوە رۆژنامەکە سووکە دەرزی ئاژنێکی حکومەتی هەرێم بکات، ئاساییە با ئازاریشی پێ بگات ( ببورن زاراوە و چەمکەکانی زەواج و خێزانم وەک رۆژهەڵاتییێکی دواکەوتوو بەکارنەهێناوە)

10- رۆژنامە تەنیا رووداوی رۆژ بڵاودەکاتەوە، بەڵام بە چەندان هونەر و هونەرکاری جیاواز، هەواڵ، راپۆرتە هەواڵ، ریپۆرتاژ، چاوپێکەوتن، وتار، لێکۆڵینەوە، ریکلام، جاڕدان.. هتد، لە رووبەرەکانی ماکێتی رۆژنامەدا شوێنیان بۆ تەرخان دەکرێت، بۆ نموونە راستە لە نێوان هەواڵ و لێکۆڵینەوەدا دەکرێت زەمەن و شێوازی جیاواز هەبێت، بەڵام ناکرێت زەمەنەکە ئەوەندە کۆن بێت سیفەتی رۆژنامەیی لە دەست دابێت، کە بە داخەوە لە کوردستانی نوێدا تا ئێستا چەندان جار زەمەن مردار کراوەتەوە و کۆنە هەواڵ

بڵاوکراوەتەوە، یاخود لێکۆڵینەوەیەک بڵاوکراوەتەوە کە سیفەتی بابەتی ڕۆژنامەی نەبووە، ریپۆرتاژ هەبووە هونەری ڕۆژنامەنووسی تیایە رەچاو نەکراوە، ئەمە و بێجگە لە وتار و بابەتی‌تر.

11- وێنە ڕووداوە، بەڵام لەبەر ئەوەی کوردستانی نوێ ڕۆژنامەیەکی حزبییە بۆیە زۆر جار وێنەکان تایبەتمەندێتی خۆیان لە دەست دەدەن و لە وێنەی ئاسایی بترازێن هیچ واتایەکی‌تر نادەن، بە تایبەتی لاپەڕە یەک لە ئەلبوومی شەخسی سەرکردەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دەچێت، کە بە ڕای من دەکرێت ئەو شێوازە بگۆڕدرێت و لە پاڵ وێنەی سەرکردەکانی حزب وێنەی ڕووداوەکانی دەرەوەی حزبیش بڵاوبکرێنەوە، بۆ نموونە دەکرێت هەندێک لەو وێنانەی کە لە لاپەڕەکانی ناوەوە بڵاو دەکرێنەوە بۆ لاپەڕەی یەک بگوازرێنەوە و پەرەیان پێ بدرێت.

12- زۆربەی ئەو باسە دوور و درێژانەی کە لە بەشی لێکۆڵینەوەدا بڵاودەکرێنەوە ئاماژە بە سەرچاوە نادەن کە ئەمە مسداقیەت لە دەست دەدەن و جۆرێکە لە کەموکوڕیی ڕۆژنامەنووسی، باشترە کوردستانی نوێ خۆی لە بڵاوکردنەوەی ئەو جۆرە باسانە بە دوور بگرێت، تا هەندێ



جار بۆ بابەتە ئامادەکراو و وەرگێڕدراوەکانی لاپەڕەکانی تریش سەرچاوە نانووسرێت.

13- کوردستانی نوێ سەرتۆپی ئەو ڕۆژنامە و هەفتەنامە کوردییانەیە کە گرنگی بە هەواڵەکانی کوردی دانیشتووی دەرەوەی کوردستان دەدات بە تایبەتی کیشوەرەکانی ئەوروپا و ئەمریکاو ئوستراليا، بۆ باشتر رایکردنی کارەکان دەکرێت کوردستانی نوێ چەند ناوەندێکی هەواڵ لە دەرەوە بکاتەوە،کە ئەمڕۆ لە سەردەمی جیهانگیریدا ئەو ناوەندانە بە کەمترین دارایی دەتوانن کارەکان رابپەڕێنن.

14- کوردستانی نوێ لە ماوەی پازدە ساڵەی تەمەنیدا بە وریایی کاری لەسەر زمانی کوردی کردووە هەوڵیداوە سەکۆی ڕۆژنامەکە ببێتە فاکتەرێک لەو فاکتەرانەی کە زمانی ستاندەری کوردی لەسەر دابمەزرێت، بە تایبەتی لە باری رێنووسدا زۆر هۆشیارانە کاری کردووە، بەڵام بە داخەوە ماوەیەکە هەست دەکەم چەند نووسەرێک زمانی ڕۆژنامەکە دەشێوێنن و بە ئەنقەست نووسینەکانیان پڕ دەکەن لە وشە و رێنووسی لۆکاڵ کە دوورن لە زمانی نووسین.

15- دیزاینی ڕۆژنامەکە پەرەی پێدراوە، بەڵام ئیستاتیکای ماکێتی لاپەڕەکان پێویستە وەک کارێکی ئەندازەیی کاری لەسەر بکرێت، چونکە نەبوون یاخود ئیستاتیکای شێواو چاوی خوێنەر ماندوو دەکات، دیزاینی دووبارە و سواو چێژی هەواڵ و بابەت لە دەست دەدات.

## بۆ کوردستانی نوێ
## سەبقی دەستگیرکردنی سەدام-ی دۆڕاند؟!

پێشکەوتنو پێشڤەچوونی ڕۆژنامە پەیوەستە بەهەواڵ، ئەمەش بەدواداچوونی بەردەوام و چاوکراوەیی هەمیشەیی و گوێقولاغی ڕۆژنامەنووسانی گەرەکە، واتە لەپێناوی بردنەوەدا پێویستە ڕۆژنامە بیستو چوار سەعات بێداربێت، ئەمانە هەرهەموویان خێرایی لەبڵاوکردنەوەی هەواڵدا پێکدەهێنن تا ڕۆژنامە بتوانێت بەزووترین کات و پێش ڕۆژنامەکانیتر ڕووداوێک وەربگرێت و بڵاوی بکاتەوە، ئەو پرۆسێسە لە کاری ڕۆژانەی ڕۆژنامەدا پێی دەوترێت (سەبق) بەڵام ڕاوکردنی ڕووداوێک لەپێناوی خێراو زوو بڵاوکردنەوەیدا بە واتای ئەوە نایەت کە دڵنیایی فەرامۆش بکرێت و ئەوەی گوێمان لێی بوو یاخود هاتە بەردەستمان



بڵاوی بکەینەوە، بەڵکو بۆ لەدەستنەدانی ڕاستگۆیی پێویستە تەئکیدا لە سەرچاوەی ڕووداوەکە بکرێتەوە، بۆ نموونە ئەگەر گومانێک لە سەرچاوە و لە ڕووداوەکەدا هەبوو دەتوانرێت وشەی ( دەڵێن ) لە سەرەتای هەواڵەکە دابنرێت تا بوارێک هەبێت هەم بۆ بەدواداچوونی زیاتر هەم ئەگەر هەواڵەکە ڕاست دەرنەچوو ڕوونکردنەوەی بۆ بنووسرێت، بەگوێرەی پلەی ڕووداو پلەی ئاستی هەواڵیش دەگۆڕێت، واقیع پێمان دەڵێت کام هەواڵ لەهەواڵێکیتر بۆ ڕۆژنامە سەبقی زیاترە و ژمارەی خوێنەران بۆ ڕۆژنامەکە زیاتر دەکەن.

ئایا سەردەمی گەیاندنی خێرا خزمەتی بەهای سەبقی نەکردووە؟ سیستمی گەیاندن هەر لەکۆنەوە تا بە ئەمڕۆ دەگات بۆ بڵاوکردنەوەی وردەکارییەکانی ژیان لەچەند ساتێکی کەمدا، وردەکارییەکانیش وەک دەزانرێت بریتیە لەڕووداوی هەنووکەیی واقیع و لەپێناوی گەیاندنی ئەو وردەکارییانەدا سیستەمی گەیاندن دامەزراوە و بەردەوام بە داهێنانی تازە پەرەی پێدەدرێت و نوێکاری تێدادەکرێت، ئەو سیستەمە سەبقی ڕۆژنامەی بەرەو پێشەوە بردووە و گەشەی پێداوە، کوردیش بەگوێرەی توانا و بواری لەبار سوودی لە

پێشکەوتنەکانی گەیاندنی راگەیاندن وەرگرتووە بە تایبەتیش ئامێری ئینتەرنێت کە ئێستا لە هەموو کوردستاندا بە شێوەیەکی فراوان بڵاوەو بەکاردەهێنرێت و کاری پێدەکرێت. کە زیاتر بۆ گواستنەوەی رۆژنامەکانی سەرکاغەز سوودی لێبینراوە و چەند هەوڵێکیش هەیە بۆ بڵاوکردنەوەی رۆژنامەی ئەلیکترۆنی، ئەمە و وەنەبێت رۆشنبیریی ئینتەرنێتی بەشێوەیەکی زانستی بڵاوبووبێتەوە، واتە نەتوانراوە هێزی ئینتەرنێت وەک کەناڵێکی خێرای گەیاندنی رووداوەکان لە خەڵک بگەیەنرێت، ئەو ناحاڵیبوونە لە سەنتەری رۆژنامە گەورەکانی کوردستانیش هەستی پێدەکرێت، هەربۆیە دوای ناردنی رۆژنامەکانیان بۆ نێو ئینتەرنێت تا ژمارەیەکیتر لە ڕۆژنامەکەیان دەردەکەن واتە لە ماوەی بیست و چوارسەعات هەر تەنیا هەواڵە بڵاوکراوەکانی نێو رۆژنامەکانیان بە خوێنەران دەدەن.

ئێستا شیتەڵکاری بۆ رووداوی دەستگیرکردنی دیکتاتۆری پێشووی عیراق سەدام حسێن دەکەین و وەک سەبقێکی رۆژنامەگەریی بۆ کورد نەیتوانی سوود لەو هەواڵە گەرمە ببینێت؟ بەکورتی بڵاوکردنەوەی هەواڵەکە دەگێڕمەوە، دیارە بەگوێرەی زۆربەی سەرچاوەکان سەرەتاو پێش هەموو



کەسێک لەکوردستاندا سەرکردایەتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بە تایبەتیش کاک کۆسرەت رەسول عەلی هەواڵەکەی پێگەیشتوە یاخود پێیراگەیەنراوە، ئێمە لە سوید پێش کادر و هەواداری حزبە گەورەکانی کوردستان هەواڵەکەمان زانی، سەیری هەر هەموو تەلەفزیۆنە ئاسمانییەکانی دنیا و ئینتەرنێتمان کرد هەواڵەکە نەبوو بەهۆی تەلەفۆن بە هەموو سویددا بڵاوکرایەوە، دوای دوو کاتژمێر گەیشتنی هەواڵەکە ئینجا بۆ نموونە تەلەفزیۆنی ئاسمانی ئەلعەرەبییە لەپاریس- ەوە راستەوخۆ چاوپێکەوتنی لەگەڵ وەزیری دەرەوەی ئەنجومەنی حوکمی عیراق کردو وتی: " بەگوێرەی ئەو هەواڵانەی کە لە سەرچاوە تایبەتییەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان پێم گەیشتووە دەڵێن سەدام حسێن گیراوە". پاشان لەکۆنگرەیەکی رۆژنامەنووسی لەبەغدا کە سێ ئەندامی ئەنجومەنی حوکم ئامادەبوون دیسان تەئکید لەسەرچاوەی گرتنو هەواڵەکە کرایەوە کە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانە. بۆ مێژوو ئەمەش تۆماردەکەم، برادەرێک لەستۆکهۆڵمەوە بە تەلەفۆن بۆ سەرکردایەتی یەکێک لە حزبە گەورەکان لە هەولێر تەلەفۆنی کردبوو، کەناڵێکی راگەیاندنی حزبی ناوبراو

گووتیان ئێمە نە ئاگاداری دەستگیرکردنی سەدامین نە ئاگاداریش کراوینەتەوە، لێکۆڵەر دەتوانێت بۆ زیاتر تەئکیدکردنەوە لە سەبقی گەیشتنی هەواڵەکە و سەرچاوەی هەواڵەکە بە ئەرشیفی کەناڵە گەورەکانی راگەیاندنی دنیادا بچێتەوە.

ئەی کەواتە بۆ کوردستانی نوێ نەیتوانی ئەو سەبقە مێژووییە بۆخۆی تۆماربکات و ببێتە سەرچاوەیەکی راستەوخۆی کەناڵەکانی تری راگەیاندنی دنیا؟ دیارە پێش هەموو هۆکارەکان بۆ کوشتنی ئەو جۆرە هەواڵانە لە رۆژنامەی حزبیدا بوونی فلتەرو رۆتینێکی توندی حزبییە کە ژوورە تۆکمەو داخراوەکانی دیسپلین رێگانادات رۆژنامەی حزبی کراوەتر بێتو راستەوخۆتر پەیامی رۆژنامەیی خۆی بگەیەنێت، ئەگەرنا هەواڵێک گەیشتۆتە ناوەندەکانی سەرەوەی حزب بە شێوەیەکی رەسمیو نارەسمی گەیشتۆتە بنکەکانی حزب، بۆ رۆژنامەیەکی رۆژانەی وەک کوردستانی نوێ بڵاوینەکاتەوە؟ ئایا بۆ بیر لەوە نەکرایەوە یەکسەر بەهۆی ماڵپەڕی www.puk.org یاخود www.pukmedia.net هەواڵەکە بە خوێنەران بگەیەنرێت؟ پێم سەیرە لەو ژمارەیەی کە کوردستانی نوێ



هەواڵی دەستگیرکردنەکەی بڵاوکردەوە هیچ سەرچاوەیەکی ناوخۆی تێدانەبوو؟ بۆ نموونە دەتوانرا ئەم پرسیارە بچووکە بەڵام لە ناوەڕۆک گەورەیە لە سەرکردایەتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بکرێت، چۆن هەواڵی دەستگیرکردنی سەدامتان پێگەیشت؟ سەرچاوەکە خۆتان بوون، یاخود هێزەکانی ئەمریکا؟ ئایا کێ لەم دواکەوتنە بەرپرسیارە؟ تۆ بڵێیت ئامێرەکانی شکاندنی ئەو جۆرە بیرکردنەوانە چی بن؟ کێ خەمساردە؟ یان ئەگەر پەیمانێکی رەسمی ئیمزاکراو هەیە بۆ راگەیاندنی کاری لەو جۆرە لە نێوان کوردو ئەمریکاییەکان، کە تەنیا ئەمریکاییەکان دەتوانن بۆ رووداوی لە شێوەیە راگەیاندنی رۆژنامەنووسی بڵاوبکەنەوە، بۆچی ئەو پەیمانە بەخەڵک ناوترێت.

ئەگەر بۆ ئەرشیفی رۆژنامەگەریی چوارمانگ پێشگرتنی سەدام بگەڕێینەوە چەندانجار سەرکردایەتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان باسی لە توانای دەستگیرکردنی سەدام ی هەیە دەکرد، بەڵام سەیرە کوردستانی نوێ ئەم جۆرە هەواڵانەشی لە سەرچاوەیتری بێگانە وەرگرتووە، رۆژنامەکە بۆ هەواڵە حەساسەکان لەسەر هەواڵی دەستی دوو دەژی، لە ڕۆژگاری ئینتەرنێتیشدا نەک هەواڵی دەستی

دوو، زۆرجار تا هەواڵی دەستی یەکیش ئەگەر سەبق نەبێت هێزی نییە و وەک هەرهەواڵێکی تری ئاسایی وەردەگیرێت، کەواتە بۆ هەواڵێکی وەک دەسگیرکردنی سەدام بە گوێرەی زۆربەی کەناڵە گەورەکانی راگەیاندنی جیهانی کە سەرچاوەی هەواڵەکە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بووە، ئەی کەواتە بۆچی کوردستانی نوێ سەبقی رووداوەکەی دۆڕاندو نەبووە سەرچاوەیەک بۆ کەناڵەکانی راگەیاندن لەسەرتاپای جیهاندا، من ئەو کەموکوڕییە بۆ پرانسیپەکانی حزب دەگەڕێنمەوە کە هێزی ناسینی خۆیان لە ڕاگەیاندنی بێگانەدا دەبیننەوە، دامودەزگاکانی خۆیان بە لاوەکی و لۆکاڵ دەزانن، تەوقی ترسو سنوورێکی تەڵەبەندکراویان بۆ رۆژنامەکانی خۆیان دروستکردووە. هەروەها هێزو چەمکی رۆژنامەی ئەلیکترۆنی پەرەی پێنەدراوە و نازانرێت ئەمڕۆ رۆژنامەیەکی وەک کوردستانی نوێ لەسەر ئینتەرنێتدا زیاتر خەڵک دەیخوێنێتەوە نەک لەسەر کاغەز.

دەتوانرا چارەسەرێکی زیرەکانە بۆ سەبقی هەواڵی دەستگیرکردنی سەدام بکرێت، یەکسەر بۆ دوای نیوەڕۆ ژمارەیەکی تایبەت لە رۆژنامەی کوردستانی نوێ دەربکرێتو سەرچاوەی سەرەکی هەواڵەکە بە خوێنەران بوترێت و بە



زووترین کات کۆپێی رۆژنامەکە بەهۆی ئینتەرنێت بۆ هەموو کەناڵە گەورەکانی راگەیاندن لە جیهان بنێرێت تەنیا دوودێڕ بە ئینگلیزی لەسەر رۆژنامەکە بنووسرابایە کە کوردستانی نوێ هەواڵی دەستگیرکردنی سەدامی بڵاوکردۆتەوە. باوەڕبکەن دوای چەند ساتێک هەموو دنیا بەهۆی تەلەفۆن و ئینتەرنێت پەیوەندیان بەڕۆژنامەکە دەکرد، رێگای دووەم کە گونجاوترو پەلەترو بێ مەسروفترە لە ماڵپەڕی www.pukmedia.net هەواڵەکە بەناوی کوردستانی نوێ بە کوردی و ئینگلیزی بڵاوبکرایایەوە پاشان بە ڕێگای ئیمێڵ بۆ کەناڵەکانی راگەیاندنی دنیا بناردرایە، دیسان دەنگدانەوەیەکی باشی لێدەکەوتەوە، لە هەمووی گرنگتر کوردستانی نوێ دەیتوانێ بە پارەیەکی خەیاڵی هەواڵەکە بفرۆشێت! ئەم بۆچوونانەم بۆ تەلەفزیۆنی ئاسمانی ( کورسات) یش دەگونجێتو ئەوان دەیانتوانی راستەوخۆترو پەلەترو بێ مەسروفتر گەورەترین سەبق بۆ تەمەنی تەلەفزیۆنەکە تۆمار بکەن.

لەکۆتایی ئەم نووسینەدا نموونەیەک لەو رووداوە دەگێڕمەوە، کەناڵی دووی تەلەفزیۆنی سویدی رۆژی دەستگیرکردنی سەدام لە کاتی هەواڵەکاندا پێش ئەوەی

موزیعەکەی خۆیان لەسەر شاشە دەربکەوێت موزیعی کورسات- ی نیشاندا کە هەواڵی دەستگیرکردنی سەدامی پێشکەش بە بینەران دەکرد، خۆدزینەوە لە سەبق خۆدزینەوەیە لە خوێنەران و شکست بە بازاڕی ڕۆژنامەش دەگەیەنێت!

## شکستی بازاڕی ڕۆژنامەی کوردیی حزبی..!؟

بنەماکانی ڕۆژنامە هەر نووسینو چاپکردن نییە، بەڵکو دابەشکردنو فرۆشتن دوو ڕەگەزن بۆ پێوەستانی کاروبارەکانی ڕۆژنامە، ئەو دوو پرۆسەیە هەم پەیوەندییان بە سیستمی بەڕێوەبردنی وڵاتو دەسەڵاتەوە هەیە، هەم بەشێکە لە سیاسەتەکانی کاری ئەو لایەن و گرووپ و کەس و دەستەیەی کە ڕۆژنامەکە دەردەکات یان تەموینی دەکات، بە تایبەتییش لە ڕۆژگاری ئەمڕۆماندا چۆنیەتی دابەشکردنو فرۆشتنی ڕۆژنامە لە وڵاتە پێشکەوتووەکاندا گۆڕانکارییەکی بەرچاوی بەخۆوە بینیوە و پەلەترین و کورتترین و نزیکترین ڕێگا پراکتیزە دەکرێت بۆ گەیاندن و بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامەکان و توانراوە بەهۆی پۆستی خێراوە گەرماوگەرم ڕۆژنامەکان بە کڕیارو خوێنەران بگەیەنرێت، دیارە لەو



ڕستانەدا مەبەستمان لە ڕۆژنامەی چاپکراوی سەر کاغەزە بە تایبەتیش ڕۆژنامەی خوێندراو.

لە مێژووی ڕۆژنامەگەری کوردیدا بە گوێرەی پێداویستیەکانی بەردەست ڕۆژنامە فرۆشراوە و دابەشکراوە، ئەمەش دەتوانرێت بۆ دوو گرووپ دابەشبکرێت ئەو ڕۆژنامە و بڵاوکراوە و گۆڤارانەی کە بە نهێنی چاپکراون و دابەشکراون زۆربەیان بەبێ بەرامبەر دابەشکراونو پارە وەرنەگیراوە و تاکە مەبەست گەیاندن و بڵاوکردنەوەی ئامانج و هەواڵ و ڕووداوەکانی ئەو حزب و گرووپ و دەستەیە بووە کە ڕۆژنامەکەی دەرکردووە.. گرووپی دووەم؛ ئەو ڕۆژنامە و گۆڤارانەن کە بە ئاشکرا دەرچوون و بڵاوکراونەتەوە، بۆ ئەم گرووپە پرۆسەیەک دانراوە تا زۆرترین ژمارەی خوێنەران ڕۆژنامەکان ببینن و بخوێننەوە و بە پارەش فرۆشراوە.. شایانی باسە زۆربەی ڕۆژنامە نهێنییەکانیش نرخیان لەسەر نووسراوە، بەڵام زیاتر نرخەکە وابەستەکراوە بە ئابوونەی مانگانەی ئەندامان، ئەوەی جێگای پێزانینە لە هەردوو گرووپەکەدا بنیاتی دەرکردنی ڕۆژنامە لەسەر فرۆشتن و قازانج دانەڕێژراوە، چونکە لەنێو مێژووی زیاتر لەسەد ساڵەی ڕۆژنامەگەری کوردیدا کەم هەڵکەوتووە کە گۆڤارێک

یان ڕۆژنامەیەک بۆ بەردەوامبوونی تەنیا پشت بە فرۆشتن ببەستێت و قازانجێکی بەرچاو بکات. وەک دیارە ڕۆژنامەگەری کوردیی حزبی، هەر تەنیا بە نهێنی دەرنەچووە، بەڵکو لە چەند ماوە و ڕۆژگاری جیاجیادا بۆ ماوەی چەند ساڵێک بەئاشکرا و بە مۆڵەتی ڕەسمی چاپ و بڵاوکراوەتەوە، بەڵام لە هەموو حاڵەتێکدا لە باری داراییدا پشتی بە سەرچاوەی دارایی حزب بەستووە ئەوەندەی بەرنامە بۆ گەیاندنی ئامانجەکانی حزب دانراوە، ئەوەندە بیر لە دارایی تایبەتی ڕۆژنامەکە و سوود و قازانج یاخود کۆکردنەوەی مایەکەی نەکراوەتەوە.. !

مێژووی ڕۆژنامەگەریی ئاشکرای حزبیی کوردی بە چەندان قۆناغی جیاجیادا تێپەڕیوە و پرۆسەی گەیاندن و فرۆشتنەکەش بەشێک بووە لە گۆڕانکارییەکان، نەخوازەڵلا هۆکارەکانی گواستنەوە، تا ڕۆژانی ڕاپەڕینی 1991 کورد بۆ چاپکردنی ڕۆژنامە پشتی بە پایتەخت واتە بەغدا بەستووە، چونکە لە کوردستاندا چاپخانەی پێشکەوتوو بۆ چاپکردنی ڕۆژنامە نەبووە، ڕاستە چەند جارێک ژمارەیەک یاخود چەند ژمارەیەکی ڕۆژنامەیەک لە کوردستاندا چاپکراوە، بەڵام ئەمە تاسەر نەبووە، نەبوونی چاپخانەی پێشکەوتووش لە



کوردستاندا بۆ ڕێگانەدانی داگیرکارانی کوردستان دەگەڕێتەوە، بوونی چاپخانەش لە شارێکی دوورە دەستی وەک بەغدا کاری لە درەنگ گەیشتنی ڕۆژنامەکان بۆ کوردستان کردووە. دەشێت لەو ڕووەوە سەیری مێژووی ڕۆژنامەی (خەبات) ی پارتی دیموکراتی کوردستان و (ئازادی) ی حزبی شیوعی عیراقی لەساڵی 1959-1961 بکرێت، کە نەبوونی چاپخانە لەکوردستاندا کاری لە گەیشتنی ڕۆژنامەکان بۆ کوردستان کردووە، سەبارەت بە هەمان مەبەست دەتوانرێت مێژووی ڕۆژنامەگەریی ئاشکرای حزبیی کوردی لە ساڵانی 1970-1974 بخوێندرێتەوە.

فرۆشتن و دابەشکردنی ڕۆژنامەیەکی ( ڕۆژانە) و (هەفتانە) و (مانگنانە) جیاوازییان هەیە، بۆ نموونە درەنگ گەیشتنی هەفتانە و مانگنامەکان ئەوەندە کار لە کێرڤی بەیانیی دابەشکردنو فرۆشتنیان ناکات، بەڵام دواکەوتنی ڕۆژنامە (ڕۆژانە)کان زۆر کار لە بازاڕیان دەکات، چونکە دواکەوتنی ڕۆژنامەی ڕۆژانە واتا مردنی ئەو هەواڵانەی کە بڵاویکردوونەتەوە، دیارە بۆ هەفتەنامە و مانگنامەکان مەبەستمان لە دواکەوتنی ڕۆژێک و زیاتر نیە بەسەر

دەرچوونیان، بەڵکو لەو رستەیەدا مەبەستمان لەکاتژمێرێک یاخود کەمترە.

دوای راپەڕینی 1991 هەم مۆدێلی فرەحزبی هەم فرە رۆژنامەی حزبی بە ئاشکرا گۆڕەپان و شەقامەکانی کوردستانی تەنییەوە، کە ئەو مۆدێلە دوای هەرەسی ساڵی 1975 لاپەڕەیەکی رەنگاڵەیی بە ژیانی حزبایەتی لەکوردستاندا و توانرا لە خەباتی جەماوەریشدا پەرە بەو مۆدیلە بدرێت و مێژووی داهاتووش لەسەر ئەو جۆرە ژیانە تازەیە دەوەستێت بە تایبەتی بۆ بواری رۆژنامەگەریی بە گشتی و رۆژنامەگەریی حزبی بە تایبەتی، ئەوەی زیاتریش کە ئەو پرۆسەیەی پیرۆزکردووە، پەرەپێدانی ئەو چەند چاپخانە حکومی و ئەهلییانەبوو کە لە شاری هەولێر هەبوون، حزبی کوردی توانی راستەوخۆ سوود لەو چاپخانانە ببینێت، کە لەکورتترین ماوەدا رۆژنامە و چاپکراوەکانی بە ئەندام و لایەنگر و دۆست و جەماوەر بگەیەنێت، دیارە سەرەتای ئەو رچە شکاندنانەش دەرکردنی رۆژنامەی رۆژانەی (کوردستانی نوێ) بوو، کە وەک یەکەم رۆژنامەی رۆژانەی مۆدێلی رەنگاورەنگی ژیانی ئاشکرای حزبایەتی بووە سەرتۆپی کاروانەکە.



دابەشکردن و فرشتنی رۆژنامە لە کوردستانی ئەوکاتە بریتیە لە پۆستی سادە و ساکاری واتە ( دەستگێڕ)، دەکرێت ئەوسا بەرجەستەبکرێت لەعەفەوییەتو حەماسەتی جەماوەر بۆ پیرۆزی راپەڕینو راوەدوونانی دەسەڵاتی بەعس کە هەڵگری ئایدیۆلۆژیایەکی شۆڤێنی بوو، بێجگە لەچەکی کوشتنو تیرۆر و ئەدەبیاتی بەعس کولتوورێکی جینۆسایدی بەرامبەرە، حزبی کوردییش بەشۆڕشگێڕترین رستە و بەرهەمی رۆژانی خەباتی چەکداریی هاتەوە و تەحەددایەکی گەورەی داگیرکەری بەعسی کرد و دەستی بەبنیاتنانەوە و ئیدارەکردنی کوردستان کرد و ناوەناوەش ولاتە زلهێزەکان پشتیوانی خۆیان بۆ خەڵکی کوردستان دووپات دەکردەوە، ئەم هۆکارانە و کۆمەڵێک هۆکاری تر رۆژنامەی حزبی کردبووە رۆژنامەیەکی نموونەیی و تەلەفزیۆنە لۆکاڵی و رادیۆکانیش ئەوەندە تامەزرۆی رێژەیەکی زۆری خوێندەوارانیان نەدەشکاند، یاخود دەتوانین بڵێین کەناڵەکانی میدیای ئەوسای حزب جێگای متمانە و خۆشەویستی خەڵک بوون، وا هەستدەکرا بەردەوام شتی تازە بەخەڵک دەدەن، بۆ نموونە ئەگەر رۆژێک بەهۆی هەڵەیەکی هونەریی رۆژنامەی کوردستانی نوێ چەند

کاتژمێرێک لەدەرچوون دوابکەوتایە سەدان تەلەفۆن بۆ چاپخانە و ئەو کتێبخانانە دەکرا کە ڕۆژنامەکەیان دابەشدەکرد، دەستگێڕەکان چاوەڕێی گەیشتنی ڕۆژنامەکەیان نەدەکرد،بەڵکو خۆیان بۆ چاپخانە دەهاتنو بەشی خۆیان وەردەگرت و دەستیان بەفرۆشتن و دابەشکردن دەکرد، لە ساڵانی 1992-1993-1994-1995 تا بەئەمرۆش دەگات، کوردستانی نوێ بەهەرمێنترین ڕۆژنامەی حزبیی کوردییە، ل ەسێ ساڵی یەکەمیدا لەبواری فرۆشتن و دابەشکردندا وێنەی جوانی مێژوویی تۆمارکرد، بۆ نموونە لە شارێکی گەورەی وەک هەولێردا باشترین بازاڕی ڕۆژنامەکە ناوچەی فیتەرەکانی سەر ڕێگای مەسیف و شەقڵاوە بوو، سەرتاشخانە نەبووە لە شارەکەدا ئیشتیراکی لەگەڵ ڕۆژنامەکەدا نەبووبێت، ئەوەی کە ڕۆڵی سەرەکیی لە بەپەلە گەیاندن و دابەشکردنی کوردستانی نوێ دا دەبینی دەستگێڕەکان بوون کە زۆربەیان منداڵی (13-16) ساڵان بوون لە ڕۆژە سەختەکانی گوزەراندا ڕۆژانە بژێوییەکی باشیان بۆ خێزانەکانیان دەستدەکەوت، هەر سەبارەت بەفرۆشتن و دابەشکردنی کوردستانی نوێ پێویستە ئاماژە بە پرۆژەیەک بدەم کە ئیدارەی ڕۆژنامەکە کاری بۆ دەکرد



بۆ زیاتر پەرەپێدانی دابەشکردنی ڕۆژنامەکە، ئەویش دابەشکردنی هەولێر بوو بەسەر چەند زۆنێک ( بازنەیەک) ی دابەشکردنی ڕۆژنامەکە و لە هەر زۆنێکدا ڕۆژنامەکە بە منداڵانی شەهیدان بدرێت تا ڕۆژنامەکە دابەشبکەن، بۆ ئەوەی ئەو منداڵانە لەسەر کار و بەرهەم رابێنو وردەوردە لەبواری مەعریفەو ڕۆشنبیرییش نزیک ببنەوە و هەروەها بتوانرێت ڕۆژنامەکە خێراتر دابەشبکرێت، بەڵام ڕووداوی شەڕی ناوخۆ و گۆڕانکارییەکانی 1996/8/31 ئەم پرۆژەیە و چەندان پرۆژەی تری ژیاری و ڕۆژنامەگەریی پەکخست، وابڕیاربوو دوای ئەوەی پرۆژەی ناوبراو لە شاری هەولێر جێ بە جێ دەکرێت لە شارو شارۆچکەکانی تریش جێبەجێ بکرێت لەو باوەڕەدام شێوازێکی نوێ و هاوچەرخانەی بەکاری دابەشکردن و فرۆشتنی ڕۆژنامە لەکوردستان دەدا.

بۆ بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامە پرۆسێسی دابەشکردن بنەمایەکی سەرەکییە لە پێناوی گەیاندنی ناوەڕۆک و پەیامی ڕۆژنامە، ئەزموونی ڕۆژنامەگەریی ئاشکرای حزبیی کوردی ئەوەی دەرخست کەکەموکووڕیی لە دابەشکردن کاریگەریی لەسەر فرۆشتن و شکستی بازاڕی ڕۆژنامەکەدا جێهێشتووە، کێرڤی تیراژی چاپکردن حکایەتی هەڵبەزو

دابەزی فرۆشتنی رۆژنامە دەگێڕێتەوە، لەو رووەوە پاوانکردنی بەشێکی کوردستان بۆ دەسەڵاتی حزبێکو بەشەکەی تر بۆ دەسەڵاتدرێتیی حزبەکەی بەرامبەر، خاڵێکی ترە بۆ بەرتەسککردنەوەی بازاڕی فرۆشتنی رۆژنامەکان، لە هەمووی گرنگتر ئایا رۆژنامەگەریی حزبی لە باری بڵاوکردنەوەی رووداوەکاندا چ پێگەیەکی بۆ خۆی بردووە!؟ لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا نەک رۆژنامە حزبییەکان، بەڵکو هەفتەنامە و مانگنامە بەناو سەربەخۆو ئەهلییەکانیش رێگایان پێ نادرێت کە هەموو رووداوەکان پێشکەش بە خوێنەران بکەن، ئەگەر لەو رووەوە سەیری رۆژنامەی کوردستانی نوێ بکەین، تا بە ئەمڕۆش دەگات خوێنەرو سەیرکەری خۆی هەیە و رۆژانە چاوەڕێی دەرچوونی ژمارەکانی دەکرێت و پڕفرۆشترین رۆژنامەی حزبیشە لەکوردستاندا، بەڵام دەبینین چەند ساڵێکە بازاڕی بەرەو کزی دەڕوات و تیراژی ژمارەکانی کەمبووەتەوە، بە تایبەتییش پێش پرۆسەی ئاشتیو پرۆسەی رزگارکردنی عیراق، دەتوانین روونتر بڵێین لەساڵی 1995 تا 2002 رۆژنامەکە خراپترین بازاڕی هەبووە. هۆکارەکانی ئەو شکستەش بۆ رۆژنامەیەکی وەک کوردستانی نوێ گفتوگۆ



هەڵدەگرێت، زۆرکەس دەڵێت بوون و دەرکردنی هەفتەنامە و مانگنامەی لە شێوە رۆژنامەدا کاریان لەکێرڤی بازاڕی رۆژنامەکە کردووە، بەڕای من ئەمە خاڵێکی زۆر لاوازی جەوهەری مەسەلەکەیە، چونکە جیاوازییەکی زۆر لە نێوان رۆژنامەی هەواڵ و هەفتەنامە و مانگنامەدا هەیە، رۆژنامەی رۆژانە رۆژنامەی رووداوەکانی کاتژمێرنو رۆژە بە تایبەتییش هەر یەکێک لە ڕۆژنامە حزبییەکان ماڵپەری خۆیان هەیە ئەگەر هەواڵێک بە ڕۆژنامەی چاپکراوی سەر کاغەزەکەیان نەگات دەتوانن لەماڵپەرەکانیان واتە لەبەشی ئەلیکترۆنیی رۆژنامەکەیان بڵاوی بکەنەوە، بە هیچ شێوەیەک هەفتەنامە و مانگنامە شێوە رۆژنامەکانی سەر کاغەز ناتوانن ئەو رۆڵەی کە ڕۆژنامەیەکی سەرکاغەز دەیگێڕێت ئەوان بیگێڕن و بۆ نموونە لەماوەی هەفتەیەکدا خوێنەر سەیری هیچ رۆژنامەیەکی تر نەکات و نەیکرێت تا فلان هەفتەنامە دەردەچێت دەیکرێتو دەیخوێنێتەوە، خوێنەری کوردستان خەریکە وەک کایەیەکی هۆشیار لەزەت لەدیوە رەنگاوڕەنگو جیاوازو دژەکان دەبینێت، بۆ نموونە حەزدەکات بۆیەک رووداو جۆرەها داڕشتن و شێواز و خوێندنەوە سەیر بکات و بیخوێنێتەوە.

شکستیی بازاڕی ڕۆژنامەی حزبی پەیوەندیی بەکۆمەڵێک خاڵی جەوهەریی ویستو داخوازیی بازاڕەوە هەیە. خوێنەری کورد بە هەمان حەماسەتی ڕۆژانی ڕاپەڕینی 1991 نەماوە و گۆڕانکاریی بەسەر عەقڵ و بیرکردنەوەیدا هاتووە و تەنیا یەک دیوی حزبەکانی ناوێت، ڕۆژنامە حزبییەکان لەبەرئەوەی نەیانتوانی لە ڕۆژنامەی تەشریفاتو سەبقی هەواڵی سەرکردەکانیان خۆیان دەربازبکەن و لەو قۆناغەدا بپەڕنەوە و بۆچی ئەو جۆرە هەواڵانەیان بەسەر هەواڵی شەقامو بازاڕدا فەرزکرد! هەر بۆیە نەیانتوانی درێژە بەوە بدەن کە ڕۆژنامەی جەماوەرن نەک ڕۆژنامەی حزبەکانیان، ئەدەبیات و بەرنامەی حزبەکان لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا لەگەڵ پێش پێنج ساڵ و دە ساڵ جیاوازە بۆ نموونە هێزێکی وەک یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بانگەشە و کار بۆ مافی تاک و کۆمەڵگای زیاتر کراوە و مەدەنییەت دەکات، واتە تاک دەبێتە چاودێری دەسەڵات و هەموو تاکەکان لە ئەرکو مافدا هیچ جیاوازییەکیان نییە کەواتە لەو حاڵەتەدا پێویستە ڕۆژنامە خۆی بە ڕۆژنامەی هەموو تاکەکان بزانێت و هەواڵ و ڕووداوەکانیان بڵاوبکاتەوە و قسەی خۆی بکات، بەڵام هەستدەکرێت لە ڕۆژنامە حزبییەکانی کوردستاندا تادێت



عەقڵییەتی بڵاوکردنەوەی هەواڵی سەرکردە بەرتەسکتر دەبێتەوە و لە لاپەڕەی ڕۆژنامەکاندا پانتایی زیاتری بۆ تەرخان دەکرێت، خاڵێکی تری شکستی بازاڕی ڕۆژنامە حزبییەکان هێشتا کردەوەی پاوانکردن لە هەندێک ناوچەی کوردستاندا پیادەدەکرێت هەندێک لە ڕۆژنامە حزبییەکان لابازاڕ بەئاشکرا و ئازاد نافرۆشرێن و بەنهێنی ئەو دەستو ئەو دەستی پێ دەکرێتو چەندان خاڵی تر..

بەکورتی، گۆڕانکارییو هەناسە تازەکانی کوردەواری بەڵگەن بۆ پەڕینەوە بەرەو قۆناغێکی تری ژیان و بیرکردنەوە و هۆشیاریی و هەستدەکرێت شەماڵە بای گلۆبالیزم ئەگەر ڕەمەکییانەش بێت لە کوردستاندا کاری خۆی کردووە و سەرەتایەکی ئیجابییش بەرەو کرانەوە هەیە، بە مەرجێک بەری پێ نەگیرێت تا تاک بتوانێت و بزانێت ئەرک و مافەکانی تەنیا بەبەرهەمهێنان پێوانە دەکرێن، دیارە ئەو جۆرو شێوازە پێویستیان بە زانیاری زیاتر هەیە تا هەموو لایەک بتوانێت واقیعییانە گوزارشت لە بوونی خۆی بکات لەچوارچێوەیەکی حزبیانە کەوا بەزانرێت حزب هەموو شتێکە، دیارە ئەو گۆڕانکارییە پێویستی بە دەزگای ڕاگەیاندنی جەماوەریی هەیە و ڕۆژنامەگەرییش ڕۆڵی چالاک

و دیار دەبینێت بۆ خەملێن و سەرکەوتنی ئەو گوتار و فکرە و ئاکار و کردەوەیە ئەگەر باسەکە هەمووی بەیەکەوە گرێبدەینەوە، بازاڕی ئەمڕۆی ڕۆژنامەگەریی کوردی پێویستی بە ڕۆژنامەیەکی ناحزبییش هەیە تا ئازادانە گوزارشت لە هەموو چین و توێژەکانی کوردەواری بکات، بەمەرجێک ڕەچاوی وردترینو زانستیترین پرۆسێسی دابەشکردنو فرۆشتنی بکرێت، ئەوکاتە بۆ ڕۆژنامە حزبییەکان دەردەکەوێت کەشکستی بازاڕیان لەکوێوە سەرچاوەی گرتووە..!

### خۆدەربازکردن لە چوارچێوەکانی حزب..!؟

سەرەتاکانی سەرهەڵدان و دامەزراندن و دەرکردنی ڕۆژنامەی حزبی بۆ پێکهێنان و دروستکردنی گروپ و کۆمەڵە و دەستەی سیاسی دەگەڕێتەوە، گەشە و پێشکەوتنی ئەو جۆرە ڕۆژنامەیەش پەیوەست بووە بە پێگەین و گەورەبوونی پێگەی دەسەڵاتی حزب و باشتر چوونە ناو جەماوەر و دەسەڵات وەرگرتن، ئەمە و سەرەڕای پێشکەوتنی تەکنەلۆژیای چاپکردن و چاپخانە، لەگەڵ دامەزراندنی دەستە و کۆمەڵەی



سیاسی لە نێو کوردەواریدا بۆ گەیاندنی مەبەست و پرەنسیپ و دیسپلینەکان و بەرفراوان کردنی ڕێکخستن، بیر لەدەرکردنی بڵاوکراوە و گۆڤار و ڕۆژنامە کراوەتەوە.

ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ یەکەمین ڕۆژنامەی ڕۆژانەی حزبیی بە تەمەنە و لەلایەن یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دەردەکرێت، کێرڤی ڕۆژنامەکە لە باری بازاڕ و سیاسەتی کارکردن و دوور و نزیکی لە سیاسەتەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، کێرڤێکی شێواوە، زیاتریش لەکاتی شەڕی ناوخۆدا چوارچێوەیەکی حزبی بۆ داڕێژراو بووە بەشێک لە سیاسەتی داڕێژراوی ڕۆژانەی شەڕەکە، بەڵام وەنەبێت هەر تەنیا لەو بەرەیەدا شەڕی کردبێت بەڵکو شەڕی دەسەڵاتیشی کردووە و دەکات و چەندان جار دراوەتە. بەردەوامیش بەتەرخانکردنی لاپەڕەی تایبەت بۆ کێشەو کاروباری هاووڵاتیان هەوڵیداوە هەر تەنیا ڕۆژنامەی سکرتاریەت و مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتی و مەکتەبەکان و کۆمیتەو کەرتەکانی ڕێکخستن و هێزی پێشمەرگەی کوردستان نەبێت.

دەربازکردن و پەڕینەوەی ڕۆژنامەکە وەک ڕۆژنامەیەکی حزبی بۆ قۆناغی ناحزبی هەر لە ڕۆژانی سەرەتای دەرچوونیدا وەک بەشێک لە داخوازیەکانی قۆناغەکە بەرنامەرێژی بۆ کراو لە ڕێگای چەند ڕۆژنامەنووسێکی دوور لە ئۆرگانە حزبیەکانی یەکێتیی هەوڵدرا وێنەیەکی تر بۆ ڕۆژنامەکە بە خوێنەران و بازاڕ بدرێت، دیارە لە ماوەی تەمەنی ڕۆژنامەکەدا زۆربەی هەرەزۆری لێپرسراو و کارمەندانی ڕۆژنامەکە شەڕی هەواڵی تەشریفاتیان کردووە، بەڵام ئەو شەڕانە کورتخایەن و هەناسە کورت بوون و نەیانتوانیوە تا سەر ئەو شەڕە بکەن و سەربکەون. پیلانگێڕان بواریان نەداوە حزبی کوردی پشوو بدات کە وەک دەرکەوتووە هۆکارەکان هەر دەرەکی نین، بۆیە شەڕەکانی بە بازاڕکردن و بە جەماوەرکردنی ڕۆژنامەکە زۆری بڕنەکردووە و زۆربەی ئەو لاپەڕانەی بۆ هەواڵ تەرخان کراون بوونەتەوە بە لاپەڕەی تەشریفاتی حزبی.

ئەمرۆ کە کۆمەڵێک هەفتەنامەی نیمچە ئەهلی و نیوە حزبی خاوەن بازاڕی گەورە لەکوردستان هەن، گەورە لەچاو ڕۆژنامە حزبیەکان، پرسیاری دەربازکردنی



کوردستانی نوێ ش لەحزبیبوون بۆ ڕۆژی ئەمرۆ پرسیارێکی بێ وەڵامە، چونکە دوێنێ و ئەمڕۆی کوردستانی نوێ دوو قۆناغ و دوو پانتایی جیاوازن و حزبی کوردی ناتوانێت بەبێ ڕۆژنامەی تەشریفات کاروبارەکانی بەیان بکات.

کەواتە ئایا کاتی ئەوە هاتووە کە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ خۆی لەچوارچێوەکانی حزب دەرباز بکات؟ بەڵێ کوردستانی نوێ ناتوانێت خۆی لە هەواڵە تەشریفاتیەکانی حزب دەربازبکات، بازاڕیش زۆر گرنگی بە هەواڵی تەشریفاتی حزبی نادات! هۆشیاری کۆمەڵگاش گەیشتووەتە ئاستێک کە جیاوازی لە نێوان هەواڵی رووتی حزبی و هەواڵی رووتی هاووڵاتیان دەکات و وەک دوو هەواڵی جیاوازیش سەیریان دەکات و بەراوردیان دەکات.

کەواتە چی بکرێت! ئایا پێویستە کوردستانی نوێ قۆناغی حزبیبوونی ببڕێت و بەرگێکی تر بۆخۆی بدوورێت، وەک چۆن حزبیبوون شورەیی نیە بە هەمان شێوەش بوونی ڕۆژنامەی حزبیش شورەیی نیە، بەڵام ئەوەی بەبێ ئاگایی کەوتووەتەوە خەریکە ڕۆژنامەی

حزبی کوردی لاسایی رۆژنامەی وڵاتە شیوعی و سۆسیالیستەکانی پێش پرۆسترۆیکا دەکاتەوە و درێژە بە تەمەنیان دەدات و خۆی بەپاشای رۆژنامەکانیش دەزانێت.

لە جیهاندا حزب رۆژنامەی خۆی هەیە، بەڵام ئەو بوونە لە سیستەمێکی دەسەڵاتەوە بۆ سیستەمی دەسەڵاتێکی تر جیاوازی هەیە، ئەمەش زیاتر بەندە بە بازاڕو بەرزی و نزمی کێرڤی فرۆشتنی رۆژنامە، لە هەندێک وڵاتی پێشکەوتوودا حزب رۆژنامە حزبیەکانی خۆی بە پۆست تەنیا بۆ ئەندام و ئۆرگان و چەند کەس و لایەنێکی پەیوەندیدار و کتێبخانەو ئەرشیڤە دەوڵەتیەکان دەنێرێت چونکە بازاڕی فرۆشتنیان خراپە. لەکوردستانیشدا تیراژی هەندێک لە رۆژنامەو هەفتەنامەی کوردیی حزبی کێرڤی بازاڕیان سفرە و تەنیا وەک بوونی ریکلامێکی سەر تەختەی کتێبخانەکان بۆ فرۆشتن بۆ کتێبخانەکان دەنێردرێن، کەواتە ئەگەر رۆژنامە نەفرۆشرێت و گەڕاوەی بەقەد هاتوو بێت، بۆچی بۆ بازاڕ دەنێردرێت؟



بەکورتی؛ ئەمڕۆ لەکوردستاندا هیچ رۆژنامە و هەفتەنامە و ئۆرگانێکی حزبی ناتوانێت بازاڕی فرۆشتنی وەک ئەو هەفتەنامانە لێبکات کە خۆیان وەک هەفتەنامەی ئەهلیی و ناحزبی ناساندووە، بەرای من کوردستانی نوێ ش ناتوانێت پاڵتۆی حزبایەتی لەخۆی دابماڵێت، بە تایبەتیش پێکهاتەی ئەمڕۆی نێو ماڵی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان ناخوازێت واز لە هەواڵی تەشریفاتی بێنێت!

# بەشی شەشەم

## دیوێکی تر.. لە وڵاتێکی تر

## نەخشەسازیی کوردستانی نوێ لە سوید

نەخشەسازیی، یاخود دەرهێنانی هونەری یان دیزاین، لەلای سویدییەکانیش بریتییە لەهونەری دابەشکردنی یەکەکانی لاپەڕەی رۆژنامە (ماکێت)، واتە چۆنیەتی دانان و دەرهێنانی دەق، وێنە، ناونیشان، ستوون و هێڵ لەرووپەڕی لاپەڕەدا، دەرهێنانی لاپەڕەی رۆژنامە هونەرمەندێکی دەرهێنەری وریا و زیرەک و بە سەلیقە رایدەپەڕێنێت , پێویستە هونەرمەندی بواری رۆژنامەگەری بێت و لەبواری رەنگ و وێنە و کاروباری چاپخانەدا زانیاری هەبێت و وەک کارمەندێک کار لەنەخشەکێشانی لاپەڕەدا نەکات.

ئەرکو دنیای دیزاین ( نەخشەسازی ) پەیوەندی بە چاپخانە و بوارەکانی پێشکەوتنی ماشێنەکانی چاپەوە هەیە، بۆ نموونە چاپی لاینۆتایپ زۆر جیاوازی لەگەڵ چاپی ئۆفسێتدا هەیە، هەروەها رۆژگاری کۆمپیوتەر و پێشکەوتنە ئەلیکترۆنییەکان رەوتێکیتری بە هونەری نەخشەسازی داوە،



نەخشەو نەخشەسازی لاپەڕەکانی رۆژنامە یەکەی نێوان دەق ( ناوەرۆک) و رووخساری رۆژنامە تەواو دەکات و دەپارێزێت، بە فەرامۆشکردنی هەریەکێکیان رۆژنامەیەکی ناتەواو پێشکەش بەخوێنەران دەکرێت.

نەخشەسازیی لە کوردستانی نوێ دا بە دوو قۆناغدا تێپەڕیوە , لە قۆناغی یەکەمدا رۆژنامەکە بەدەست نەخشەی دەکێشراو دەردەهێنرا، ئەم قۆناغە لە1992/1/12 تا ناوەڕاستی ساڵی 1997 درێژەی کێشا کە تیایدا چەند هونەرمەندێکی نەخشەسازی بواری رۆژنامەگەریی رۆڵیان لەبنیات و پێشکەوتنی رووخساری رۆژنامەکەدا هەبوو، قۆناغی دووەم , قۆناغی نەخشەی کۆمپیوتەرییەو لەساڵی 1998ەوە تا ئەمڕۆ بەردەوامە و توانراوە سوود لە ئامێری کۆمپیوتەر بۆ نەخشەکێشانی رۆژنامەکە ببینرێت، دیارە هەریەکێک لەو دوو قۆناغە خاوەنی وردەکاریو لقو پۆپە و دەتوانرێت لەو رووەوە بەهۆی لێکۆڵینەوەی ئەکادیمییەوە داهێنان و جیاوازییەکانیان دەستنیشان بکرێن، بەڵام ئێمە لەم چەند دێڕەی دادێ، تەنیا کۆمەڵێک بیروڕا لەسویدەوە سەبارەت بەلایەنی دەرهێنانی هونەری کوردستانی نوێ وەردەگرین، بیروڕاکان دوو جۆرن؛ جۆری یەکەم خەڵکی

ئاساپین، وەک خوێنەر بە حوکمی چاو بڕیار لەسەر نەخشەسازییەکەی دەدەن. جۆری دووەم لەو بوارەدا خوێندویانە و کاریان کردووە و بەرهەمیان هەیە.

بەمشێوەیە ئەم چەند بەڕێزە رای خۆیان لەسەر لایەنی هونەری و نەخشەسازیی کوردستانی نوێ دەربڕی.

*** کرێکارێکی چێشتخانە:**

- لەبەرئەوەی رۆژانە لەکاردا زۆر ماندوو دەبم , بۆیە ناتوانم بڵێم بۆچوونێکی ورد دەردەبڕم، بەڵام زۆرجار نەبوونی وێنە لەکاتی خوێندنەوەی بابەتێکدا ماندووترم دەکات.

*** خوێندکارێکی زانکۆ:**

- بەگشتی هەوڵدەدرێت کاری سەرنجڕاکێشەر بکرێت , بەڵام بۆ تەمەنی گەورەیی رۆژنامەکە , لایەنە هونەرکارییەکەی لاوازە، نازانم ئەوەندە هێڵە پانو باریکانە چین دەکێشرێن.

*** فەرمانبەرێك:**

- من لەبەرئەوەی حزبیم هیچ هەڵە و کەموکوڕییەک لە رۆژنامەکەدا نابینم کە رەنگە سەوزەکە دەبینم مێشک و چاوم دەحەسێتەوە.



*** دوکاندارێك:**

- بەخوا پرسیارێکی قورسە , من رۆژانە لەئینتەرنێت سەیری دەکەم , وەکو ئەهلی کەسابەت ریکلامەکانی دوالاپەڕەم بەدڵە کە شوکر خەریکە خەڵک فێری ریکلام دەبێت، هەم بۆ جوانکاری و هەم بۆ بازاڕی رۆژنامەکە دەتوانرێت سوود لەریکلام ببینرێت.

*** ژنێکی ماڵ:**

- لەوەتەی مندالّم بووە و لەماڵم و کارناکەم , رۆژانە بەوردی سەیری کوردستانی نوێ دەکەم، بۆ ئەو بوارەی تۆ باسی دەکەیت هەستدەکەم پیتەکانی زۆر وردن، راستە ئێمە دەتوانین بەهۆی ئینتەرنێتەوە بابەتەکان گەورە بکەین، بەڵام بۆ خەڵکی کوردستان کە رۆژنامەکە زیاتر لەسەر کاغەز دەخوێننەوە لەوە دەچێت پیتەکان وردبن و بۆ چاویان خراپ بێت.

*** شۆفێرێکی تاکسی:**

- رێککەوتنێکی سەیرە، دوێنێ لەگەڵ هاوڕێیەکی شۆفێرم بەراوردی لاپەڕەکانی رۆژنامە کوردی و سویدییەکانمان دەکرد، رۆژنامەکانی ئێمە وێنەیان کەمە و ئەگەر وێنەش دابەزێنن زۆر بچووکن، چاو لەکاتی خوێندنەوەی رۆژنامەدا

زیاتر مانشێت و وێنە دەبینێت، بە تایبەتی بۆ ڕووداوی دیار و گەورە، کوردستانی نوێ هەست دەکەم سوودی لە ئامێری کۆمپیوتەر بینیووە , بەڵام نازانم بۆ ناتوانرێت هەندێک وردەکاری هەیە لەسەر لاپەڕەکاندا پراکتیزە بکرێن، بۆ نموونە لەلاپەڕە یەکدا چوار وێنە دابەزیوە سێ دانەیان یەک قەبارەیان هەیە و یەک گۆشەیان پێ‌پڕکراوەتەوە.

* **هونەرمەندێك:**

– من ناڵێم تەقلید، بەڵام دابەزینی وێنەی هونەرمەندان بە قەبارەی گەورە و جوان هەم جۆرێکە لەمۆدێلی ڕۆژنامەگەریی سەردەم، هەم جۆرێکە لەریکلامیش بۆ ڕۆژنامەکانمان، ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ لەو بوارەدا درێغی نەکردووە، بەڵام دەتوانرێت بۆ دابەزینی وێنەی هونەرمەندان هاوسەنگی لە نێوان نووسینو ریکلامدا ڕابگیرێت.

ئینجا بیروڕای دوو کەسی تر وەردەگرین کە بە شێوەیەکی زانستی لە سوید دەورەو خوێندنی دیزاینیان تەواوکردووە.

* زانکۆ دەسکۆ دەرچووی کۆلیجی ئەندازیارییە بەشی نەخشەسازی ( دیزاین) ی ڕۆژنامە و گۆڤار و ماڵپەڕو کاروباری هونەری وابەستە بە دنیای میدیاوە، دوای



پیرۆزبایی‌کردن لە ڕۆژنامە و بەتایبەتی بەشی هونەرکاری کە بەبێ ئەوەی هیچ دەورەیەکی (کۆرس)ێکی زانستی و خوێندنیان لەو بوارەدا تەواوکردبێت، ڕۆژنامەکە ڕێکبخەن و (تەصمیم) بکەن، زانکۆ لە میانی قسەکانیدا ئەم چەند سەرنجەی سەبارەت بە بواری نەخشەسازی هونەری ڕۆژنامەکە خستەڕوو:

– بۆ کارئاسانی دیزاین، پێم باشە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ ئەم بەرنامەیە پەیدابکات و کاری پێبکات Adobe Indesign 2.0

– باشترە یاری بەفۆنت نەکرێت، واتە هەر بابەت و لاپەڕەیەک بەجۆرو قەبارەیەک دابەزێت، بۆ نموونە ڕۆژنامەیەکی وەک (داگس نیهێتەر) ی سویدی بابەتی هەموو لاپەڕەکانی بەیەک فۆنت دادەبەزێنێت تەنیا ریکلام نەبێت، بەگشتی فۆنتی بەکارهاتووی ڕۆژنامەکە بچووکە.

– دابەشکردنی ڕەنگ زۆر گرنگە، بۆ نموونە نابێت بە ئارەزووی خۆت ناونیشانی فلان بابەت سەوز یاخود سوور یان شین بکەیت، کە ڕەنگت بە بابەتێکدا، بە خوێنەران دەڵێیت ئەمە بابەتێکی گرنگە بیخوێننەوە.

- نەخشەساز پێویستە پێش ئەوەی دەست بە دیزاینی لاپەڕەیەک بکات، بابەتەکە بخوێنێتەوە.

- نەخشەساز هونەرمەندە، کە زانیی مێشک و جەستەی ماندووە، پێویستە پشووبدات ئینجا دەست بەلاپەڕەیەکی تر بکات، چونکە هونەرمەند کە ماندووبوو تەرکیزی نامێنێت. لەم ڕووەوە هەست دەکرێت لە نێوان لاپەڕەیەک و لاپەڕەیەکی تری کوردستانی نوێ دا بە هەڕەمەکی بابەتەکان بەسەر لاپەڕەکەدا دابەشکراون و نەخشەسازەکە یان میزاجی تەواو نییە یاخود ماندوو بووە و لاپەڕەکەی لەکۆڵ خۆی کردۆتەوە.

- بەداخەوە وێنە زۆرجار لە شوێنی خۆی دانەبەزیوە، یان زۆرجار و بەردەوام هەوڵدەدرێت وێنە لەژێر ناونیشانی بابەتەکە دابنرێت یاخود لەژێرەوەی بابەتەکە، ئایا جوانتر نییە لەناو بابەتەکە داببەزێت و شتێکیشی لەژێر بنووسرێت؟

- زۆری چوارچێوە لەکوردستانی نوێ دا چاوی خوێنەران ماندوو دەکات، زۆربەی چوارچێوەکان زیادن، هەندێک چوارچێوە ئەوەندە گەورەن خوێنەر وا هەست دەکات هێزی بابەتەکە لەچوارچێوەکەیدایە، لەرۆژگاری ئەمڕۆدا ڕۆژنامە



زۆر گرنگی بەچوارچێوە نادات، ئەمە مۆدێلی سەردەمی کۆنی ڕۆژنامە بووە و ئەمڕۆ دەتوانرێت بەهۆی فەنتازیاکانی ناو ئینتەرنێت بابەت لەیەکتر جیابکرێتەوە بۆ نموونە جۆرەها شەبەکی تیایە و دەتوانرێت لەو ڕووەوە بەکاربهێنرێت.

- ئەگەر ڕووداوێکی گەورە ڕوویدا، دەتوانرێت وێنەی گەورە داببەزێت تا سەرنجی خوێنەران بۆ لای بابەتەکە رابکێشرێت.

- پێویستە بۆشایی بە هەدەر نەبرێت، چونکە هەر شوێنێکی بۆشایی لە ڕۆژنامەکەدا پارەیە و بەبەلاش ڕۆیشتووە، ئەگەر دەزانرێت بۆشایی هەیە با بە بابەتێک پڕبکرێتەوە، بۆشایی چواردەوری ناوی کوردستانی نوێ لەلاپەڕە یەکدا زۆرە و پێویستە سوودی لێبببینرێت، هەروەها بەهۆی ئەم خاڵە ئەو چوارچێوەیەی تەک کوردستانی نوێ م بیرکەوتەوە کە ڕۆژانە لە سەرەوەی ڕۆژنامەکە لەگەڵ هەواڵەکە دادەنرێت، نازانم ئەم چوارچێوەیە بۆ دادەنرێت! چونکە یەک هەواڵە و تێکەڵاو بەهیچ شتێک نابێت.- لاپەڕەکانی یەک و سێ زۆر پڕنو وێنە کەمە، لاپەڕەکانی ناوەوە جوانن , بەڵام دەتوانرێت بەوێنەی سەرنجراکێشەر

جوانتربکرێنو خوێنەران زیاتر بەلای خۆیاندا رابکێشن، بەڵام باشترە وێنە لەناو تێکست دابەزێت.

- وێنە چوارچێوەی بۆ دانەنرێت.
- لەو گۆشە بەردەوامو تایبەتیانەی لەرۆژنامەکەدا هەن، دەتوانرێت چوارچێوە دابنرێت و پێویستە درێژی و کورتی و قەبارەی فۆنت و شوێنی گۆشەکان پارێزراوبن و دەستکاری نەکرێن، لە گۆشەی تایبەتدا باشترە وێنەی رۆژنامەنووسەکە دابەزێت.
- ئەگەر نووسەرێک یاخود رۆژنامەنووسێک لە نووسینێکدا رایەکی تازە و تایبەتی دەربڕیبوو، باشترە وێنەی خۆی دابەزێت، ئێستا لەدنیادا وا باوە و زۆر گرنگی بە بڵاوکردنەوەی وێنەی نووسەران و رۆژنامەنووسان دەدرێت.
- فۆنتی ناونیشانی بابەتەکان جیاوازنەبن و بۆ هەر بابەتێک جۆرێک فۆنت دابنرێت و گەمە بە شێوەی فۆنتەکانیش نەکرێت، بۆ ناوی نووسەر و رۆژنامەنووسانیش، پێویستە یەک جۆرو شێوە فۆنت بەکاربهێنرێت.

پاشان ئەمیر سالح خاوەنی ماڵپەڕی ( بەیان نێت) کەماڵپەڕێکی لاوانە و رۆژانە خوێنەر و بینەرێکی زۆری هەیە



و سەیری دەکەن، بەمجۆرە بیروڕای خۆی سەبارەت بە لایەنی هونەرکاری کوردستانی نوێ دەربڕی:

- ناوی کوردستانی نوێ لە ناوەڕاستی لاپەڕەکە دابنرێت نەک تەنیا لەیەک لای لاپەڕەکەدا.
- ساڵی چەند یەکەم ژمارەی لێ بڵاوبۆتەوە لە ژێر ناوی کوردستانی نوێ بنووسرێت.
- لەسەرەوەی ناوی کوردستانی نوێ نووسین و وێنە بڵاونەبێتەوە، واتە شوێنی ناوەکە دەستکاری نەکرێت.
- لە لاپەڕە یەکدا تێکستی زۆر تیایە و دەتوانرێت ئەو تێکستانە کورتتر بکرێنەوە و درێژە یان لاپەڕەیەکی تریان بۆ تەرخان بکرێت، بەڵام پێویستە ئەم جۆرە دابەشکردنە بەردەوام هەبێت نەک لە بۆنەی تایبەتدا.
- ئەو دێڕەی ژێرەوەی کوردستانی نوێ واتە ژمارە و ساڵ و.. هتد، زۆر زەقە و چوارچێوەیەکەش زەقتری کردووە، بۆ دەربازبوون لەم دیزاینە دەتوانرێت سوود لە شەبەکی نێگەتیڤی سپی ببینرێت.
- لەلاپەڕە یەکدا پێویستە یەک وێنەی گەورە بۆ رووداوی گەرمی رۆژ هەبێت.

- تێکستی لاپەڕەی یەک زۆر لەتەک یەک نەبن و هەست بە تێکەڵاوی دەکرێت.

ئەمانە چەند سەرنجێک بوون سەبارەت بەلاپەڕەی یەک، بەڵام بۆ لاپەڕەکانی ناوەوە بەدەر لەلاپەڕە (سێ)، ڕێکوپێکن، تەنیا وێنە زۆر کەمە و هێڵ و چوارچێوەی ئەستووریش زۆرجار جوانکاری لاپەڕەکان دەشێوێنن، دوالاپەڕە جوانە، بەڵام ئەو کلێشەیەی کە بەردەوام لەسەرووی لاپەڕەکەدا دادەبەزێت زۆر گەورەو ناشیرینە و بابەتەکانی لاپەڕەکەی کوشتووە ئەگەر شوێنیشی ناگۆڕدرێت باشترە بچووک بکرێتەوە و ئەوەندە زەق نەبێت.

شایانی باسە ( ئەمیر ساڵح) لە سوید چەند (کۆرس) دەورەیەکی فێربوونی دیزاینی خوێندووە.

لەکۆی هەموو بیروبۆچوونەکاندا من وای دەبینم ئەگەر تەفاهومێک لەگەڵ ناوەندی حزبدا بۆ لایەنی هونەرکاری ڕۆژنامەکە دروست بکرێت، دەتوانرێت سوود لەم سەرنج و تێبینیانە وەربگیرێت و لەو باوەڕەشدام گفتوگۆی زیاتر سەبارەت بەگۆڕین و پەرەپێدانی بواری هونەری ڕۆژنامەکە ڕەوتی بازاڕی باشتر دەکات، واتە ڕۆژنامەکە لە بواری نووسین و دیزایندا کراوەتر بێت.



سەرچاوە: ئەم بابەتە ڕۆژی 2004/1/12 لە لاپەڕە 6 ی ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ دابەزیوە.

## کوردستانی نوێ وەك سەرچاوەیەك

### بۆ رادیۆ کوردییەکانی سوید

سوید کەشتییەکی نێونەتەوەییە، نموونەی هەموو نەتەوەکانی دنیای تیا دەژی، ئەو نموونەیە پێوەندی بەئەزموون و ئەزموونکاری ژیانەوە نیە، بەڵکو واقعێک هەبووە تا ئەمڕۆش و تا ئاستێک هەیە بۆ ژیانی پەنابەرێتی لەو وڵاتەداو سیاسەتێکی گونجاویش پەیرەوەدەکرێت بۆ خۆشگوزەرانی و تێکەڵاوبوون. ئینجا ئەگەر نەتەوەی هەموو کیشوەرەکانی دنیا لە وڵاتی سویددا بژین لەو رووەوە چۆن توانراوە ئەو نەتەوانە ئاوێتەی ئەو کولتورە ببنو ببنە بەشێک لەو کولتوورە؟ سوید لەو بارەدا سیاسەتی پشوو درێژی پێڕەو دەکات بە دەیان شێوە و شێواز هەم ئەو نەتەوانە تێکەڵاو بە کولتوری خۆی دەکات و هەم هەوڵدەدات لە باری رۆشنبیری و زمان و ئەدەب و هونەرەوە لە کولتوری



خۆیان دانەبڕێن و بە تەواوی دووچاری نامۆیی نەبن. دیارە لەم نووسینەدا ناتوانین هەموو ئەو کەرەسانە بەسەر بکەینەوە، کە ئەو وڵاتە پێشکەش بە نەتەوە کۆچکردووەکانی کردووە، چونکە ئەم نووسینە شوێنی ئەو شیتەڵکارییە نیە ئەوە، بەڵکو دەتوانین یەک خاڵ وەربگرین ئەویش ئێستگەی رادیۆییە، کە ئەمە خاڵێکە لەخاڵەکانی راگەیاندن و میدیادا.

لە سوید هەموو نەتەوەکان بۆیان هەیە بە زمانی خۆیان لە ڕێگای رادیۆوە هەواڵ و چالاکییەکانیان بڵاوبکەنەوە، بۆ ئەمەش رێگایەکی یاسایی پێڕەوەدەکرێت، بە ناوی گرووپێک یان یانەیەک یاخود کۆمەڵەی پیشەیی مۆڵەت وەردەگرن و ماوەیەکی دیاریکراویان بۆ دادەنرێت تا بتوانن پەیامی خۆیان بگەیەنن، دیارە زۆربەی ئەو گرووپ و دەستە و کۆمەڵە و یانانە سێبەر و سەنتەری پارت و رێکخراوە سیاسییەکانن، کە سوید ئیجازەی کارکردنی راستەوخۆ بەحزب و رێکخراوی سیاسی نادات کە پەنابەرن و ئامانجی خەباتیان پێوەندی بە رووبەر و خاکی

سویدەوە نەبێت، بەڵام بۆیان هەیە لە ڕێگای ئەو گرووپ و کۆمەڵە و دەستانەوە تەواوی چالاکییە حزبیەکانی خۆیان بڵاوبکەنەوە، هەربۆیە زۆرجار ئەو ڕادیۆیانە دەبنە بڵندگۆی پەیام و هەواڵ و چالاکی حزب و ڕێکخراوە سیاسییەکان.

ئەو ڕادیۆیانە زۆربەیان هەفتانە بە تایبەتی لە ڕۆژانی پشوودا (شەممە، یەکشەممە) بەرنامەکانیان بڵاودەکەنەوەو ماوەکەیشیان زیاتر بریتیە لە دوو کاتژمێر، بەرامبەر بەو ماوەیەش پارەیەکی ڕەمزی بە ئیدارەی کولووری ئەو شار و شارەوانییە دەدەن کە ڕادیۆکە بەرنامەکانی لێبڵاودەکاتەوە، ڕادیۆش هەیە ڕۆژانە کارەکانی بڵاودەکاتەوە، وەک دەزانرێت ڕۆژگاری ئەمڕۆش ڕۆژگاری جیهانگیری و گەیاندنی خێرایە، ئامادەکردنی بەرنامەکانی ڕادیۆیەک بە بەراورد بە دوێنێ ئاسانتر بووە، ئێمەش لەو ڕووەوە بۆ ئامادەکردنی بەرنامەکانیان ویستمان بزانین ئایا ئەو ڕادیۆیانە تاچەند سوود لەڕۆژنامەی" کوردستانی نوێ" دەبینن، کە ڕۆژانە دێتە ناو ئینتەرنێت و بەسەدان کەس سەیری لاپەڕەکانی دەکات و بابەتەکان دەخوێننەوە و کۆمەڵێک



خوێنەریش هەیە ژمارەکان بەهۆی دیسک و (CD) یەوە هەڵدەگرن یاخود دەیخەنە سەر کاغەز.

سەرەتا هەوڵم دا ئەو پرسیارەی پێشەوە، ئاڕاستەی هەموو ڕادیۆکان بکەم، بەڵام دەرفەت نەبوو، نەمانتوانی پێوەندییان پێوەبکەین، بەڵام هەرچی چۆنێک بوو توانیمان زۆربەی ڕادیۆکان ڕووبەڕووی پرسیارەکەمان بکەینەوە. ئەو ڕادیۆیانە زیاتر لە شارە گەورەکانی (ستۆکهۆڵم، یۆتۆبۆری، مالمۆ) بەرنامەکانیان پەخشدەکەن.

پێشەکی پرسیارم لە (ناسری سینا) لە ڕادیۆی (زایەڵە) کرد، زایەڵە ڕادیۆی ڕەسمیی دەوڵەتی سویدە ڕۆژانە بۆ ماوەی نیوسەعات بەرنامەکانی بەزمانی کوردی بڵاودەکاتەوە، کە لەژێر ئەم پێناسەیەدا ڕۆژانە خۆی بەگوێگران دەناسێنێت (زایەڵە، بەشی کوردی ڕادیۆی نێونەتەوەیی سویدە) بۆ پرسیاری (ئایا ئێوە وەک ڕادیۆی زایەڵە تاچەند سوود لەڕۆژنامەی کوردستانی نوێ وەردەگرن؟) ناسری سینا وتی: "وەک وەزیفە پێویستە من ڕۆژانە سەیری لاپەڕەکانی کوردستانی نوێ بکەم، سەرەتا لاپەڕەکانی یەکو سێو

دوالاپەڕە سەیر دەکەم و دەخوێنمەوە، ئینجا دەچمە سەر لاپەڕەکانی دوو، چوار و بەشی سیاسەت و بەشەکانی تر، ئەگەر بابەتێک گونجاو و شیاو بێت، چاپی دەکەم و بۆ خوێندنەوە ئامادەی دەکەم، گەلێک جار ئێمە وەک رادیۆی زایەڵە هەواڵمان لە کوردستانی نوێ وەرگرتووە و بەشی نەتەوەکانی تر بۆ نموونە بەشی عەرەبی سوودی لێ وەرگرتووە و لەبەرنامەکانیاندا خوێندوویانەتەوە و وتوویانە؛ کوردستانی نوێ دەڵێت، ئێمەش هەواڵێک یاخود هەر بابەتێکی تر لەڕۆژنامەکە وەردەگرین، ناوی کوردستانی نوێ وەک سەرچاوەی هەواڵ و بابەتەکە دەبەین، پێش کۆتایی پێویستە ئەوە بڵێم، کە لەبەر ماوەی کورتی بەرنامەکانمان کە نیو کاتژمێرە رۆژانە ناپەرژێینە سەر رۆژنامەکە ئەگەر نا ماوەی رادیۆکە زۆر بووایە دەتوانرا باشتر سوود لەکوردستانی نوێ وەربگیرێت".

هەمان پرسیارمان رووبەڕووی (شەهاب) لە رادیۆی (زرێبار) کرد، رادیۆی (زرێبار) رادیۆی (کۆمەڵەی هونەریی سویدیـ کوردی) یە رۆژانە بۆ ماوەی کاتژمێر و نیوێک بەرنامەکانی بڵاودەکاتەوە، تەنیا رۆژی شەممە



پشووی رادیۆکەیە، بەم شێوەیە وەڵامی پرسیارەکەیان داوە: " زۆر جار سەیری رۆژنامەی کوردستانی نوێ دەکەین، ئەگەر بابەتێکی تێدابێت جێگای سەرنجی کوردانی دانیشتووی شاری ستۆکهۆڵم بێت دەیخوێنینەوە، چونکە رادیۆی زرێبار شەپۆلەکانی لەشاری ستۆکهۆڵم زیاتر ناچێتە دەرەوە، هەروەها جاری واش وا رێککەوتووە کە لەبابەتێکی کوردستانی نوێ دێباتمانـ مناقشە- مان دروستکردووە، واتە بابەتەکەمان خوێندووەتەوە و داوامان لەگوێگرانی رادیۆکەمان کردووە بە تەلەفۆن راستەوخۆ سەرنجی خۆیان سەبارەت بە ناوەرۆکی بابەتەکە دەرببڕن، یاخود لە ستۆدیۆ کەسێکمان میوانداری کردووە، تا باری سەرنجی لەسەر بابەتەکە بڵێت و خەڵکیش بە تەلەفۆن کەوتوونەتە گفتوگۆ، گەلێک جاریش بەرنامەی لەو شێوەمان ئامادەکردووە".

بۆ وەڵامی هەمان پرسیار (میران عەلی) لە ڕادیۆی (ئاوێزە) سەرەتا وتی: "وەک دەزانرێت و کە لەچاوپێکەوتنێکی رۆژنامەی کوردستانی نوێـ دا ماوەیەک لەمەوبەر بڵاوکرایەوە لەوێ وتوومانە؛

رادیۆکەمان ئەوە بۆ ساڵێک دەچێت بە شێوازێکی تایبەت بەرنامەکانی ئامادە و پێشکەش دەکات، کە زیاتر ئاراستەی چەشە و میزاجی لاوانی کورد دەکرێت، واتە هەوڵدەدەین بابەتی بەرنامەکانمان لەو ماوە دیاریکراوەی کە بۆمان دیاریکراوە و دوو کاتژمێرە لەهەفتەیەکدا بخولێتەوە، دیارە لەو رووەوەش رۆژنامەی کوردستانی نوێ رۆژنامەیەکی ئەکتیڤە و دەتوانرێت سوودی لێوەربگیرێت، بۆ نموونە بەرنامەیەکمان هەیە بەناوی لەئینتەرنێتەوە بەردەوام سوود لە هەواڵە بڵاوکراوەکانی دوا لاپەڕەی کوردستانی نوێ وەردەگرین، بە تایبەتیش هەواڵە سەیر و سەرسوڕهێنەرەکان". پێویستە ئەوەش بڵێین کەڕادیۆی (ئاوێزە) رادیۆی (کۆمەڵەی گەلی کوردستان) ەو پێشتر ناوی رادیۆکەش بریتی بوو لەدەنگی کۆمەڵەی گەلی کوردستان، بەڵام ئەوە نزیکەی ساڵێکە ناوەکەی کراوەتە (ئاوێزە)، خاوەنەکەی هەر " کۆمەڵەی گەلی کوردستانە".

هەروەها بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە پێوەندیمان بەخاتوو (سەدیقە محەمەدی) لەڕادیۆی ( دەنگی ژنان) ەوە کردو وتی: " ئێمە وەک رادیۆی دەنگی ژنان مەبەستی



سەرەکیمان خزمەتکردن بە ژن و کێشەی ژنانە، ئینجا لەهەر کەناڵێکی میدیا گرنگی بەو کێشەیە درابێت هەوڵدەدەین سوودی لێوەربگرین و لەڕادیۆکەماندا پێشکەش بە گوێگرانی بکەین، بۆ نموونە گەلێک جار هەواڵ و وتارمان لە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ وەرگرتووە و بڵاومان کردووەتەوە، تا بابەتی سەرنجڕاکێش هەبووە دێباتو گفتوگۆمان لێدروست کردووە، بە تایبەتی بابەتەکانی گۆڕینی ئەو یاسایانەی کە لە بەرژەوەندی ئازادییەکانی ژن بووە، کەچەند ساڵێک لەمەوبەر لە کوردستان ئاڵوگۆڕیان پێکرا، ئەمەو بێجگە لەو هەواڵانەی باس لە رووداوەکانی سووتان و خۆکوشتن و ئازاردانی ژنی کورد دەکەن، ئەمانە لە لایەک، لەلایەکی ترەوە ئێمە هەر تەنیا ئەو جۆرە هەواڵ و وتارانە بڵاوناکەینەوە، بەڵکو هەر رووداوێکی گەرم هاتووەتە پێش، گرنگیمان پێداوە، بۆ نموونە وەک بابەتی ئەمڕۆی عیراق و ناوچەکە، دیارە لەم رووەوەش بابەت و هەواڵ و نووسینمان لە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ وەرگرتووە و لەڕادیۆکەمان بڵاومان کردووەتەوە، هەر ئەم دەرفەتە بەهەلدەزانم و داوا لە ئیدارەی

کوردستانی نوێ دەکەم کە هەوڵبدەن لە ڕێگای پۆست، یاخود هەر ڕێگایەک بۆ ئەوان شیاوە ڕۆژنامەکە ناوە ناوە بۆ کەناڵەکانی ڕاگەیاندنو چەند جێگایەکی وابەستە بەکولتورو میدیادا بنێرن، هەم بۆ ئەرشیڤو هەم بۆ گەڕانەوە بۆ سەر بابەتەکانی".

هەر لەستۆکهۆڵم وەڵامی سەرپەرشتکاری رادیۆیەکی تر وەردەگرین کە (شێرکۆ شاڵی) یە کە پێشکەشکەری بەرنامەکان (سەفین چیایی)یە، ئەو رادیۆیەش رادیۆی (دەنگی کورد) و ڕادیۆی (کۆمەڵەی هونەرە جوانەکانی کورد) ەو بەم شێوەیە وەڵامی پرسیارەکەیان دامەوە: "هەر هەواڵ و نووسین و بابەتێک لەبەرژەوەندی کێشەی ڕەوای نەتەوەکەماندا بێت، ئێمە بە پێخۆشحاڵییەوە بڵاویدەکەینەوە، زۆرجار هەفتانە بۆ ئامادەکردنی بەرنامەکانمان سوودمان لە بابەتەکانی کوردستانی نوێ وەرگرتووە، چونکە خۆتان دەزانن رادیۆکەی ئێمە هەفتەی یەک رۆژ بەرنامەی هەیە و ماوەکەشی دوو کاتژمێرە".

خوێنەری خۆشەویست؛ ئەو چەند رادیۆیەی لەپێشەوە ناومان هێنان، هەر هەموویان لەشاری ستۆکهۆڵم بۆ ستۆکهۆڵم بەرنامەکانیان بڵاودەکەنەوە، واتە رادیۆی لۆکاڵن (محلی) ین تەنیا رادیۆی ( زایەڵە) نەبێت کە ڕادیۆیەکی سەرتاسەرییە، دیارە هێشتا کۆمەڵێک رادیۆی تریش لەستۆکهۆڵم ماون، وەک رادیۆکانی: (ئاشتی، سەردەم، ژنان،..هتد) کە بەرنامەکانیان بەزمانی کوردی بڵاودەکەنەوە.

ئێستاش دەپەڕینەوە بۆ دووەم شاری گەورەی سوید کەشاری (یۆتۆبۆری) یە، لەو شاریشدا کۆمەڵێک رادیۆ هەیە، کە بەرنامەکانیان بە زمانی کوردی بڵاودەکەنەوە. وەک رادیۆکانی: (زێوار، دیالۆگ، کوردستان، هاوپشتی، لاوان، بانگەواز.. هتد)، لەبەر کەمی شوێن و دووبارەبوونەوەی وەڵامەکان تەنیا وەڵامی (مەریوان ئیسماعیلو شەماڵ ئیبراهیم زادە) لەڕادیۆی (دیالۆگ) وەردەگرین: " ئەم رادیۆیەی ئێمە، وەک زۆربەی رادیۆ لۆکاڵیەکانی تر بەرنامەکانی ئاڕاستەکراوە بۆ کوردانی دانیشتووی یۆتۆبۆری و لەو رووەوە هەر بابەتێک سوودمەندبێت ئێمە بڵاوی دەکەینەوە، دیارە رۆژنامەی کوردستانی نوێ یش سەرچاوەیەکی باشە بۆ بەرنامەکانمان، بە تایبەتی هەواڵ و ڕاپۆرتە هەواڵەکان،

تا هەندێک جار بابەتە کورتەکانی بەشی لێکۆڵینەوەش وەردەگرین و جارێکی تر بڵاویان دەکەینەوە، بەڵام حەقیقەتێک هەیە پێویستە باسی بکەین، کە ئەمڕۆ هۆکارەکانی گەیاندن و راگەیاندن زۆر پێشکەوتوون، بۆ نموونە لەکاتی وەرگرتنی هەواڵێک لەکوردستانی نوێ و تا بڵاویدەکەینەوە لەوەدەچێت ئەو رووداوەی هەواڵەکەی لەبەر نووسراوەتەوە چەندان گۆڕانکاری بەسەردا بێت، هەروەها ئێستا رادیۆکەی ئێمە لە کوردستانەوە پەیامنێری تایبەتیی هەیە و لەکاتی پەخشی بەرنامەکانمان راستەوخۆ راپۆرتە هەواڵ و چاوپێکەوتنی خۆی پێشکەش دەکات، بەڵام ئەمانە لە هێزی کوردستانی نوێ وەک سەرچاوەیەکی هەواڵ و نووسین بۆ رادیۆکەمان کەم ناکەنەوە".

شایانی باسە لەشاری (مالمۆ) یش چەند رادیۆیەک بە زمانی کوردی بەرنامەکانیان بڵاودەکەنەوە. بەڵام لێرەدا وەڵامەکان بە کۆتا دێنین.

وەک دەرکەوت رۆژنامەی کوردستانی نوێ، سەرچاوەیەکی گرنگە بەو ئەو رادیۆ کوردییانەی کە لە وڵاتی بەرنامەکانیان پەخش دەکەن.



**سەرنج: ئەم بابەتە رۆژی 2003/1/7**
**لە لاپەڕە 8 ی رۆژنامەی کوردستانی نوێ دابەزیوە.**

# پاشکۆ

**لێرەدا دوو نووسینی جیاواز و ئۆرجینالّی ژمارە سفری رۆژنامەی کوردستانی نوێ بڵاودەکەمەوە.**



**" ئەم دەقەم بە بۆنەی دەرچوونی ژمارە 5000 ی رۆژنامەی کوردستانی نوێ نووسیوە و لە هەمان ژمارەشدا بڵاوبۆتەوە "**

## 5000 حکایەت

ئەو رۆژنامەیە سەرەتا بە تەحەدایەکی گەورە خۆی نمایش کرد و بووە میوانی نیشتمانێک لە خوێن و تۆڵە و بەرگری.

لە سەرەتادا خولیا و و ئارەزوو و وانەکان ئەوەندە جوان و زراڤ بوون هەموومان تێکەڵاو بەو حەرفانە دەبووین کە سەرلەبەیانیان دەبوون بە ئاونگی سەر گوڵەکانی ئاشتی و ئاوەدانی.

ژمارەکانی کوردستانی نوێ گووتیان؛ سەدا و دەنگم دەبێت بە هۆرە و دەچێتە نێو دەفتەری یاداشتەکانتان

ژمارەکان گەورە بوون وەک کوانووی ئەو شاخانەی دوێنی دەرسیان داین و ئەمڕۆش بوونەتە سێبەرێک بۆ هەناسەکانی دیموکراتی.

ژمارەکان، ئەوەندە بەلەنگاز بوون، بوونە دەرووییەک بۆ مێژووی هەمووومان. بوونە چرایەک بۆ بینینی دوێنی و ئەمڕۆی ڕووداوەکان

ژمارەکان سەرکەوتن بۆ گۆیژە و بانگی خۆیان دا و ئەو ناوەیان پڕ کرد لە بۆن و بەرامەی ئەو کێوانەی تا دوێنێ سێبەری هەق بوون

ژمارەکان کۆڵان بە کۆڵانی قەڵا گەڕان و لە بڵندایی سەیری منارەیان کرد و هەر گوێچکەیەکیان کرد بە هەزاران گوێچکە بۆ دنیابینینی ڕووداوەکان.

ژمارەکان بوونە دێوەرە و قەندیلێکیان لە بابەگوڕگوڕ داگیرساند و بوونە حکایەتی ئاشتی و پێکەوە ژیان.

ژمارەکان بۆ دهۆک شۆڕبوونەوە و گووتیان: ئەز دەلالا چاڤێ تەمە.

5000 ژمارە لە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، واتە 5000 حکایەت لە جوانی و سەلیقە و بۆن و بەرامەی کوردەواری

5000 ژمارە لە کوردستانی نوێ واتە؛ 5000 هەوڵ بۆ فۆڕماتکردنەوەی ڕووداوەکان.

5000 هەزاری ڕەسەن...

5000 هەزار دیمەن



لێرەدا هەڵدەکشێین بۆ ئەو باخچانەی دەمێکە بوونەتە خەونی هەمووومان

لێرەدا هەڵدەکشێین بۆ ئەو بنارانەی گوڵی نوێبوونەوەیان گرتووە بۆ کوردستان

لێرەدا بانگ بۆ ژیانێکی نوێ.

بۆ ستایلێکی نوێ

بۆ شێوازێکی نوێ

بۆ چەمکێکی نوێ دەدەین.

لێرەوە کوردستان دەکەین بە کوردستانێکی نوێ

**" ئەم وتارە لە نووسینی رەحمەتی مامۆستا مەحمودی مەلا عززەت- ە کە کاتی خۆی بۆ ئەم کتێبەمی نووسی بوو؛ کوردستانی نوێ یەکەمین رۆژنامەی رۆژانەی راپەڕین، کە لە پێشەکی کتێبەکەدا بڵاوبۆتەوە و ساڵی 2001 چاپکراوە. وەك رێزلێنانێك بۆ مەرگی مامۆستا مەحمود وا جارێکی تر بڵاویدەکەمەوە"**

## پێشەکی

سەبارەت بەوە کە نەتەوەی کورد هەم دابەشکراو و ژێر دەستە بووە و هەم لە هەموو مافەکانی خۆی بێ بەش کراوە، دەرگای ژیانی دیموکراتی و ئازادی و تەنانەت ئاسایشی لەسەر داخراوە و بە درێژایی مێژوو، چەوسانەوە و زوڵم لێکراو بووە.. هەر لەبەر ئەوانەشە کە ئەو سەردەمانەی ژیانی رۆژانە و رۆژنامەگەریێتیان تێدا دەرکەوت، کەم و تەمەنی هەریەکەشیان بە سنوور بووە، بەڵام لەناو ئەوانەدا چەند سەردەمێکیان تا رادەیەک ئاسایی بووە، چونکە



هاوژیانی جۆرێک لە ئازادیی و حوکمی خۆماڵی بوون، بە تایبەتی ژیانی رۆژنامەگەریی وەک هەر دیاردەیەکی تری ژیانی نەتەوە. لە کاتی بوونی قەوارەی خۆماڵی و ئازاددا، گەشە دەکەن، هەر وەک سەردەمەکانی:

- شۆڕش و حوکمی سمایل خانی سمکۆ 1920، لە بەشێکی رۆژهەڵاتی کوردستاندا.
- حوکمداریی و مەڵیکایەتییەکەی شێخ مەحمود بەرزنجی 1918- 1924 و شۆڕشەکانی لە باشووری کوردستان.
- جەمهورییەتی کوردستان لە بەشێکی رۆژهەڵاتی کوردستان 1946/1/22- 1947/12/17
- ساڵانی ئۆتۆنۆمی لە کوردستانی عیراق 1970- 1974
- دواترینیان ئەم حکومەی کوردستانی فیدراڵە لەم رۆژگارەدا، کە لەگەڵیدا ژیانی رۆژانە و رۆژنامەگەریی، بۆ یەکەمجار لە مێژووی نەتەوەکەماندا و بەم جۆرە ژیانی رۆژنامەگەریی یاسایی بەرفراوان و فرە رێباز و ئایدۆلۆجیی ببێت.

لەناویاندا رۆژنامەی کوردستانی نوێ لە هەردوو پارچەکەی کوردستانی فیدراڵدا گەش و تەمەن درێژترینیانە، کە هەم وەک رۆژنامەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

بڵاودەکرێتەوە و هەم کاروبارە حکومەتی و ڕەسمییەکانیش بەسەردەکاتەوە. هەم ڕۆژنامەی جەماوەری بەرینی کوردستانە کە لە داخوازیی و داوای ڕۆژانەیان دەوێ و دەیانخاتە بەرچاوی لێپرسراوان... هەروەها کەموکورتیی دامودەزگا و وەزارەتەکانیش دەخاتەڕوو، بەم شێوەیە ئەوە بۆ یەکەمجارە لە مێژووی نەتەوەکەماندا کورد بتوانێت ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانەی وا گرنگ دەربکات کە:

ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانەی بەردەوام بێ و بێ پەککەوتن و پچڕان دەربچێت، جگە لە کاتی کارەساتە نەتەوەییەکە نەبێت، کە ئەوەش کورت و کەم خایەن و چوار پێنج هەفتەیی بوو.

لەگەڵیشدا تەمەن درێژ بێت و پێی نابێتە تەمەنی دە ساڵییەوە کە بەوەش، بوو بە تاکە ڕۆژنامە کە لە ژێر سایە و سێبەری حوکمی خۆماڵیدا هەم بە ژمارە و هەم بە تەمەنی ساڵەکانی دەربکرێت و کاروانی خەباتی بەردەوام بێت.

لەگەڵ ئەوەشدا کە ڕۆژنامەیەکی حزبیی بێت کەچی لەناو کەشێکی دیموکرات و ئازادیی واقیعبینانەدا ئازادییەکی گونجاو بۆ نووسین و بیروباوەڕی جیاجیای خوێنەران



بڕەخسێنێت و ڕوناکبیر و نووسەر و ئەدیبی باش و خاوەن هەڵوێست لە دەوری خۆی کۆبکاتەوە.

بۆ یەکەمجار وەک وڵاتە پێشکەوتووەکانی جیهان، بە ئامرازی تازە و نوێترین تەکنیکی چاپ، بە کۆمپیوتەر و سکانەر، کارەکانی ئەنجام بدرێن و ڕۆژانە کوردستانی نوێ بە ئینتەرنێت لە دنیای دەرەوەدا پەخشبکرێت و سەدان هەزار کەس لە دەرەوەی وڵات بیخوێننەوە و لە دەنگ و باسەکانی کوردستان ڕاستەوخۆ ئاگادارین.

لە ناوەوە و لە دەرەوەی وڵات چەندین خوێندکاری خوێندنی باڵا، کوردستانی نوێ بکەن بەسەرچاوەیەکی گرنگ و جێگەی متمانە، بۆ لێکۆڵینەوە و نووسین لەسەر ڕووداو و دیاردە و ڕەوتی حکومەتیی و کار و ئەرکەکان.

کوردستانی نوێ جگە لەوەی کە وەک ڕۆژنامەیەکی سیاسیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دەریدەکات، ئەدەب و هونەر وەک پاشکۆیەکی کوردستانی نوێ هەفتانەیە و بە ڕێکوپێکی بڵاودەکرێتەوە.

زیاتریش لەوە پشووی کوردستانی نوێ کە گۆڤارێکی مانگانە و هەمەڕەنگە و جێگەی ڕەزامەندیی خوێنەرانێتیی و بەڕێکوپێکی دەردەکرێت.

ئەم نووسین و لێکۆڵینەوەیەی کاک نەوزاد عەلی ئەحمەد کە بۆ خۆی لە 2000/1/26 لە زانکۆی سلێمانی بڕوانامەی ماستێری لە پەیوەندی ئەدەب و رۆژنامەدا وەرگرت، کەلێنێکی باش پڕ دەکاتەوە هەم بۆ لێکۆڵەر و هەم بۆ نووسەر و ئەو خوێنەرانەی کە دەیانەوێت لە کورتەی مێژووی رۆژنامەی کوردستانی نوێ بگەن.

ئەوەی ئەم باسە والێدەکات کە گرنگییەکی تایبەتی تری هەبێت ئەوەیە کە نووسینەکە دەبێتە سەرچاوەیەکی تری باس و لێکۆڵینەوە لەسەر کوردستانی نوێ، بە تایبەتی لێکۆڵەر سەرجەمی رۆژنامەکەی لەناو ئەم بەشانەدا پۆلێن و باسکردووە، جگە لەسەر قەڵەمی سەرەتا کە وەک پێشەکی و چوونە ناو باسەکانەوە هەر لەسەرەتاوە لەسەر دەسپێک و گەشەکردنەکانی دواوە، تەنانەت باری تەکنیک و رەنگەکانی رۆژنامەکەی لەسەردەمە جیاجیاکاندا بەسەرکردۆتەوە و یەکەیەکە لاپەڕە و بەش و پاشکۆ و پشووی کوردستانی نوێی لە باسەکەدا تێهەڵکێش کردووە.

کەرەسەی سەرەتایی سەرەتای دەرکردنی کوردستانی نوێ لە کاغەز و مەرەکەبەوە تا ئامرازەکانی ئەم سەردەمە و



گەشەکردنەکەی سەردەمی کۆمپیوتەر و ئینتەنێت و پەرەسەندنەکانی تری باس کردووە.

دیسان نووسەر رووناکیی دەخاتە سەر گۆڕانەکان لە " سەرنووسەر، جێگر و بەڕێوەبەری نووسین، نووسینگەکان"

لە بەشێکی دیکەیدا چەندین پرسیاری لەسەر ئەوەی " ئایا کوردستانی نوێ بۆتە قوتابخانەیەکی رۆژنامەگەریی کوردی؟" ، " کوردستانی نوێ بۆ رۆژنامەیەکی سیاسییە؟ " خستۆتە بەرچاو. هەروەها زمانی سیاسی رۆژنامەکە و جۆری داڕشتنی هەواڵ و ڕیپۆرتاج و هونەری رۆژنامەگەری ئەرشیف و ... هتد بەسەرکردۆتەوە. ئەوانە هەمووی پێکەوە بایەخی لێکۆڵینەوەکەی زیاد کردووە.

بەرهەمەکەش بۆ خۆی یەکەم ئەزموونە کە لەسەر کوردستانی نوێ کرابێت، سەرەڕای ئەوەی کە ئەم نوسینە دەبێتە سەرچاوەیەکی بە نرخ بۆ لێکۆڵەرەوانی ئەو بوارە، جێی خۆشی لە کتێبخانەی کوردیدا دەکاتەوە.

**مەحموود مەلا عززەت**

**سەرنووسەری رۆژنامەی کوردستانی نوێ**



نامەیەک لە مستەر میجەرەوە بۆ بەرێز مام جەلال

# کوردستانی نوێ

NEW KURDISTAN

رۆژنامەیەکی سیاسی رۆژانەیە

Daily News Paper – Sunday 1992 [VOL-1] (No.0) ARBIL-KURDISTAN – IRAQ

بەرێز مام جەلال:

## نێوان یەکێتی و پارتی لەهەموو رۆژێک بەهێزترەو کورد تووشی براکوژی نابێتەوە

سەروتار



کوردستانی نوێ

## نێوان رژێمی کیمیاوی و سیستەمی جیهانی نوێ N.W.O

نووسینی: حوسێن سنجاری

نوکتە !!!

204

203

# لە هەولێر چۆن ئازووقە دابەش دەکرێ

نزیکەی مانگ و نیوێکە کۆمەڵەی فریاکەوتنی کوردستان سەرقاڵی دابەشکردنی ئازووقەیە لەشاری هەولێر، ...

زانکۆش دابین کراوە، جاتاسایە ئەوەی وەریگرتبێت گلەیی ناکات. ...

دلشاد مەجید

پەیامنێری کوردستانی نوێ

# پۆلیسی هەولێرو داهێنانێکی نوێ

بە ڕێوە بە رایەتی هەولێر ، بۆ چە سپاندنی زمانی کوردی لەنووسراوو بەڵگەنامە رەسمییەکاندا، هەنگاوێکی شۆڕشگێڕانەیان ناوە، کە بەراستی لەقۆناغی ئێستادا لەلایەن هەڵوێستێکی جوامێرانەی ترە بۆ ...

جێ بەجێی بکەین، فەرمانی رەسمییمان بەژمارە (٩٨٠٧) لەڕێکی (١٩٩١/١٢/٤)یە بوو کەبریتی بوو لەم دوو برگەی خوارەوە:

١- نووسراوەکانمان بەزمانی کوردییە لەتیمریۆوە.

٢- ئە و نووسراوانەی خۆیان بیان وێنە یان ...

●

پەیامنێری کوردستانی نوێ لە هەولێر

●

## ● دزە روو زە ردە کان !! ●

...

## ● روون کردنەوەیەک لەرۆژنامەی -راپەرین-ەوە ●

...

١- اسعد قادر گۆزی

٢- کاک کاروان

ئازاد جندیانی — سەرنووسەری راپەرین

مەولود ئیبراهیم — سکرتێری نووسینی راپەرین

## مەڵبەندی مەشق کردن لەهەولێر

ئێستا لەمەڵبەندی مەشق کردنی بەکۆمەڵی کوردستان لەهەولێر، خولی دووەمی مەشق پێکردنی هێزی (٦٠)مەشق هەولێر ...

بەردەوامە بەپەیرەوکردنی شێوازی نوێی مەشق پێکردن و بەکارهێنانی هەموو جۆرە چەکێکی سووک و قورس، ئەمەش بۆ خۆسازدان و ئامادەکردن و بنیات نانی لەشکرێکی سوپای رێک و پێکی کورد.

## مژدە یەک

ئاگاداری جە ماوەری بێ بە نزیکی شاری هەولێرو هێزی پێشمەرگەی کوردستان دەکەین کەبەنزینخانەیەکی نوێ لەسەر جادەی شەستی بەرامبەر بە (جمعیە الشقە السکنیە/ الاسکان) کراوەتەوە، بەناوی بەنزینخانەی (ئابلۆقەی ئابووری) ئینجا ئەو کەسەی کەدەیەوێ بەنزین وەرگرێ لەم بەنزینخانەیە، دەبێ ئەم خاڵانەی خوارەوە رەچاوبکات.

ئەوەشی سەرپێچی بکات بەتوندی سزا دەدرێ:

١- ئابێ ریز بکرێت.

٢- دەبێ پومپی بەنزینەکەی (تانکی ئۆتۆمبیل) بەدەم بمژێ تا بەنزینەکە دێتە دەرێ.

٣- دەبێ دەبەیەک و دوو مەتر سۆندەی پێ بێ.

٤- (٥)لیترکەی بە (١٣)دینارو ئەو کەسەی کەدەشیکرێ دەبێ بلێ زۆر سوپاس و سێ جارمش بکاتەوە. پاش پارەدان.

٥- گرنگترین خاسیەتی ئەم بەنزینخانەیە ئەوەیە کەشەو و رۆژ بەنزینی لێ نابرێ، تو ئەو خوایە ئاگادارین !!



## راپانگرن!!

وەکو دەبینین و دەزانین، ئێستا لەسەر شۆستەو شەقامی شارو شارۆچکەو رێگەو بانەکانی کوردستانی ئازاد کراو، خواردنێکی قوتوکراوی زۆر بەئاشکرا دەفرۆشرێ، ئەگەرچی ئەم قوتوانەش لەسەریان نووسراوە (نافرۆشرێ).

دیارە ئەم خواردنانەش یارمەتی ئەو وڵات و پارت و رێکخراوو لایەنە خێرخوازو مرۆڤ دۆستانەیە کەپاش مردنی هەزاران ژن و منداڵ و پیرو پەککەوتەی کوردستان لەبرسان و لەسەرمان بەبەرچاوی خەڵکەوە دەمرن، بۆ کوردستانیان ناردووە ...



# لەبارەی مێژووی کوردەوە

کتێبی (خەباتی کورد لەمێژوودا) یا وەک داتەرەکەی کە بتەین شێخ ا. وحید ناوی ناوە kurd and Their country واتا کوردو وڵاتەکەیان ساڵی ١٩٥٥ بەزمانی ئینگلیزی لەچاپ دراوەو لەلایەن نووسەری ئەم ...

...

کەریم سۆران

١٩٩١/١٢/٢٤

●

– نووسەر مەتحان –

## لەمەوڵا!!

لەبیست ڕۆژ ئازادی یەکەی بەهاری ئەمساڵ لەشاری هەولێر لەرکات بارەگاو بنکەیەکی نێزی پێشمەرگە لەنێو شاردابوو، برایێکی ئێیرسراو- لەیەکێ لەبارەگاکان بۆی گێڕامەوەو گوتی: (پاش ئیومیێک ئێرەکە چۆڵ بوو،

"ئافرەت"ێک خۆی کرد بەژووردا دەرگاکەی بەحەوای خۆیدا داخست!! ئافرەتەکە ئەمەنی لەدەوری چل ساڵ دادەبوو

گوتی: ماموستا ئیشێکم هەیە!.

وتم: فەرموو خوشکە.

...

مەولود ئیبراهیم حەسەن

١٩٩١/١٠ هەولێر

## ○ جەوهەر کرمانج ○ شار

...

# هیلدرلین

Holderlin

١٨٤٣–١٧٧٠

○

وەرگێڕانی

کەریم دەشتی

○

هیلدەرلین لەساڵی ١٧٧٠ لەشاری لاوفن لەدایک بووە یەکێک لەشاعیرە بەهێزەکانی ژیرمەنی کەهەموو ژیانی خۆی تەرخان کرد لەگەڕان بەدوای نموونە بەرزەکانی ژیان.

لەبارەی ئەم شاعیرەوە هایدیجر دەڵێت– هیلدرلین جەوهەری شیعرە ژیانی هیلدرلین هەموو ئازارو نەهامەتی بوو، ژیانی لای ئەو تەنها شیعر بوو، شیعریش ژیان، بۆیە شیعر تەنها ماڵی ئەم شاعیرە بوو، قەدەری ئەو بوو، لەساڵی ١٧٩٧دا رۆمانی – هیپریون–ی نووسی (واتە رێوانی نیشتمانی یۆنان)

## نان و شەراب

(١)

شار هێمنی دایگرتووە، رێگەو بانیش کپ هەنگەر داشقەی بە مەشخەل رازاوە، گرمەیان دێ و بڕاونەتە نێو رێگاوە

ئەو پیاوانەی تێری خۆشی رۆژێ بوونە دەگەرێنەوە ماڵەکانیان تا وەحەسێن..

...

● پاشماوەی: سەرووتار....

## ئاهەنگی ئازەدانكردنەوە



## پیرۆزبایی

مژدەو ئاگاداری

بۆ وەرزشكاران و وەرزش دۆستان

؟؟؟

● پاشماوەی: لەمستەر میچمەرەوە...

● پاشماوەی: قسەكردنیكی ئەمریكی...

● پاشماوەی: هیلدرێن...

● پاشماوەی: نوكتە

*پاشماوەی جیڤەری نارێجن......





## و شەو مانا

بەدەر لەوەی كە رۆژنامە ئەمڕۆ بووە بە زانستێك و ئەدائەت هێزێكی بەرچاو، كە دەورێكی دیاری لە ژیانی گەلاندا هەمیەر رووبەكی دیاری راگەیاندنیشە، شان بەشانی خەباتی چەكدار لە بزووتنەوە رزگاریخوازەكانی دنیادا دەرێی دا بووە...

## فاروق صالحجی ئەم گیان فیدایە گەل بە ئامانجەكانی دەگەیەنێ..



كتێبخانەی كوردستانی نوێ

## كورد لە لوبنان و سوریادا

## یادی رێزلێنانی ئەدیب و مامۆستای ئەمر (فەرەیدون عەلی ئەمین)

نووسینگەی سلێمانی رۆژنامەی كوردستانی نوێ

شێرکۆ بێكەس لە دوو كۆردا

## كولتوری منداڵان





## چاپكراوی منداڵان

پەرەسێلكە

فەرهەنگی وێنەدار

بەرە



جیرۆكی كژەكان

● مام زۆراب ●

## دیوانی كورد

## بانكەواز

رۆژنامەی كوردستانی نوێ

كوردستانی نوێ
رۆژنامەیەكی سیاسی رۆژانەیە
یەكێتی نیشتمانی كوردستان دەری دەكا

سەرنووسەر ○ نەوشیروان مستەفا

سكرتێری نووسین ○ ئازاد جندیانی

ناونیشان: هەولێر - نزیكی بارەگای بەدرەی كوردستانی
رۆژنامەی كوردستانی نوێ
تەلەفۆن: ٢٠١٦٦

## له كتێبه چاپكراوەكانی نەوزاد عەلی ئەحمەد

1- پۆلووی ژووری نووتەك، شیعر، بەغدا- 1985
2- ساكەدەشت، شیعر، بە یارمەتی ئەمێنداریێتی گشتی رۆشنبیری و لاوان، بەغدا-1988
3- مرۆڤو تابووت، شیعر، هەولێر-1991
4- یەكێتی نووسەرانی كورد یان یەكێتی نووسەرانی كوردستان، لێكۆڵینەوە، هەولێر-1991
5- بازنەكانی مردن، شیعرێكی درێژ، هەولێر-1993
6- پاڵتۆی حزب، شیعر، هەولێر-1995
7- بەرەو سەرەتا، لێكۆڵینەوە، پرۆژەی زاموا، سلێمانی-1998
8- بیبلیۆگرافیای هەردوو گۆڤاری نووسەری كوردو نووسەری كوردستان، بە هاوكاری یاسین قادر بەرزنجی، وەزارەتی رۆشنبیری، سلێمانی-1998
9- كێشەی ئاو لە رۆژهەڵاتی ناوەراستدا، لێكۆڵینەوە- ئامادەكردن، بەشی روناكبیری، سلێمانی- 1998
10- منداڵو ئەدەب، لێكۆڵینەوە، چاپی یەكەم، سلێمانی-1998. چاپی دووەم، سلێمانی-2006
11- شەبەك (مێژوو، ئاین، سەرژمێر) لێكۆڵینەوە- وەرگێران، بەشی روناكبیری، سلێمانی-1999
12- گۆڤاری گزنگ- لێكۆڵینەوەو بیبلیۆگرافیا، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی-1999



13- مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد و رۆژنامەی خەبات، لێكۆڵینەوە، سلێمانی-2000
14- كوردستانی نوێ- یەكەمین رۆژنامەی رۆژانەی راپەرین، لێكۆڵینەوە، بڵاوكراوەكانی رۆژنامەی كوردستانی نوێ، سلێمانی-2001
15 شۆرشی رۆژنامە- رۆژنامەی شۆرش، لێكۆڵینەوە، كۆمەڵەی خوێندكارانی كوردستان، سلێمانی-2001
16- رابەری رۆژنامەگەریی نهێنی كوردی1961-1991، بیبلیۆگرافیا، وەزارەتی رۆشنبیری، سلێمانی-2001
17- رۆژنامەی كورد- رۆژنامەی سێپتەمبەر، لێكۆڵینەوە، سلێمانی-2002
18- رۆژنامە و جەنگ، وتار، سلێمانی-2003
19- رۆژنامەگەریی یەكێتیی نیشتمانیی كوردستان لە دەرەوەی كوردستان، لێكۆڵینەوە، لە بڵاوكراوەكانی رۆژنامەی كوردستانی نوێ، سلێمانی-2004
20- رابەری رۆژنامەگەریی نهێنی كوردی 1923-1960، بەرێوەبەرایەتی چاپ و بڵاوكردنەوە، سلێمانی-2004
21- كێشەی ویلایەتی موسڵ لە دوو رۆژنامەی سلێمانیدا، لێكۆڵینەوە، شارەوانی سلێمانی، سلێمانی-2004
22- هونەرەكانی ئەدەب لە رۆژنامەگەریی نهێنی كوردیدا 1961-1991، كتێبی روناكبیری، سلێمانی-2005
23- رۆژنامە لە كتێبدا، بەرگی یەكەم، لێكۆڵینەوە، بەرێوەبەرایەتی چاپ و بڵاوكردنەوە، سلێمانی- 2008

24- رۆژنامەگەریی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا و ئەمریکادا 1949- 1990، سەنتەری کوردۆلۆجی، سلێمانی- 2008
25- ئەرشیفکردنی وێنە لە بواری راگەیاندن و رۆژنامەگەریی، عامر ئیبراهیم قەندیلچی، وەرگێڕان، خانەی وەرگێڕان، سلێمانی- 2008
26- خەبات ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستان، بنکەی ژین، سلێمانی 2008
27- ئەستێرە.. یەکەمین گۆڤاری نهێنی بۆ منداڵانی کورد، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای ناوەندی راگەیاندنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، کەرکوک 2008
28- پارتی دیموکراتی کوردستان لە نێوان کوتەک و تەسلیم بووندا، دوو بەڵگەنامە، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپی بەدرخان، هەولێر 2009
29- الصحافة الاتحاد الوطني الكردستاني في اوروپا 1976- 1983، مركز ژين، سليمانية 2009
30- کۆمەڵێک بەڵگەنامەی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا 1963- 1973، بنکەی ژین، سلێمانی 2009
31- رۆژنامە لە کتێبدا، بەرگی دووەم، لێکۆڵینەوە، بەڕێوەبەرایەتی چاپ و بڵاوکردنەوە، سلێمانی 2009
32- صحافة الحزب الديمقراطي الكردستاني، خارج الوطن " في الاشهر الأخيرة من ثورة أيلول "، مركز ژين، السليمانية 2010
33- پشکۆیەک لە خۆڵەمێشدا- بەشێکی گرنگ لە ژیاننامەی هۆمەر شێخمووس، سوید 2010



34- سەرەتای کاروانەکە، لە بڵاوکراوەکانی رۆژنامەی کوردستانی نوێ، سلێمانی 2011
35- مافی چارەی خۆنووسین لە ئەدەبیاتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا، ئەکادیمیای هوشیاری و پێگەیاندنی کادران، سلێمانی 2011
36- هەواڵنامەی کوردستانی عیراق، ئەکادیمیای هوشیاری و پێگەیاندنی کادران، سلێمانی 2011
37- خەبات، لسان الحزب الديمقراطي الكردستاني- جناح المكتب السياسي، السويد 2011
38- کوردستان، گۆڤاری کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد 1958-1974، پڕۆژەی هاوبەشی ئەکادیمیای هوشیاری و بنکەی ژین، سلێمانی 2011
39- ئاڵا، بڵاوکراوەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان/ ئەمریکای باکوور، ئەکادیمیای هوشیاری و پێگەیاندنی کادیران. سلێمانی 2011
40- کتێبێکی تر بۆ رۆژنامەی کوردستانی نوێ، لە بڵاوکراوەکانی رۆژنامەی کوردستانی نوێ. سلێمانی 2011



## نەوزاد عەلی ئەحمەد

ساڵی **1964** لە شاری هەولێر لە دایك بووە. قۆناغەکانی خوێندنی بە زانکۆشەوە لە هەولێر تەواو کردووە. ساڵی **2000** لە زانکۆی سلێمانی ماستەری لە بابەتێکدا بە ناونیشانی " هونەرەکانی ئەدەب لە رۆژنامەگەریی نهێنیی کوردی **1961_ 1991** " وەرگرتووە.

بە هۆی دووچاربوونی بە نەخۆشی ساڵی **2001** رووی لە وڵاتی سوید کردووە، سەرەڕای ئەوەی لەژێر کۆنترۆڵی پزیشك دابووە، بەڵام دەستی بە خوێندن کردۆتەوە و قۆناغی ئامادەیی لەوێش تەواو کردووە و وا بڕیاربوو ئەمساڵ لە زانکۆ دەوام بکات، بەڵام پێ ی باشتر بوو بۆ کوردستان بگەڕێتەوە و لێرەدا بە دوای کاردا بگەڕێت.